










– ده قۆناخی جینۆسایدی هیندییه "سوورەکانی" ئەمریکا

– کاروانی فرمێسک، تراجیدیای جینۆسایدی هیندییه سوورەکانی ئەمریکا

–کاتێ ئەمریکییه ڕەسەنەکان بەناوی "شارستانییەتەوە" سەردەبڕان

– کاتێ ئەمریکییه ڕەسەنەکان بەناوی "شارستانییەتەوە" سەردەبڕان

لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

https://serchawe.com

# ناوەرۆک:

* ده قۆناخی جینۆسایدی هیندییە "سوورەکانی" ئەمریکا ................ لاپەڕەی ........... ٤

- تێبینیی وەگێڕ...
- کورتەیەک...
- کەیسێک بۆ جینۆسایدی هیندیی ئەمریکی...
- مامەڵەکردنی ئەمریکا بۆ کێشەی هیندییەکان...
- ڕێککەوتنەکانی نێوان یەکسانەکان ١٧٨٧ تا ١٨٢٨...
- ڕاگواستن و مۆڵگەکانی پارێزگاری، ١٨٢٨ تا ١٨٨٧...
- تەرخانکردن و ئاسیمیلەکردن ١٨٨٧ - ١٩٣٤...
- ڕێکخستنەوەی هیندییەکان لە ساڵی ١٩٢٨ تا ١٩٥٣...
- کۆتاییهێنان و گواستنەوە لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ ١٩٦٨...
- بڕیاری چارەی خۆنووسین، ١٩٦٨ تا ئەمڕۆ...
- تەندروستیی ڕەفتاریی هیندییە ئەمریکییەکان و خۆشگوزەرانی...
- ئەنجام...

* کاروانی فرمێسک، تراجیدیای جینۆسایدی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا ................ لاپەڕەی ........... ٣٦

- خێڵی چێرۆکی: دوو نیشتمان و یەک میللەت...
- ناوچەی تاهلێکوا - ئۆکلاهۆما - ژمارەی دانیشتوان: دە هەزار و چوارسەد کەس...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- بەم جۆرە کەوتنە لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی وڵاتی چێرۆکی ...
- کاروانی فرمێسک The Trail of Tears...
- بەکورتی مێژووی ڕاگواستنەکە بەم جۆرە بوو...

* کاتێ ئەمریکییە ڕەسەنەکان بەناوی "شارستانییەتەوە" سەردەبڕان ................ لاپەڕەی ............ ٤٦

- کوشتاری گنادێنهوتن...
- شەڕی تیپیکانۆی...
- جەنگی کریک...
- ڕاگواستنی زۆرەملێ...
- لەسێدارەدانەکانی مانکاتۆ...
- کوشتاری ساند کریک...
- لەشکرکێشییەکانی کەستەر...
- کوشتاری وۆندد نی (ئەژنۆی بریندار)...
- نەرمی نواندن و بەرگەگرتن...


* هۆڵۆکۆستی 'هیندییە سوورەکان' لەساڵی ١٤٩٢ تا ئێستا ................ لاپەڕەی ............ ٥٤





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ده قۆناخی جینۆسایدی هیندییه "سوورەکانی" ئەمریکا



**لێکۆڵینەوەی: سوزان چاوێز کامیرۆن – سەرچاوەی تەندروستی کۆمەڵگەی نەتەوە یەکەمەکان، ئەمریکا**
**لۆن ت. پلان – زانکۆی نیوهامپشایەر**

**لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

**تێبینیی وەگێڕ:**

زاراوەی هیندییە ئەمریکییەکان، مەبەست خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتەیە کە لە پێش دۆزینەوەی هەردوو کیشوەری ئەمریکا لەو وڵاتە نیشتەجێبوون. ئەمانە خێڵ یان گەلی جۆراوجۆرن وەک: چێرۆکی، ئەباچی، چۆکتاو، ناڤاجۆ، سێمینۆڵ .. تاد. دواتر ئەوروپییە سپپێستەکان کە بە لێشاو ڕوویانکردە ئەم دوو کیشوەرە و تەنگیان بەم خەڵکە ڕەسەنە هەڵچنی، بەگشتی ناوی هیندییە ئەمریکییەکان یان هیندییە سوورەکانیان لێنان(American Indians, Red Indians) ، چونکە کاتێ کۆڵۆمبس لە ساڵی ١٤٩٢دا ڕێی لەم کیشوەرە کەوتووە وایزانیوە بەشێکە لە هیندستان و لەبەر ئەوە ناوی هیندییان لە خەڵکە ڕەسەنە نیشتەجێکەی ناوە و سەردەمانی دواتر کە ڕوونبووەوە ئێرە هیندستان نییە، سپپێستە ئەوروپییە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

داگیرکەرەکـان ئەم نـاوی هینـدییەیان هەر هێشـتەوە بـۆ نیشـتەجێ ڕەسـەنەکان و تـا ئێسـتاش لە ئەدەبیاتیانـدا هەر وا ڕۆیشتووە، دەنا ئەوانە بە هیچ جۆرێک نە هیندین و نە خەڵکی هیندستانن، بەڵکوو لە ئەدەبیاتی ڕۆژاوادا بە هینـدیی یـان هینـدیی سوور و خەڵکی ڕەسەن یـان ئەبۆرجینـاڵ ناویـان دێت و ئەمی دواییـان زیـاتر بـۆ گەلە ڕەسەنەکانی ئوستراليا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەکاردێت. بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر لە هەر شوێنێکی ئەم باسەدا ناوی ئەمریکا هاتبێت مەبەست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

## کورتەیەک

بـۆ ئەوەی باشتر خزمەت بە دانیشـتووانی هینـدییە ئەمریکییەکـان بکرێت، زۆر گـرنگە بـۆ پەروەردەکـاران و لەنێویانـدا کەسـانی پرۆفێشـناڵی بوارەکـانی هاوکـاری و یارمەتیـدان، بـۆ ئەوەی تێـبگەن کە چـۆن حکـوومەتی فیـدراڵیی ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا شەش ستراتیجی جیاوازی بۆ چارەسەرکردنی "کێشەی هینـدییەکانی ئەمریکـا" گرتـووەتەبەر. بەکارهێنـانی دە قۆنـاخی جینۆسـاید لەلایەن ستانتۆنەوە (٢٠١٣)، (مەبەست گریگۆری ستانتۆنە Grigory Stanton، کە ئێستا بەرپرسی ڕێکخراوی جینۆسـاید وۆچی نێودەوڵەتییە و خەڵکی ئەمریکـایە - وەرگێـڕ)، نووسـەران و کتێب دانەران بەدواداچوون بـۆ هۆڵۆکۆست و جینۆسـایدی هینـدییە ئەمریکییەکـان و کاریگەرییەکانیـان لەسـەر بوارە ڕەفتارییەکانی تەندروستی و ژیان و گوزەرانی هیندییەکان یان خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکی دەکەن. مەبەست لەم باسە فراوانکـردن و قـووڵکردنەوەی دید و بۆچـوونی پەروەردەکـارانە بە شێوەیەک کەوا کـاریگەریی لەسـەر ڕاهینـان و مـامەڵەی پیشەیی ئەوان هەبێت لەگەڵ ئەو دانیشتووانەی هیندیی ئەمریکیدا کە خزمەتیان دەکەن.

زاراوەی "جینۆساید" پێش جەنگی جیهانیی دووەم بوونی نەبووە. ڕافایل لێمکین، کە جوولەکەیەکی پۆڵەنـدیی پەنـابەر بـوو، وشەی یۆنانیی بۆ ڕەگەز، توخم یان خێڵ "genos" لەگەڵ ڕەگی لاتینی بـۆ کوشتن "- cide" تـێکەڵ کردووە و وشەیەکی نوێ "جینۆساید "genocide" لێ پێکهـاتووە. بە پێـی لێمکین (١٩٤٤)، کە ویستوویەتی لە تـاکە وشەیەکدا وەسفی بکـات نەک تەنها "هەڵوەشـاندنەوەی دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکـان، لە کولتـوور، زمـان، هەستی نەتەوەیی، ئـایین" بەڵام لەگەڵ "بـوونی ئـابووریی گرووپە نەتەوەییەکـان، تێکشکاندنی ئاسایشی کەسی، ئـازادی، تەندروستی، شکۆ و کەرامەت و تەنانەت ژیانی تاکەکانی سەر بەو جۆرە گرووپانەش" (ل؛ ٧٩).

ئاخۆ هیندییە ئەمریکییەکان ئەزموونی جینۆسایدیان کردووە یـان نـا، کە ئەمەیـان مشتومڕێکی گەرمی لەسەرە. ئەندەرسن (٢٠١٤) بە شێوەیەکی پۆلێنبەندی ڕایدەگەیەنێت، کەوا "جینۆسـاید لە ئەمریکـادا ڕووی نەداوە" (ل ١٣)، لەجیاتیدا ئەوەی بەسەر هیندییەکاندا هات ئەو وەک "پاکتاوکردنی ئیتنیکی" پۆلێنی دەکات. ئەندەرسن بۆیە لەم مەسەلەیەدا ناکۆکە چونکە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە ڕای ئەو "زۆرێک لە خێڵە هیندییەکان (لەڕاستیدا زۆرینەی ڕەهاش) لە ژیاندا مانەوە، بە کولتوورەکەشیانەوە" (ل ١١)، بۆیە مەحاڵە بانگەشەی ئەوە بکەین کە هیندییە ئەمریکییەکان تووشی هیچ جۆرە جینۆسایدێک بوویێتنەوە. لە بەرامبەردا، وۆڵف (٢٠٠٦) پێداگری لەوە دەکات کە هیندییەکان تەنها قوربانیی بەدبەختیی "مەیلی نیشتەجێکانی کۆلۆنیالیزم" بوون (ل. ٣٨٧)، واتە "پاڵنەری سەرەکی بۆ نەهێشتنی ڕەگەز نەبووە ... بەڵکوو دەستڕاگەیشتن بووە بە خاک" (ل ٣٨٨). سەرەڕای ئەوەش، وۆڵف دەڵێت هەرچەندە کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێبووان دەرخستنی جینۆساید بووە، بەڵام خۆی جینۆساید نەبووە. بە پێچەوانەوە، ستانارد (١٩٩٢) هۆکارەکەی بەوە لەقەڵەم دەدا کەوا گەلە ڕەسەنەکان وەک جوولەکەکانی ئەورووپا، بەهۆی "شاڵاوەکانی جینۆسایدەوە" مردوون و وەک جوولەکەکانی ئەورووپاش "بەهۆی بەکارهێنانی نەخۆشی و بەدخۆراکی و پشتگوێخستن و' شێوازی بێشوماری تری ترسناکەوە' لەناوچوون" (ل ٢٥٥).

مەبەست لەم پەیپەرە باسە ئەوەیە ڕا و بۆچوونێک بدرێت کەوا هیندییە ئەمریکییەکان قوربانیی جینۆساید بوون. بە پشتبەستن بەو شەش ستراتیجییەی کە حکوومەتی فیدراڵیی ئەمریکا بەکاری هێناوە بۆ چارەسەرکردنی "کێشەی هیندییەکان"، حکوومەتی فیدراڵی سیستەمێکی بیرۆکراتی و سپۆنسەری دەوڵەتی دروستکرد بۆ لەناوبردنی بنەما سەرەکییەکانی ژیانی هیندیی ئەمریکی. نووسەران جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم ستراتیجییانە، لە بەشێکدا، لە قاڵب داوە و بەردەوامە لە کاریگەری دانان لەسەر تەندروستی و خۆشگوزەرانیی ڕەفتاری گەلانی ڕەسەنی هاوچەرخ.

## کەیسێک بۆ جینۆسایدی هیندیی ئەمریکی

لە ساڵی ١٩٤٨دا، لەگەڵ دامەزراندنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید (پەیماننامەی جینۆساید)، دوو بڕیاری یاسایی نوێ و جیاواز پێناسەکان پەسەند کران - "تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی" و "جینۆساید" (ساندس، ٢٠١٣). پەسەندکرا و وشە بە وشە لەلایەن دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی (یاسای ڕۆما، ١٩٩٨)، ئەم زاراوە و پێناسانە لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە ڕێگەی پەیماننامەی نێودەوڵەتییەوە وەک یاسا وەرگیراون. تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، کە بریتین لە پاکتاوی نەتەوەیی، کوشتنی بەرفراوانی تاکەکان دەگرێتەوە، وەک لە کاتی جەنگەکانی یوگۆسلاڤیا لە ساڵانی ١٩٩٠کاندا، و بە تاوانێکی کەمتر دادەنرێت بە بەراورد بە جینۆساید. هەرچەندە هەموو کردەوەیەکی جینۆساید تاوانێکە دژی مرۆڤایەتییە، پێچەوانەکەی ڕاست نییە. جینۆساید جەخت لەسەر گرووپ دەکاتەوە ناسنامە و ئەندامێتی گرووپ و پێویستی بە بەڵگەی نیاز و مەبەستی تایبەت هەیە. لە موحازەرەیەکدا کە ساندز پێشکەشی کردووە (٢٠١٣)، ڕایگەیاندووە کە "تەنها کردەوەی کوشتن و تەنانەت بە ژمارەیەکی زۆر زۆریش بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی کردەوەی جینۆساید [هەرچەندە] ئەوەی پێویستت پێیەتی بەڵگەیە، بەڵگەیە لەسەر نیازی کوشتن بە تەواوی یان بەشێک".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەپێی ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی جینۆساید:**

جینۆساید واتە هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوە کە بە مەبەستی لەناوبردنی ئەنجامدراوە، بە تەواوی یان بەشێک، گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ڕەگەزی یان ئایینی، وەک:

ئە- کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە.
ب- زیانگەیاندنی گەورەی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گرووپەکە.
ج- بە ئەنقەست سەپاندنی ئەو مەرجانەی ژیان بەسەر گرووپەکەدا کە مەبەستە.
د - لەناوبردنی فیزیکی یان جەستەیی گرووپەکە، بە تەواوی یان بەشێکی.
ها- سەپاندنی هەندێ ڕێوشوێن بە مەبەستی ڕێگریکردنی لەدایکبوون لە ناو گرووپەکەدا.
و- گواستنەوەی منداڵان بە زۆر بۆ گرووپێکی تر.

زۆرێک لەو شێواز و کارانەی کە حکوومەتی فیدراڵی بەکاری دەهێنێت بە ڕوونی بە مەبەستی هێنانەدی لەناوبردنی، چ بە تەواوی و چ بەشێکی، لە خەڵکی ڕەسەن ئەنجامدرا خەڵک (پەیمانگای بررووکینگ، ١٩٢٨؛ فیر - سیگال، ٢٠٠٧؛ جاکسن، ١٩٩٣؛ مادلی، ٢٠٠٩؛ ڕوتێکی، ٢٠٠٧؛ ٢٠١٠). هیندییەکان نەک لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک تاک بوون کوژران و لەناوبران، کە ئەمەش ئەوەیە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی یان پاکتاوی نەتەوەیی پێناسە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەندامی گرووپێک بوون، کە لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگە یان کۆمیونیتییە خێڵەکییەکان دەگرێتەوە. لێمکین لە کتێبی "بنەمای هاوپەیمانیدا" (١٩٤٤)، بە ڕوونی باس لەوە دەکات کەوا کردەوەی جینۆساید پێویستی بە نەهێشتنی جەستەیی گرووپێکی ئیتنیکیی یان ئایینی نییە، وەک ئەوەی ئەندەرسن ئاماژەی پێدەکات (٢٠١٤)، بەڵکوو تەنها کردارەکان بە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێکی ئەو گرووپە خەڵکەیە. لێمکین مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکات کە جینۆساید کاتێک ڕوودەدات کە گرووپێکی ئیتنیکی لە ناسنامەی کولتووریی خۆی بێبەش دەکرێت. وەک ڕوونی کردووەتەوە "ئەوە چەندین سەدە و هەندێکجاریش هەزاران ساڵ دەخایەنێت بۆ دروستکردنی کولتوورێکی سروشتی، بەڵام جینۆساید دەتوانێت لەناوبردنی کولتوورێک لە یەک کاتدا ئەنجام بدات، وەک چۆن ئاگرێک دەتوانێت بینایەک وێران بکات لە ماوەی کاتژمێرێکدا" (لێمکین، وەک لە پاوەر وەرگیراوە، ٢٠٠٢).

دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی جینۆساید ووچ، گریگۆری ستانتۆن، ڕایگەیاندووە کە جینۆساید تاقە یەک کردار و یەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێڵیش نییە، بەڵکوو بە زنجیرەیەک قۆناخ ڕوودەدات. بە پشتبەستن بە کارەکانی لەسەر جینۆسایدەکانی کەمبۆدیا و ڕواندا، لە ساڵی ١٩٩٦دا ستانتۆن پەیپەرە باسێکی پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد بۆ خستنەڕووی هەشت قۆناخەکەی جینۆساید، ئاماژە بەوە دەکات کە جینۆسایدەکان لە هەمان شێوازدا ڕوودەدەن (لەو کاتە بەدواوە ئەم مۆدێلە فراوانتر بووە بۆ دە قۆناخ). دوای ماوەیەکی کەم لە تەواوکردنی ئەم پێشکەشکردنە، لە کاتی جینۆسایدی دارفوردا، تێبینی ئەوەی کرد کە بەتەواوی هەمان نەخش و شێواز سەریهەڵداوە (ستانتۆن، ٢٠٠٨ ب).

بە گوێرەی ستانتۆن، (٢٠١٣) هەر دە قۆناخەکەی جینۆساید دەکرێت لە یەک کاتدا ڕووبدەن و "هەموو قۆناخەکان بەردەوامن لە کارکردن بە درێژایی پرۆسەکە" (ستانتۆن، ٢٠١٣، ل ١). ئەم دە قۆناخەش بریتین لە: پۆلێنکردن، هێماکردن، جیاکاری، لەمرۆڤایەتی خستن، جەمسەرگیری، ڕێکخستن، ئامادەکاری و چەوساندنەوە و قڕکردن و نکوولی کردن. دوو قۆناخ بە شێوەیەکی گشتگیر سیفەتی مرۆڤن، پۆلێنکردن و هێماکردن و بۆ خۆیان ئەنجامەکەی جینۆساید نابن. بەڵام هەردوکیان پێویستن بۆ ئەنجامدانی جینۆساید، بە تایبەت کاتێ لەگەڵ جیاکاری و لەمرۆڤایەتی خستن یەکدەگرن. کردەی پۆلێنکردن مرۆڤەکان دابەش دەکات بەسەر 'ئێمە و ئەواندا' بەهۆی "ئیتنیک، ڕەگەز، ئایین، یان نەتەوەوە" (ل ١)، لەکاتێکدا کە هێماسازی بریتییە لە بەکارهێنانی وشە یان هێماکان بۆ دانانی جیا. بە درێژایی مێژووی ئەمریکا، حکوومەتی فیدراڵی گەلانی ڕەسەنی وەک "ئەوان" تایبەتمەند دەکرد، کە لە ڕووی نەتەوەیی و ڕەگەزییەوە لە نیشتەجێبووە settlers ئەوروپییەکان بە کەمتریان دادەنان و وەک ئینجون، دڕندە، بەربەری، مێروو، شەیتانپەرستان، پێست سوورەکان، سکواو، بکوژ و .. تاد. ( بەسیمبوڵی یان هێماییکردن)، گەلانی ڕەسەن وەک بەربەستێک لە بەردەم گەشەکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەیر دەکران، شتێک کە دەبوو بنبڕ بکرێت (ئینستیتیووتی بررووکینگ، ١٩٢٨؛ مادلی، ٢٠٠٩؛ ستاریتا، ٢٠٠٩؛ زین، ٢٠٠٥).

قۆناخی سێیەم جیاکاری یان هەڵاواردنە. "گرووپی باڵادەست یاسا و داب و نەریت و دەسەڵاتی سیاسی بەکاردەهێنێت بۆ ڕەتکردنەوەی مافەکانی گرووپەکانی تر"، لەوانەش ڕەتکردنەوەی مافە مەدەنییە بنەڕەتییەکان، ئازادییەکان، و هاووڵاتیبوون (ستانتۆن، ٢٠١٣، ل١). هیندییە ئەمریکییەکان مێژوویەکی نزیکەی ٢٤٠ ساڵەیان هەیە لە یاسا و دەسەڵاتە سیاسییەکان کە بەکاردەهێنرێن بۆ نکوولی کردن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، لەوانەش مافی ڕەگەزنامە تا ساڵی ١٩٢٤. لە ماوەی مێژووی ئەمریکادا، حکوومەتی فیدراڵی زیاد ٥٠٠ پەیماننامەی لەگەڵ گەلانی ڕەسەندا شکاندووە و دەستکاریی کردووە و پووچەڵ کردووەتەوە (ئۆلیف، ٢٠١١). لە هەموو پەیماننامەکانی کە واژۆ کراون، تەنها یەکێکیشیان وەک لە سەرەتادا نووسراوە بە ڕێز و شکۆی خۆی نەماوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەمرۆڤایەتی خستن هەنگاوی یەکەمە بەرەو جینۆساید. ئەمە نکوولی لە مرۆڤایەتیی گرووپەکە دەکات و لاوازکردنی بەرپەرچدانەوەی ئاسایی لە دژی کوشتن. لەمرۆڤایەتی خستن ڕێگە بە تاوانباران دەدات کە بەزۆر ئا خەڵک وا لێبکەن لە بارودۆخێکی نامرۆڤانەدا بژین - لە گێتۆی قەرەباڵغدا، بەبێ سەرچاوە و ئاوی خواردنەوە و لە ژێر بارودۆخی برسێتیدا - لە هەمان کاتدا خۆ ڕادەستکردن بەم کردارانە. لەمرۆڤایەتی خستن وزە و هێز دەبەخشێتە جەمسەرگیری و لە ڕێگەی بەکارهێنانی پڕوپاگەندەوە دابەشبوونێک لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا دروست دەکات، کە لە بنەڕەتدا بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیایەکە کە گرووپێک لە گرووپێکی تر باڵاتر بێت و بەو هۆیەوە زیاتر مافی خۆیانە، لە کاتێکدا گرووپەکەی تر تاوانبارە بۆ هەر کەموکوورییەک کە لەلایەن گرووپی مافدارەوە دەستنیشان کراوە. هەردوو قۆناخەکە لە مێژووی خەڵکە ڕەسەنەکاندا بەرجەستە بوون (پەیمانگای برووکینگ، ١٩٢٨).

بە گوێرەی ستانتۆن (٢٠١٣، ل ١)، "جینۆسایدەکان هەمیشە ڕێکخراون". ڕێکخراو پێویستی بە سەرکردە و لایەنگر و زنجیرەیەک فەرماندەیی هەیە. بەشداربووانی جینۆساید پێویستیان بە ئەرک و چەک و ڕێنماییەکانی بۆ دیاری کراوە، لەکاتێکدا وتارەکانی ڕق و کینە پێویستە بۆ سووتەمەنی توندوتیژییەکان و کوشتن و خراپ مامەڵەکردنەکان بە تام و چێژ بکەن. ڕێکخراوەکە بەزۆری حکوومەتە، بەڵام زۆرجار گرووپە میلیشیاییەکان کە لە ڕووکەشدا پێدەچێت بە ئارەزووی خۆیان مامەڵە بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی حکوومەت شکست دەهێنێت لە دەستوەردان یان لایەنی پشتگوێخستن هەڵدەبژێرێت، ئەگەری بەهێز هەیە کە حکوومەت بە نهێنی تەسلیمی توندوتیژییەکان بێت (ستانتۆن، ٢٠١٣). لە حاڵەتی هیندییەکانی کالیفۆرنیا، لە نێوان ساڵانی ١٨٤٦ و ١٨٧٣دا، زیاتر لە ٣٠٠ کۆمەڵکوژی و کوشتنی سیستماتیکی گەلانی ڕەسەن هەبووە کە دەوڵەت پاڵپشتیی کردوون هەبوون (مادلی، ٢٠٠٩). لە چوارچێوەی هەوڵە هاوبەشەکاندا لەگەڵ پاسەوانان، سەربازانی فیدراڵی ئۆپەراسیۆنی کوشتنی بەرفراوانیان ئەنجامدابوو لە سەرانسەری ویلایەتەکەدا. هیچ کەس - نە سوپا، ڕۆژنامەگەری، دادگای باڵای کالیفۆرنیا یان ئەنجومەنی پیرانی (سەناتی) ویلایەتە یەکگرتووەکان - هیچ شتێکیان نەکردووە بۆ وەستاندنی کوشتارەکە. بۆ پاڵپشتی کردنی دارایی کوشتارەکان، ویلایەتی کالفۆرنیا سەنەدەکانی فرۆشت و نزیکەی ٦,١ ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی کۆکردووەتەوە بۆ میلیشیا خۆبەخشەکان و پاسەوانان دژ بە هیندییەکان. حکوومەتی فیدراڵی زۆرترین پارەی لەم خەرجییانە گەڕاندووەتەوە (مادلی، ٢٠٠٩). بەپێی قسەی جۆن کۆهین (وەک لە سمیس، ١٩٩٥ وەرگیراوە)، "ڕێژەیەکی زیاتر لە جوولەکەکانی ئەورووپا لە هۆلۆکۆستی نازی ڕزگاریان بووە لە چاو هیندییەکانی کالیفۆرنیا لە پەلەقاژەی زێڕدا" (ل ٢).

تەنگ پێهەڵچنین و قڕکردن کوشتنی بەکۆمەڵ لەخۆدەگرێت. چەوساندنەوە و تەنگ پێهەڵچنین جینۆسایدی دروستە، لە کاتێکدا قڕکردن کوشتنی بە سپۆنسەری دەوڵەت لەخۆدەگرێت. چەوساندنەوە دابڕین و جیاکردنەوەی قوربانییەکانە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵگەیەکی گەورەتر و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیراوە. ئەوان بە زۆرەملێ دەخرانە ناو گێتۆکانەوە، بۆ ئۆردووگاکانی کۆکردنەوە ڕاپێچ دەکران، برسی دەکران، یان لە حاڵەتی گەلانی ڕەسەندا، دەخرانە مۆڵگەکانی پارێزگارییەوە لە شوێنە جوگرافییە دوورەدەستەکاندا، کەوا کەمترین خواستی سپی پێستەکانیان لەسەر بووە و لەوێ پەرژینیان بەدەوردا دروست دەکردن و هیندییەکانیان تێدا کۆدەکردەوە. بەهەرحاڵ، تەنانەت دوای ڕاپێچ کردنیان و حەشاردانیان لەم شوێنانەدا، ساکارانە حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی دەدا مۆڵگە پارێزگارییەکان هەڵبووەشێنێتەوە بۆ زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری زیاتر (زانکۆی ئۆکلاهۆما، بێ مێژوو).

لە کۆتاییدا، نکوڵی کردن لە کاتی جینۆساید و هەمیشە دوای جینۆساید ڕوودەدات (ستانتۆن، ٢٠١٣). لەم قۆناخەدا، سەرکردەکان نکوڵی دەکەن، مەسەلەکە بێبایەخ و بچووک دەکەنەوە، بە تەواوی درۆ دەکەن سەبارەت بە ڕووداوەکان، یان هاوبەشن لە درۆکاندا. قوربانییەکان تاوانبار دەکرێن بەوەی کە بەسەریانهاتووە، هۆکاری مردنەکان دەبەنەوە بۆ دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی وەک برسێتی، نەخۆشی، بەرگری لەخۆکردن، یان چەند بریکارێکی ناپاک و کوشتنی بە ئەنقەست ڕەتدەکرێتەوە. ئەمڕۆ کتێبەکانی خوێندن لە سەرانسەری وڵاتدا بەردەوامن لە پشتگوێخستن یان کەمکردنەوەی مامەڵەی دڕندانە لەگەڵ گەلانی ڕەسەندا، بەکۆمەڵ کوشتن و ئازاردان، ئاوارەکردن و ڕاگواستن و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانەکان لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا (زین، ٢٠٠٥).

## مامەڵەکردنی ئەمریکا بۆ کێشەی هیندییەکان

لە ماوەی ٢٢٧ ساڵی ڕابردوودا، حکوومەتی فیدراڵی شەش "ستراتیجی" جیاوازی بەکارهێناوە بۆ چارەسەرکردن "کێشەی هیندییەکانی" ئەمریکا بە پلەی جیاوازی مامەڵەکردن، هەندێکیان بچووک و هەندێکی تریان وێرانکەر.

**بەپێی پێڤار (٢٠١٢) شەش تاکتیکەکە بریتی بوون لە:**

١- ڕێککەوتنی نێوان یەکسانەکان،
٢- ڕاگواستن و خستنە مۆڵگەی پارێزگارییەوە،
٣- دابەشکردن و ئاسیمیلەکردن،
٤- ڕێکخستنەوەی هیندییەکان،
٥- کۆتایی پێهێنان،
٦- چارەی خۆنووسین. کردەوەکانی جینۆساید لە نزیکەی هەموو ئەم سیاسەتانەدا توخمە سەرەکییەکان بوون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێککەوتنەکانی نێوان یەکسانەکان ١٧٨٧ تا ١٨٢٨

کاتێک حکوومەتی فیدراڵی پەیماننامەی لەگەڵ خێڵەکان واژۆ دەکرد، خێڵەکانی وەک گەلانی سەربەخۆی سەروەر دەناساند، هاوشێوەی واژۆکردنی پەیماننامەیەک لەگەڵ هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان. پەیماننامەکان ڕێککەوتنی ڕێزلێنانی نێوان گەلانی خاوەن سەروەری بوون و ڕەنگدانەوەی موزایەدەی نیەتپاکی و دیپلۆماسیی نەتەوە بە نەتەوەی هاوشان و یەکسان بوون. بەپێی دەستووری ساڵی (١٧٨٧)ی ئەمریکا، "هەموو پەیماننامەکانی ئەنجامدراو، یان کە لە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەکرێت، دەبنە یاسای باڵای وڵات و دادوەرەکان لە هەر ویلایەتێکدا پێوە پابەند دەبن". لە نێوان ساڵانی ١٧٨٧ بۆ ١٨٢٨، حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و گەلانی خێڵەکی وەک دوو لەیەنی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد.

پەیماننامەکان بە زمانی خاوەندارێتیی خاک و زەویوزار و سنووری ماڵ و سامان دارێژرابوون. لە بەرامبەر ئەو زەوییەدا، حکوومەتی فیدراڵی بەڵێنی دەدا کە خێڵەکان بپارێزێت، ئەو هاوڵاتییە ئەمریکییانە سزا بدات کە لە دژی هیندییەکان تاوان دەکەن و ڕایگەیاندبوو کە هیچ هاووڵاتییەکی ئەمریکی ناتوانێت لەسەر خاک و زەویی هیندییەکان نیشتەجێ ببێت. لە هەمووشی گرنگتر، بەڵێنی ئاشتی و دۆستایەتیی هەمیشەیی پێدان (جاکسن، ١٩٩٣). لە ماددەی سێیەمدا هاتووە کەوا "لە یاسای باکووری ڕۆژئاوای ساڵی ١٧٨٧دا کە لەلایەن تۆماس جێفەرسنەوە دارێژرابوو، بەڵێنی کۆنگرێس بە خێڵەکان ئەوە بووە کە "هەمیشە ئەوپەڕی نیەتپاکی بەرامبەر بە هیندییەکان و زەوی و موڵکەکانیان ڕەچاو دەکرێت و هەرگیز بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان لێیان ناسەندرێت و لە مافی خاوەندارێتی و ئازادیی خۆیاندا، هەرگیز دەستدرێژییان ناکرێتەسەر یان بێزار ناکرێن". بەڵام ئەم بەڵێنە تەمەن کورت بوو.

لە ساڵی ١٧٨٧ەوە حکوومەتی فیدراڵی تا دەهات شەڕەنگێزتر دەبوو لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ گەلانی خێڵەکی. ئەوان چیتر ترسیان لە خێڵە ڕەسەنەکان نەما و پێویستیان بە هاوپەیمانییان نەبوو وەک ئەوەی لە کاتی جەنگی شۆڕشگێڕیدا هەیانبوو و تا ساڵی ١٧٩٠، حکوومەتی نوێ هەوڵیدا موسکۆگییەکان دەربکات لە خاک و زەوییەکانیان لە ئەلەباما و جۆرجیا. لە سەرەتای ساڵانی ١٨٠٠کاندا، لە دژی ناڕەزایەتییە توندەکانی کریک و چێرۆکییەکانی جۆرجیا، تۆماس جێفەرسن سەرچاوەی تەرخان کرد بۆ ڕاگواستنیان لە داهاتوودا (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). لە کۆنگرێسدا جێفەرسن پێشنیازی کرد کەوا هیندییەکان لەسەر پارچە بچووکەکانی زەوی و زار نیشتەجێ ببن بۆ داچاندن و کشتوکاڵ کردن و هاندانیان بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ سپیپێستەکان و قەرزیان لێبکەن و دواتر قەرزەکە بە زەوی بدەنەوە. هەرچەندە چیکاسۆ، کە لە کاتی جەنگی شۆڕشدا بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەمریکا شەڕی کردبوو و واژۆی لەسەر پەیماننامەیەک کردبوو گەرەنتی کردنی زەوییەکانیان، کەچی بەشێکی زۆر گەورەی زەوییەکانی چیکاسۆ خرانە بازاڕی فرۆشتنەوە (زین، ٢٠٠٥). بە پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی ڕێککەوتننامەکانی پەیماننامەکان، ئەندرۆ جاکسن هانی سپیپێستەکانی دا کە بچنە سەر زەوی و زاری هیندییەکان. کاتێ کە هیندییەکان ناڕەزایەتیان دەربڕی، حکوومەتی ئەمریکا بەوە پاساوی هێنایەوە کە ناتوانێت بۆ دوورخستنەوەی ئەو زەوتکەرانە هیچ کارێک بکات و بەلایەوە باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە وازهێنان بوو لە زەوییەکە یان ئەوەیە کە دەربکرێن و ڕابگوێزرێن. لە زنجیرەیەک پەیماننامەدا کە لە نێوان سالانی ١٨١٤ بۆ ١٨٢٤ واژۆکران، سێ لەسەر چواری ویلایەتی ئەلەباما و فلۆریدا و یەک لەسەر سێی ویلایەتی تەنەسی و یەک لەسەر پێنجی جۆرجیا و میسیسیپی و بەشێکی زۆری کەنتاکی و کارۆلاینای باکوور دەستیان بەسەردا گیرا (زین، ٢٠٠٥.(

لە سالی ١٨١٧دا، یاسای تاوانە گشتییەکان دەرکرا و حکوومەتی فیدرالی جەختی لە دەسەلاتی دادوەری دەکردەوە بەسەر ئەو تاوانانەی کە لە ولاتی هیندییەکاندا بەرپا دەکران و ئەو تاوانانەی دەگرتەوە کە دژی هیندییەکان ئەنجامدەدران یان بەپێچەوانەوە لەلایەن هیندییەکانەوە دژی غەیرە هیندییەکان بەرپا دەکران (کۆهێن، ٢٠٠٥). هەر لەو سالەدا حکوومەتی فیدرالی دەستی کرد بە زۆرەملێ ڕاگواستنی خۆبەخشانەی چێرۆکی. لە سالی ١٨٢٣دا لە دۆسیەی جۆنسن ڤ. مەئینتۆشدا Johnson v. M'Intosh، مافی هیندییەکان لاوازبوون کاتێ دادگای بالای ئەمریکا بڕیاریدا کەوا لەکاتێکدا هیندییەکان مافی خۆیانە کە زەوییان بەدەستەوە بێت مافی حەسری و تایبەتیی نیشتەجێبوون و خاوەندارێتی و بەڕێوەبردنی ئەو خاک و زەوییانە بۆ "دۆزەرەوە"یان دەگەڕێتەوە - واتە بۆ ئەورووپییە سپیپێستەکان (کادەس، ٢٠٠١).

بە بەکارهێنانی دە قۆناخەکەی جینۆسایدی ستانتۆن - لەم ماوەیەدا لە نێوان "یەکسانەکان"دا - حکوومەتی فیدرالی بەردەوام فۆرمی جۆراوجۆری ناپاکی و دەستکاریکردنی بەکاردەهێنا بۆ پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکانی پەیماننامە، بۆ دەرکردنی خێڵ لە دوای خێڵ لە خاک و زێدی باوباپیرانیان و بۆ شەرعییەتدان بە دەستبەسەرداگرتنی زەوی بەگوێرەی حوکمی بڕیارەکانی چەشنی جۆنسن ڤ. مەئینتۆش، کە خۆیان لە (جیاکاری و چەوساندنەوە و لەمرۆڤایەتی خستن)دا دەبینییەوە. بەپێی ڕاسپاردەکانی ئارسەر سانت کلێر، کە ئەوکات حاکمی هەرێمەکانی باکووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە (کە لەمڕۆدا ئۆهایۆ، ئیندیانا، ئیلینۆیس، مەشیگان و چەند بەشێک لە ویسکنسن و مینیسۆتا پێکدێنن)، حکوومەتی نوێ سیاسەتی "یەکەم هارکردن و پەلکێشکردنی هیندییەکانی بۆ شەڕ گرتەبەر و دواتر کەوتنە وێزەیان بە سزادانی ڤڕکردن" (جاکسن، ١٩٩٣، ل٤٠) (نکوولێکردن). لەم ماوەیەدا، زەوی زەوتکەرە سپیپێستەکان هاندەدران بۆ ئەوەی زەویوزاری خەلکە ڕەسەنەکان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، لە ڕێگەی (هەراسان کردن و ئازاردانیانەوە)، لەکاتێکدا کەوا حکوومەتی فیدرالی نەخشە و پلانەکانی دەستپێکردبوو بۆ دەرکردنی خەلکە ڕەسەنەکە بە شێوەیەکی سیستماتیکی لەو زەوییانەی کە داگیریان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کردبوون (واتە ڕێکخستن).

## ڕاگواستن و مۆڵگەکانی پارێزگاری، ١٨٢٨ تا ١٨٨٧

لە ساڵی ١٨٢٨دا، ئەندرۆ جاکسن بە حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٨٢٩دا، زێڕ لە خاک و هەرێمی چێرۆکی دۆزرایەوە و بۆ ساڵی ١٨٣٠ یاسای ڕاگواستنی هیندییە 'سوورەکان' دەرچوو. هەرچەندە چێرۆکی لە دادگای باڵای ئەمریکادا تەحەدای یاسای ڕاگواستنیان کرد و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا (وۆرسێستەر لەبەرانبەر جۆرجیادا، ١٨٣٢)، جاکسن بە گومڕایی سەرپێچیی لە بڕیارەکەی دادگا کرد و بڕیاری ڕاگواستنی دا. لە ڕۆژێکی بەستەڵەکی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٣٨دا، حەوت هەزار سەربازی سوپای ئەمریکی گەیشتنە خاکی چێرۆکی و بە زەبری چەک و بە ڕاکێشان ژن و پیاو و منداڵانیان لە ماڵەکانیان دەرکرد تەنها بە جل و بەرگی خۆیانەوە و نەیانهێشت تەنانەت بگەڕێنەوە بەتانی و پۆشاکی زیادە یان کەلوپەلی ناوماڵ لەگەڵ خۆیان ببەن و سەرپاکی خانوو و ماڵیان سووتاندن، ئاژەڵ و مالات و بەرازەکانیان کوشتن، موڵک و ماڵیان دزی و تالانیان کرد و زەوییوزاریان بە تیروپشک بەسەر نیشتەجێ سپییپێستەکاندا دابەشکرد (بێرنێت، ١٨٩٠؛ سەنتەری توێژینەوەی سێکۆیا، بێ مێژوو؛ زین، ١٨٩٠؛ ٢٠٠٥). ئەوجا لە ناو کۆگا و شوێنی کاتیدا کۆکرانەوە لە دۆخێکی پیس و خراپ و کەم خۆراکی و ئاوی پیسدا خەڵکی چێرۆکییان ڕاپێچی ڕێڕۆیشتنێکی خێرا کرد و ماوەی ٨٠٠ میل بەرەو ڕۆژئاوا دووریانخستنەوە بۆ ئۆکلاهۆما. لەم گەشتەکەدا، نزیکەی چوار هەزار چێرۆکی مردن، کە دەیکردە چواریەکی خەڵکە ڕاگوێزراوەکە (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). بۆ نەگبەتی و قوربەسەریی زیاتر، هەندێکیان بەبێ پێڵاو ڕێیان دەکرد، زۆرێک لە بەساڵاچووەکان سەبەتە و باری قورسیان بەکۆڵەوە بوو، ئەوانەیان کە لەدواوە بەجێدەمان لەلایەن سوپای ئەمریکاوە تەقەیان لێدەکرا و دەکوژران و تەرمەکانیان لە قەراخی ڕێگاکە بەجێدەما(بێرنێت، ١٨٩٠؛ سەنتەری توێژینەوەی سێکۆیا، بێ مێژوو). چێرۆکییەکان وەک کاروانی فرمێسک یادی ئەم تراجیدیا و کارەساتەیان دەکردەوە. هەڵبەت چل ڕاگواستنی تری لەو جۆرە هەبوو، لەنێویاندا ڕێپێوانە زۆرەملێیەکانی گەلانی ناڤاجۆ، پۆتاواتۆمی، سێمینۆل، موسکۆگی و چۆکتاو. لە هەر یەکەیاندا خەڵکی ڕەسەن بە هۆکاری بەر سەرما و گەرماکەوتن و برسێتی و دڕندەیی و نەخۆشی دەمردن.

لە ماوەی ڕاگواستن و ڕاپێچکردنیان بۆ ئەو ناوچە و مۆڵگانەی بۆیان دیاریکرابوو، جۆرێکی نوێی پەیماننامە سەریهەڵدا- کە پەیماننامەی ڕاگواستن بوو. سەرکردەکانی خەڵکە ڕەسەنەکە فشاریان لەسەر بوو بۆ واژۆکردنی ئەم پەیماننامانە بە بەڵێن، بەرتیل، هەڕەشە، ساختەکاری، ناچاری و زۆرەملێ و ئەگەر ئەمانە کاریان نەکردایە دوورخستنەوەی زۆرەملێ چاوەڕێی دەکردن. لە ماوەی ٢٥ ساڵدا پۆتاواتۆمی ٢٨ پەیماننامەی جیاوازی واژۆکرد و لە هەریەکەیاندا، حکوومەتی فیدراڵی داوای وەرگرتنی زەویی زیاتری دەکرد (زانکۆی ئۆکلاهۆما، بێ مێژوو).



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە درێژایی ماوەی ٥٩ ساڵ، گەلانی ڕەسەن شەڕیان دەکرد بۆ ژیانی خۆیان. هەڵمەت و کۆمەڵکوژی و شەڕ و پێکدادانی بێشومار کە هیندییەکانی لە مۆڵگەکانی پارێزگاریدا سنووردار دەکرد (دی. براون، ٢٠٠٧). ئەوان بۆیان نەبوو مۆڵگەکانی ڕاپێچکردن (محمیات،) reservation بەبێ مۆڵەتی نووسراو بەجێبێڵن و لێیان بووبوو بە زیندانی ڕاستەقینە کە هیندییەکانی ناچار دەکرد بەتەواوی پشت بە حکوومەتی فیدراڵی ببەستن (دی. براون، ٢٠٠٧). بۆ خراپترکردنی دۆخەکە، بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی مۆڵگەکان بە سوپای ئەمریکا سپێردرابوو. هەمان ئەو سەربازانەی لە جەنگەکانی دژ بە هیندییەکاندا شەڕیان کردبوو، هاوڕێ یان برایان لە شەڕگەکاندا لەدەستدابوو، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ژیانی مۆڵگەکانیان پێسپێردرابوو (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). ئەو خواردن و پێداویستییانەی کە لە پەیماننامەکاندا بەڵێنیان پێدرابوو، وەک بەرنامەی دیاریکراو نەدەگەیشتن و سەرەڕای خراپییان بەشی خەڵکەکەشی نەدەکرد و نارێک و نەگونجاویش بوو، بۆ نموونە گۆشتی گەنیو و ئاردی ئەسپێ تێداویان بۆ دەهێنان. لەم ماوەیەدا ناوەندگیر و دەڵاکان گەیشتبوونە برەویان بوو و بە خوایشتی خۆیان دەجووڵانەوە بێ هیچ سزا و لێپرسینەوەیەک، برسێتی و بەدخۆراکی بەربڵاو بوون. شوێنی داڵدەدان و پاکوخاوێنی دۆخێکی ترسناکی هەبوو، چاودێریی تەندروستی نزیک بوو لە نەبوون لەکاتێکدا کە نەخۆشییەکانی وەک سیل و سورێژە و ئەنفلۆنزا و تیفۆس بووبوون بە پەتای خۆجێی (براون، ٢٠٠٧؛ بێرنێت، ١٨٩٠؛ نابۆکۆڤ، ١٩٩١؛ سەنتەری توێژینەوەی سێکۆیا، بێ مێژوو).

ئامانجی حکوومەتی فیدراڵی ئەوە بوو وا لە هیندییەکان بکات کە نەتوانن لە ناوچە دەشتاییەکاندا بژین. لەسەر داوای جەنەراڵ فیلیپ شێریدان، ڕاوچییەکان هاندرابوون کە لە سەرانسەری وڵاتدا گامێش بکوژن، بە مەبەستی لەناوبردنی سەرچاوەی بژێویی هیندییەکان" (وەک لە سمیتس، ١٩٩٤، ل ٣١٧ هاتووە). لە نێوان ساڵانی ١٨٧٢ بۆ ١٨٧٤دا زیاتر لە سێ ملیۆن و نیو گامێش کوژراون و بەجێهێڵراون بۆ ئەوەی بۆگەن بکەن (نابۆکۆڤ، ١٩٩١؛ سمیتس، ١٩٩٤). بەپێی سایدس (٢٠٠٧)، بۆ ئەو خەڵکە ڕەسەنانەی کە لە نێوان١٨٦٠ و ١٨٩٠دا ژیاون ئەمە "سەردەمێکی باوەڕپێنەکراو بووە لە توندوتیژی، چاوچنۆکی و بێئابڕوویی ..." (ل ٢٣). بۆ نموونە لە شەڕەکانی ساند کریک و وۆندد نی، تۆپی هۆویتزەر یان تفەنگی هۆتچکیس بۆ کوشتنی ژن و منداڵ و پیرە پیاوان بەبێ جیاوازی بەکاردەهێنران، تەنانەت لە سایەی هەڵکردنی ئاڵای سپیشدا. زستانی ساڵی ١٨٦٨، لە شەڕی واشیتادا دژ بە 'کتریبە ڕەش'، زیاتر لە ١٠٠ کەسی شەڕنەکردووی باشووری شاین کوژران، کە ژن و منداڵ و کەسانی کەمئەندام و بەساڵداچوو بوون، لەگەڵ نزیکەی ٧٠٠ ئەسپ و ئۆماکانیان کۆمەڵکوژ کران (فۆکس، ١٩٩٣). لە زستانی ساڵی ١٨٨٣ - ١٨٨٤دا، لێکەڕان کە زیاد لە ٦٠٠ کەسی ڕەسەنی بلاکفۆت لەبرسا بمرن چونکە ئەو گامێشانەی کە سەرچاوەی سەرەکیی خۆراکیان بوون لە مانگەکانی زستاندا، سەرجەمیان قڕکرابوون (نابۆکۆڤ، ١٩٩١).



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەندە پەیماننامەکانی ڕێککەوتن خراپ بوون، بەڵام نەبوونیان تەنانەت خراپتر کەوتەوە. لە کالیفۆرنیا، خەڵکی ڕەسەن بێ پەیماننامە بوون، بۆیە ئەوانیش وەک هاووڵاتیانی دیکە بێ زەوی و بێ پاراستن و بێ ماف بوون. لەگەڵ دۆزینەوەی زێڕدا ڕاوکەرانی سەروەت و سامان کەوتنە گرەوکردن لەسەر زەوی و خاکی هیندییەکان و سەرچاوە نەریتییەکانی خۆراک هاتنە کزی و سەردەمێکی ترس و تیرۆر هاتە کایەوە کە ژیانی هیندییەکانی کالیفۆرنیای وێرانکرد. لە ماوەی یانزە مانگدا کۆمیسارانی فیدراڵی کەوتنە دانوستان لەسەر ١٨ پەیماننامە و داواکاریی هیندییەکانی کۆتایی پێهێنا لە نزیکەی تەواوی زەوییەکانی کالیفۆرنیا کە دەکەوتنە ڕۆژئاوای سییرا نیڤاداوە (مادلی، ٢٠٠٩). واژۆکارانی پەیماننامەکە سەرۆکەکان نەبوون و وەرگێڕان هەمیشە بەردەست نەبوون. جێگای سەرنجە، کە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا (سەنات) ١٨ پەیماننامەکەی کالیفۆرنیای بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ شاردەوە. کاتێک دواجار لە ساڵی ١٩٠٥دا ئاشکرا کرا، خێڵەکان لە ساڵی ١٩٢٨دا سکاڵایان تۆمار کرد بۆ قەرەبووکردنەوە. مەسەلەکە تا ساڵی ١٩٤٤ی خایاند تاوەکوو دۆسیەکە یەکلایی بووەوە و دادگا ٥،٠٢٥،٠٠٠ دۆلاری بڕییەوە بۆ هەموو زیانەکان، بەڵام پارەدان تا سەرەتای ١٩٧٠کان دواکەوت (مادلی، ٢٠٠٩).

لە ساڵی ١٨٥٠دا، ویلایەتی کالیفۆرنیا یاسای بۆ حکوومەت و پاراستنی هیندییەکانی خۆی دەرکرد و بەخێوکردن و کڕین و فرۆشتنی زۆرەملێی منداڵانی هیندی و هەروەها کۆیلایەتیی بەدەر لە خواستی ژن و پیاوی هیندییەکانی بە یاسایی کرد (جۆنسن- دۆد، ٢٠٠٢). بەو پێیە لەوانەیە ١٠ هەزار هیندی لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠ و ١٨٦٣دا گرێبەستیان لەگەڵ کرابێت یان فرۆشرابێتن. زیانەکانی دانیشتووان هێجگار گەورە بووە و مەزندە دەکرێت کە لە ساڵی ١٨٤٨دا ١٥٠ هەزار هیندی لە کالیفۆرنیا بووە، بەڵام تا ساڵی ١٩٠٠ و لە ماوەی کەمتر لە ٥٢ ساڵدا، ژمارەکە لەوێ بووە بە ١٥٣٧٧ - واتە ٩٠% دابەزیوە (مادلی، ٢٠٠٩). نەخۆشی، بەدخۆراکی، چەوساندنەوەی کار، کوشتن و کۆچکردن هۆکاری سەرەکی بوون لەم مەینەتی و فەوتانەدا.

ڕێککەوتنێکی بەرچاو لەلایەن ژمارەیەک زانایانەوە هەیە بۆ پشتگیریکردن لەو باوەڕەی کە هیندییە ئەمریکییەکان تووشی جینۆساید بوون (ئادەمز، ١٩٩٥؛ ئەندەرسن، ٢٠١٤؛ هارجۆ، ٢٠٠٤؛ هۆکسی، ٢٠٠٤؛ ٢٠٠١؛ ستانارد، ١٩٩٢). لە کاتی دووەم ستراتیجی حکوومەتی فیدراڵی بۆ ڕاگواستن و ڕاپێچکردنی مۆڵگەکاندا "نیاز و مەبەستی لەناوبردنی، چ بەتەواوی یان بەشێکی" خەڵکی هیندی ڕوونبووەوە. گەلانی ڕەسەن کوژران، زیانی جیددیی جەستەیی و دەروونییان پێگەیشتووە و هەلومەرجەکانیش بەئەنقەست ڕەچاوکراون بۆ ئەوەی ببنە هۆکاری فیزیکیی وێرانکردن و لەناوچوونیان. بۆ لیستی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلانی ڕەسەن دەتوانرێت "گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان بۆ گرووپێکی تر" زیاد بکرێت. هەروەها، ئەگەر ئێمە ئەوە ڕەچاو بکەین کە ئەو منداڵانەی بە زۆر بەخێوکراون یان فرۆشراون و ڕێگرییان لێکرابوو لەگەڵ کەسانی خێڵەکانیان هاوسەرگیری و زاوزێکردن ئەنجام بدەن، دەتوانین "ڕێوشوێنی سەپاندن کە مەبەست لێی ڕێگریکردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەدایکبوونە لەناو گرووپەکەدا" زیاد بکەین بۆ ئەم لیستە.

سەبارەت بە دە قۆناخەکەی جینۆساید (ستانتۆن، ٢٠١٣)، بۆ زیاتر لە ١٠٠ ساڵ، گەلانی ڕەسەن بەپێی یاسا بە مرۆڤ هەژمار نەدەکران (واتە لەمرۆڤایەتی خستن). هیندییەکان وەک کەسانی غەیرە و بە ئارەزووی حکوومەتی فیدراڵی، وەک مێگەلە ئاژەڵ ڕاپێچ دەکران و بە زۆر دەبرانە ناوچە جیاجیا و چەپەکەکانی وڵات بێ پرۆسەی یاسایی، وەک بەڵگەی ئەو ٤٠ کاروانە جیاوازەی فرمێسک کە پێشتر باس کران. تا ساڵی ١٨٧٩، لە شاری ئۆماهای ویلایەتی نیبراسکا و لە دۆسێی United States ex rel Bear v. Crook دا، کاتێ کە 'ورچە ڕاوەستاوی' سەرۆک خێڵی پۆنکا داوای یاسایی تۆمار کرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز، بەپێی یاسا خەڵکی ڕەسەن مافی دانپیانانیان وەرگرت هاوشانی هەمان مافی یاسایی سپیپێستەکان (ستاریا، ٢٠٠٩).

لەم ماوەیەدا، "چیرۆکی دروستکردنی ئەمریکا" کەوتە ئەوەی فۆرم و شێوەی خۆی وەربگرێت (سایدز، ٢٠٠٧، ل ١٧). لە ناخ و دەروونی ئەمریکییەکاندا بیر و باوەڕەکان سەبارەت بە دانیشتووانی ماندوو و کۆششکار و خاوەن ماڵەکان لە بەرامبەر هیندییە دڕندە و خوێنڕێژەکان زیاتر گەلاڵە بوون (جەمسەرگیری). بایەخی سەربازیی فیدراڵی بۆ لەسەر کۆکردنەوە و ڕاپێچکردنی گەلە هیندییەکان بۆ ناوچە و مۆڵگەکانی پارێزگاری (محمیات) چڕبووبووەوە (ڕێکخستن)، لەکاتێکدا کە نیاز و مەبەستەکانی حکوومەت بە قسەی شیرین و زمانلووسی ڕووپۆش کرابوون، چەشنی پاراستنی گەلانی ڕەسەن لە خەڵکانی خاوەن ماڵ (مەبەست سپیپێستەکانە - وەرگێڕ) ڕەسەن (ئامادەکاری). هەڵبەت زەویوزاری گەلە ڕەسەنەکان زەوت کران و خۆیشیان خرانە مۆڵگەکانی پارێزگارییەوە و لە خەڵکانی غەیرە هیندی جیاکرانەوە و دایانبڕین (گۆشەگیری و چەوساندنەوە). لەبەر ئەوەی کە سەربازان و میلیشیا ناوخۆییەکانی ئەمریکا هیندییەکانیان وەک مرۆڤێکی کامڵ و تەواو نەدەبینی، بۆیە ڕێژەی کوشتن و لەناوبردنیان لە ئەقڵ بەدەر بوو (قڕکردن).

### تەرخانکردن و ئاسیمیلەکردن ١٨٨٧ - ١٩٣٤

مەبەست لە تەرخانکردن و ئاسیمیلەکردن "بەشارستانیکردنی" گەلانی ڕەسەن بوو. لەبریی گۆشەگیرکردنی ئەوان، ئارگومێنتەکە وا ڕۆیشتووە کە هیندییەکان پێویستیان بە خۆگونجاندن بوو لەگەڵ بەهای ئەمریکییە سپییەکاندا. هەندێک لە کۆنگرێسدا مشتومڕی لەسەر ئەوە دەکرد کە مۆڵگەکانی پارێزگاری گەورەترین کۆسپ بووە لە بەردەم ئاسیمیلەکردندا و خەڵکی ڕەسەن پراکتیزەی موڵک و سامانی هاوبەشی کۆمەڵگە و پۆتلاتچیان دەکرد (واتە گۆڕینەوەی دیاری بەخشین لەگەڵ یەکتردا)، کە پێچەوانە بوون لەگەڵ بەها ئەمریکییەکانی پشت بەخۆبەستن و تاکگەرایی، بەبێ وەستان بەردەوام دەبوون



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر مۆڵگەکانی پارێزگاریی وەک خۆی بمایەتەوە (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). مەسەلەکە زیاتر مشتومڕی لەسەر کرد کە خۆراک و خانووبەرە و چاودێریی تەندروستی سیستەمی بەشبەشێنە کە بە پابەندبوونی مەرجەکانی پەیماننامە دامەزرابوو شکستی هێنابوو، چونکە وابەستەیی وای لە هیندییەکان کردبوو کە تەنها پشت بە حکوومەتی فیدراڵی ببەستن. لە ساڵی ١٨٨٧ یاسای تەرخانکردنی گشتی (یاسای داوەس) دەرکرا بۆ ناساندنی خاوەندارێتیی موڵکی تایبەت بۆ "یارمەتیدانی" هیندییەکان کە ببن بەشارستانی (هۆکسی، ٢٠٠١).

ئەگەر وردتر بڵێین یاسای داوەس دەسەڵاتی بە حکوومەت بەخشی کە مۆڵگەکانی پارێزگاری هەڵبوەشێنێتەوە. بەپێی یاساکە، دوای ئەوەی هەر سەرۆک خێزانێک ١٦٠ دۆنم زەوی وەردەگرت، هەر تاکێکیش ٨٠ دۆنم زەویی وەردەگرت و هەر هەتیوێک کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بوو ٤٠ دۆنمی بۆ دەخرایە ئەمانەتەوە و زەویی "زیادەش" دەبوو بە کەسانی غەیرە هیندی بفرۆشرێت (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). بۆ هیندییەکانی ئایەوا، دوای زەویەکانیان دابەشکرابوون، ٩٠% یان نزیکەی ٢٠٧ هەزار دۆنم بۆ خاوەن ماڵە سپی پێستەکان بەردەست بوو. بۆ شاین و ئاراپاهۆ، زەوییە زیادەکانیان ٨١%ی پشکەکانی بنەڕەتیی خۆیان بووە (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). لە ساڵی ١٨٨٧ تا ١٩٣٤، پشکی زەویی هیندییەکان لە ١٣٨ ملیۆنەوە بۆ ٤٨ ملیۆن دۆنم دابەزیوە - کە دوو لەسەر سێی لەدەستدانی زەوییە بنەڕەتییەکانی خەڵکە ڕەسەنەکە بوو (هۆکسی، ٢٠٠١). ئەمەش هەندێک لە خێڵەکانی بەتەواوی بێ زەوی کرد (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). تەنانەت دوای ئەوەی کە زەوییەکان تەرخان کران، هیندییەکان "بەتەواوی مافی ئەوەیان نەبوو" ببنە خاوەنی زەوی. یاساکە پێویستی بە بەڵگەی "شایستەیی" هەبوو، کە وەرگێڕدرا بۆ ئاسیمیلەکردن و خۆپاراستن، بە واتایەکی تر کێڵان و داچاندنی زەوی (شتاینبێرگ، ٢٠١٣، ل ٢١٨). بۆ خەڵکە ڕەسەنەکە، کە بەردەوام بوون لە ڕێز و شکۆدانان بۆ نەریتەکانیان، زەوییەکانیان بەئەمانەت لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە بەدەستەوە بوو و نەیانتوانی بەو شێوەیەی کە پێویست و گونجاویان زانی بەڕێوەیان ببەن.

لە ساڵی ١٩٠٣، لۆن وۆڵف سەرۆکی کایۆوا سکاڵای تۆمار کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەرخانکردنی زەوییە زەوتکراوەکانی مۆڵگەکەی (لۆن وۆڵف ڤ. هیچکۆک)، بەو پێیەی کە تەرخانکردنەکە پێشێلکردنی پەیماننامەی مێدیسین لۆج کریک لە ساڵی ١٨٦٧دا لە دابینکردنی ئاشتی بۆ خێڵەکان و پاراستنی فیدراڵی لە نیشتەجێبووانی سپیپێست لە بەرانبەر گواستنەوەی هیندییەکان بۆ مۆڵگەکانی پارێزگاری. ئەو داوایە کاردانەوەی لێکەوتەوە و دادگای باڵا بڕیاریدا کەوا کۆنگرێس دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکانی هیندییەکان و بەو پێیەش ڕەزامەندیی هیندییەکان پێویست نەبوو (پرۆژەی ئۆیز، ٢٠١٤).

ئامرازی سەرەکی بۆ ئاسیمیلەکردن قوتابخانەی بەشە ناوخۆیی بوو. لە ساڵی ١٨٧٩دا و لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەمریکادا، جەنگاوەری دژە هیندی کاپتن ڕیچارد پرات یەکەم قوتابخانەی هیندی لە شاری کارلایڵ، پێنسلڤانیا دروستکرد، بە ئەرک و پەیام دەربڕینی سڕینەوەی کولتووری (فیر- سیگال، ٢٠٠٧). پرات بەو باوەڕەی کە کولتووری هیندییەکان لە کولتووری ئەوروپییە سپییپێستەکان نزمترە، بانگەشەی بۆ حکوومەتی فیدراڵی دەکرد کە "هیندییەک بکوژێت و مرۆڤێک ڕزگار بکات". بۆ ئەوەی نەهێڵن منداڵەکان لە کولتووری خۆیاندا پەروەردە، پرات پێشنیازی کرد کە لە خێزانەکانیان و کۆمەڵگە خێڵەکییەکانیان دووربخرێنەوە و لە پەیوەندیی دایک و باوک و منداڵ دابـڕێن (ئادەمز، ١٩٩٥؛ فیر - سیگاڵ، ٢٠٠٧). ئەوجا لەدژی نارەزایەتیی توندی دایک و باوکان، سەربازەکانی سوپا منداڵەکانیان کۆدەکردەوە و ڕاپێچی بەشە ناوخۆییەکانی حکوومەت یان قوتابخانەکانی میسیۆنێریی مەسیحییان دەکردن. لە ترسی ئەوەی منداڵەکان "بگەڕێنەوە سەر شێوازە بنەڕەتییەکەی خۆیان"، "سیستەمی دەرەکی" دروستکراوە. لەجیاتی ئەوەی لە پشووی قوتابخانە و هاویندا ڕێگە بە منداڵان بدرێت بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان بۆ پشوودان، لە ماڵە ئەوروپی - ئەمریکییەکان دادەنران، بۆ ئەوەی وەک یارمەتیدەری ناوماڵ و کێڵگە کار بکەن (پەیمانگەی برووکینگ، ١٩٢٨). هەندێک لە منداڵەکان بەو هۆکارەوە تا حەوت ساڵ دایک و باوکی خۆیان نەدەبینی و هەندێکی تر مردن و هەرگیز نەگەڕاونەتەوە ماڵەوە (ئادەمز، ١٩٩٥؛ فیر - سیگال، ٢٠٠٧).

جارێک لە قوتابخانە منداڵان جلوبەرگیان لە بەری منداڵان دادەکەند و کەلوپەلەکانیان لێ زەوت دەکردن، کە زۆرجاریش لەناودەبران. سەر و قژیان دەتاشین ناوی مەسیحییانەیان لێدەنرا و پاشان بە زۆر دەیانهێنانە سەر ئایینی مەسیحی. منداڵەکان لە بەشە ناوخۆییەکانیانەوە بە ڕێپێوانی سەربازی بۆ هۆڵی نانخواردن بۆ ژەمەکان و چوون و گەڕانەوە لە پۆلەکان (ئادەمز، ١٩٩٥؛ فیر - سیگال، ٢٠٠٧). لێرە دیسیپلینی سەربازی و هەروەها زیندانی تاکەکەسی بۆ سزادانی منداڵەکان بەکاردەهێنرا، لەکاتێکدا کەوا ستەمی جەستەیی و سۆزداری و دەستدرێژیی سێکسی باو بووە. زۆرجار منداڵان بە قامچی و مشتەکۆڵە بەتوندی لێیان دەدرا، کەلەپچە دەکران و لە کۆگا و عەمارەکاندا بەند دەکران و ژەمە خۆراکیان کەمدەکرایەوە، کچانی هەرزەکار لە کەمەریان بۆ سەرەوە ڕووت دەکرانەوە و بەر قامچی دەدران (ئادەم، ١٩٩٥؛ جۆهانسن، ٢٠٠٠؛ پێمبەر، ٢٠٠٧). برسێتی و بەدخۆراکی بەربڵاو بوو، نەخۆشییەکانی وەک تراخۆمایش کاتێ کە چارەسەر نەدەکرا دەبووە هۆکاری کوێربوون، ئەم جۆرە نەخۆشییانەش خۆجێی بوون (پەیمانگای برووکینگ، ١٩٢٨). هەروەها ڕێگری لە منداڵەکان دەکرا کە بەشداربن لە سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان یان قسەکردن بە زمانی خێڵەکیی خۆیان و خەتاکاران بەتوندی سزا دەدران. بۆ هەندێک ئەوەندە خراپ مامەڵە دەکران کە هەڵدەهاتن. بەڵام کاتێک دەگیرانەوە دەیانگێڕانەوە بۆ قوتابخانەکان، کە تەنانەت گوێیان بە نارەزایی دەربڕینی دایک و باوکانیش نەدەدا. شتێکی سەیر نییە کەوا قوتابخانەکان بەشێکیان بە هۆی کارکردنی خوێندکارانەوە بەڕێوە دەچوون. نیوەی ڕۆژی خوێندن منداڵان وەک کرێکاری کێڵگە کاریان دەکرد، یان وەک کرێکاری چەقۆ و قامچی دروستکردن، نانکردن، یان شوشتن و ئوتووکردن و چاککردنەوەی جلەکان،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەنجامدانی ئەرکە گشتییەکانی ناوماڵ و چێشت لێنان (پەیمانگای برووکینگ، ١٩٢٨).

لە ساڵی ١٨٨٤دا، بۆ ئەوانەی کە لە مۆڵگەکانی پارێزگاریدا دەژین، ڕێساکانی "بەشارستانی کردن" بوون لەلایەن کۆنگرێسەوە دەرکرا و ئەمەش وایکرد کەوا گەلانی ڕەسەن پەیڕەوی ئایینەکانی هیندییەکان بکەن. بۆ تاوانی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکانی وەک 'سەمای خۆر' یان ئەنجامدانی سەمای سرووتئامێز، تەنانەت لە ناو کۆمەڵگەکانی خۆیشیاندا، یان بەهۆی بەخشین و ئاڵوگۆڕ کردنی دیاری و شمەک (پۆتلاچ)، دەکرا هیندییەکان دادگایی بکرێن و ڕاپێچی زیندانیان بکەن. ئەم ڕێسایانە تا ساڵی ١٩٣٦ لە کاردا مانەوە (هارجۆ، ٢٠٠٤).

هەوڵەکانی حکوومەتی فیدراڵی بۆ "بەشارستانیکردنی" گەلانی ڕەسەن بە ڕوون و ئاشکرا کردەوەی جینۆساید بوون و مەبەست لێی کۆتاییهێنان بوو بە ناسنامەی کولتووری و ئایینی و نەتەوەیی گەلانی ڕەسەن. "گواستنەوەی زۆرملێی منداڵانی [ڕەسەن] بۆ گرووپێکی تر" بە ڕوونی لەگەڵ پێناسەی جینۆسایددا یەکدەگرێتەوە بەپێی ڕێککەوتننامەی جینۆسایدی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، لەبیرت بێت کە لە ساڵی ١٤٩٨دا، لە سەردەمی دادگاکانی پشکنینی ئیسپانیادا، کەنیسەی کاسۆلیکی شتی زۆر هاوشێوەی کردووە: وەک ئەوەی کە جووەکانی ناچار دەکرد ئایینی خۆیان سەرکۆنە بکەن و ببنە کاسۆلیک یان خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی مردن یان دوورخستنەوە بکەنەوە لە ئیسپانیا. لە قوتابخانەکانی بەشە ناوخۆییەکانیشدا ئەمە لە دژی منداڵانی بچووک ئەنجام دەدرا.

هەموو دە قۆناخەکەی جینۆسایدی ستانتۆن (٢٠١٣) بە ڕوونی لە ماوەی تەرخانکردن و ئاسیمیلەکردندا کاری خۆیان کردووە. یاساکانی فیدراڵیی دەرکران و دەسەڵاتی سیاسی بەکارهات بۆ زەوتکردنی زەویی مۆڵگەکانی پارێزگاری و منداڵانی ڕەسەن لە دایک و باوکیان دەسەندران (گۆشەگیری و جیاکارییەکان). ئەوان بە زۆر دەخرانە سەر ئەو زەوییانەی کە بایەخیان لە ئاستێکی کەمتردا بوو و بۆ کشتوکاڵ نەگونجاو بوون یان ئاژەڵ و پەلەوەر بەخێوکردن (لەمرۆڤایەتی خستن)، لەکاتێکدا پراکتیزە نەریتییەکانی وەک ژیان لەگەڵ خێزانە فراوانەکە قەدەغەکرا. سەبارەت بە قوتابخانەکانی بەشە ناوخۆییەکان، منداڵان ڕاپێچ دەکران بە زۆر بچنە شوێن و ژوورە قەرەباڵغەکان و بخرێنە بەر سیستەمی پەروەردەیی جیاکاری و دابڕان، خۆراکی ناتەواو و کارکردنی زۆر و تاقەتپڕووکێن، لەکاتێکدا هەموو هەوڵێک درا کە تەواوی شوێنەواری کولتووریی ڕەسەنیان بسڕدرێتەوە (پۆلێنکردن و لەمرۆڤایەتی خستن). بە ڕەتکردنەوەی سەردانی دایک و باوکیان و خێزانە گەورەکەیان، منداڵەکان بەردەوام لە ژێر هێرشکردنەسەری ئەو مامۆستا و کارگێڕانەی کە بە توندی سزایان دەدان بەهۆی قسەکردنیانەوە بە زمانی خۆیان یان بەهۆی هەوڵدانیانەوە بۆ پاراستنی پراکتیزە کولتوورییەکانیان (ڕێکخستن). ڕووتکردنەوەی سیستماتیکیی دوور لە کولتووری هیندییەکان (قڕکردن) پەیام و ئەرکی ڕاگەیەندراوی حکوومەتی فیدراڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بوو لەم ماوەیەدا ئەو زەبر و زەنگانەی کە تووشی بوون بە بەردەوامی نکووڵییان لێدەکرا (نکووڵیکردن).

## ڕێکخستنەوەی هیندییەکان لە ساڵی ١٩٢٨ تا ١٩٥٣

تا ساڵی ١٩٢٨، هیندییەکان چوار ساڵ بوو هاووڵاتیی ئەمریکی بوون؛ کۆنگرێس ناچار بوو گفتوگۆ لەسەر ڕەگەزنامەی گەلانی ڕەسەن بکات بەهۆی خزمەتە نایابەکانیانەوە لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا. تەنانەت هەرچەندە ئەوان هاووڵاتیی ئەمریکا نەبوون، بەڵام هیندییەکان یەکەم کەس بوون کە خۆبەخشانە بەشداریی سەربازییان کرد خزمەت بە 12 هەزار کەس کە خۆیان بۆ سوپا و هێزی دەریایی ناونووس کردبوو. یارمەتیدانی هەوڵە جەنگییەکانی ئەمریکا، سەربازانی کۆمانش و چۆکتاو زمانە زگماکییەکانیان بەکاردەهێنا (ڤیوڵا، ٢٠٠٨) - ئەو زمانانەی کە قەدەغە بوو لە قوتابخانە بەشە ناوخۆییەکان قسەی پێبکرایە و سزادانی لەسەر بوو - بۆ تێپەڕاندنی نهێنی لە کاتی شەڕەکاندا دژی سوپای ئەڵمانیا. لە بەرەی ناوخۆدا، کۆمەڵگە خێڵەکییەکان پێکەوە کۆبوونەوە بۆ کۆکردنەوەی ٢٥ ملیۆن دۆلار لە گرێبەستی جەنگدا لەکاتێکدا ١٠ هەزار خەڵکی ڕەسەن خۆبەخشانە بەشدارییان لە خاچی سووردا کردووە (ڤیوڵا، ٢٠٠٨).

لە ساڵی ١٩٢٨دا، ڕاپۆرتی مێریام کە ٨٠٠ لاپەڕەیە (پەیمانگای بڕووکینگ، ١٩٢٨) و لەلایەن وەزیری ناوخۆ و ڕێگەپێدراو لەلایەن پەیمانگای توێژینەوەی حکوومەتەوە، ئەنجامەکانی پێشکەش بە کۆنگرێس کرد و وردەکاریی مەرجەکانی لەسەر زەویی مۆڵگەکانی پارێزگاری خستە ڕوو. هەرەسهێنانی ڕاستییەکان ڕوون بووەوە کە یاسای داوەس شکستێکی خەمناک بووە. لە ڕاپۆرتەکەدا وردەکاریی دۆخی خراپی تەندروستیی هیندییەکان خرایە ڕوو چ لە ناو مۆڵگەکانی پارێزگاری و چ لە دەرەوەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە تاکە گرنگترین بەشداربووی کێشەکە دابینکردنی خۆراکی ناتەواو بوو (پەیمانگای بڕووکینگ، ١٩٢٨). هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە ترسناکیی هەژاری، بەتایبەتی ئاماژەدان بە ئاستی زۆر نزم لە داهاتی بەدەستهێنراو و کە زەوییە تەرخانکراوەکان تا ڕادەیەکی زۆر بۆ چاندن یان کشتوکاڵ نەگونجاو بوون و ئەمەش وایکردبوو کە نزیک بێت لە مەحاڵەوە و "لە ژیان و گوزەرانی گونجاو" لایداوە (پەیمانگای بڕووکینگ، ١٩٢٨، ل٢٠). ڕاپۆرتی مێریام بەتایبەتی ڕەخنەی زۆری دەگرت لە قوتابخانە بەشە ناوخۆییەکانی هیندییەکان، بۆیان دەرکەوت کە منداڵەکان لە ڕادە بەدەر خراپ بوونە بەر کارکردن، ناتەواوی لە خۆراکدا، کەمیی چاودێریی تەندروستی و تێکڕا پەروەردەیەکی زۆر ناتەواو.

بە پاڵپشتیی ئەم بەڵگەنامەیە، دەستپێشخەرییەکی نوێ دەستپێیکرد - یاسای ساڵی ١٩٣٤ی ڕێکخستنەوەی هیندییەکان [یاسای ویلەر - هاوارد]. زۆرێک لە ڕاسپاردەکانی چاکسازی لە ڕاپۆرتی مێریامدا لە یاساکەدا جێگیر کرابوون. جێی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرسوڕمان نییە کەوا یاسا پێشنیازکراوەکە بەتوندی بەرەوڕووی ناڕەزایی مەسیحییەکان و یاسادانەرانی کۆنەخواز بووەوە کە ترسیان لەوە هەبوو هیندییەکان بگەڕێنەوە "بۆ دۆخی نەریتیی خۆیان" (نابۆکۆڤ، ١٩٩١). سەرەڕای ئەوەش، دوای چوار ساڵ لە دەرچوونی ڕاپۆرتی مێریام، یاسای کۆتایی دەرچوو و شوێن تەرخانکردنەکان ڕاگیرا. [یاسای ویلەر- هاوارد] دەرفەتی کۆنترۆڵی زیاتری دا بە خێڵەکان بەسەر مۆڵگەکانی پارێزگاریدا، زیادکردنی بڕیاری چارەی خۆنووسینی خێڵەکی و بەرپرسیارێتی. هەروەها یاساکە ڕێگەی پێدان بۆ یەکخستنی خۆبەخشانەی زەوییەکان، سندووقێکی قەرزی بۆ گەشەپێدانی ئابووریی دامەزراند لە وڵاتی هیندییەکاندا و ڕێگەی بە بیرۆی کاروباری هیندییەکان دا کە "پێویستیی لەپێشینەی هیندییەکان" بەکاربهێنێت بۆ دامەزراندنی کارمەند. ئەو خێڵانەی کە ئامادەبوون واز لە فۆرمەکانی حوکمڕانیی نەریتیی خۆیان بهێنن و شێوازێکی ئەمریکی دروست بکەن بۆ سیستەمی حوکمڕانیی ئێستا دەتوانن ئەنجومەنی خێڵەکیی خۆیان هەڵبژێرن و خۆبەڕێوەبەریی سنووردار ئەزموون بکەن، ئەگەرچی لە ژێر چاودێریی وردی بیرۆی کاروباری هیندییەکاندا بن (دێلۆریا، ٢٠٠٢). ئەم سیاسەتە بوو لەناکاو لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانیی دووەمدا وەستا. هێشتا حکوومەتی فیدراڵی ٥٠٠ هەزار دۆنمی دیکەی زەوی لە هیندییەکان سەند بۆ بەکارهێنانی سەربازی (کۆهێن، ٢٠٠٥).

## کۆتاییهێنان و گواستنەوە لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ ١٩٦٨

سیاسەتە فیدراڵییەکان لەم ماوەیەدا بریتی بوون لە کۆتاییهێنان و گواستنەوە. بەپێی ویلکنسن (٢٠٠٥)، کۆنگرێس ویستوویەتی بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە فیدراڵییەکانی پێشوو کە جەختی لەسەر دەکردەوە، کە ئاسیمیلەکردن و بێ خێڵەکیکردن بوو بۆ نەهێشتنی سوودە تەندروستی و ئابووری و پەروەردەییەکان، لەگەڵ بەرنامە و پاراستنەکانی گشتیی فیدراڵی. سەرەڕای ئەوەش، حکوومەتی ویلایەت و پارێزگاکان ویستوویانە بنکەی باجەکانیان فراوانتر بکەن بە زیادکردنی زەوییە هیندییەکان بۆ لیستی باجەکانیان (ئولریخ، ٢٠١٣). لە ڕەنگدانەوەیەکی سەردەمی شەڕی سارددا، هەندێک لە نوێنەرانی کۆنگرێس بە شێوەیەکی خێڵەکییانە خاوەندارێتیی زەوییان لەگەڵ کۆمۆنیزمدا یەکسان کرد و تەماشایان کرد کە بەتەواوی نائەمریکییە.

"کۆتاییهێنان" بریتی بوو لە گۆڕینی دۆخی خێڵەکان لە نەتەوە سەروەرەکانەوە بۆ هاوڵاتییانی تایبەت، لەگەڵ خاوەندارێتیی زەوی و سەروەت و سامانی باج لەسەر کە دەتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت بەهۆی نەدانی پارەوە. هەرچەندە خێڵەکان بەتوندی ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵام حکوومەتی فیدراڵی ١٠٩ خێڵی کۆتایی پێهێنا (ئولریخ، ٢٠١٣).

یەکەمجار دوو خێڵ "سەرکەوتوو" بوون - کە ئەوانیش کلاماتەکانی ئۆریگۆن و مێنۆمینیی لە ویسکنسن. کۆتاییهێنان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کارەساتبار بوو بۆ سەروەریی خێڵەکی، ئۆتۆنۆمی، خۆشگوزەرانیی ئابووری و کولتووره خێڵەکییەکان و تەندروستی و پەروەردەی ئەندامانی خێڵەکانی وێران کرد (ویلکینسن، ٢٠٠٥). خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک پۆلیس، ئاگرکوژێنەوە، چاودێریی تەندروستی و بەرنامەی پەروەردە و خوێندن لەناکاو کۆتاییان هات. کلینیکی تەندروستی خێڵەکیی مێنۆمینی و نەخۆشخانە داخران چونکە ئەوان نەیانتوانی ستانداردەکانی ویلایەت بەدیبهێنن و پارێزگاکە سەرچاوەی دارایی پێویستی نەبوو بۆ بەدیهێنانی چاکسازیی پێویست (ئولریخ ٢٠١٣). لە ئەنجامدا کاتێک پەتای سیل بڵاوبووەوە، چاودێریی گونجاو بەردەست نەبوو و ٢٥%ی دانیشتووان تووشبوون (ویلکینسن، ٢٠٠٥).

دەستکەوتی ئەکادیمی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بوو. لە ساڵی ١٩٦٦دا، خێڵی مێنۆمینی ئەدای تاقیکردنەوەی ئایۆوا بۆ زیرەکیی بنەڕەتی پێوانە کراوە بۆ ١٣% بۆ خوێندکارانی پۆلی سێیەم و ١٧% بۆ خوێندکارانی پۆلی شەشەم بە بەراورد لەگەڵ ٨٢% و ٦٠%، بە دوای یەکدا، بۆ منداڵانی غەیرە مێنۆمینی، لەکاتێکدا ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن دوای پۆلی نۆیەم بۆ ٧٥% بەرزبووەوە (هارکینس، ١٩٧٠). گەورەکردنی کێشەکان ئەوە دابڕانی جوگرافیی هەردوو خێڵەکە بوو. بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و نەبوونی سەرچاوەی ئابووری و دەرفەتەکان لەکۆتاییدا ئەندامانی خێڵەکیی لە هەردوو خێڵی کلامات و مێنۆمینی ناچاری لیستی یارمەتییە گشتیەکان کرد (ئولریخ، ٢٠١٣).

هەروەها کۆتاییهێنان لەدەستدانی ناسنامەی کەسیی دروستکرد. وەک ئۆلریخ (٢٠١٣) لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ئادا دیر، کە ئەندامێکی خێڵی مێنۆمینی بوو و دواتر بوو بە کۆمیسیاری کاروباری هیندییەکان، دەگێڕێتەوە:

(بیرمە پیاوێکی بەڕێز پێیوتم کە ئەو سەری لێشێواوە - ڕۆژێک هیندییە و ڕۆژی دواتر ئەوە نییە. بە خەملاندنی من کۆتاییهێنان تێسرەواندنێکی دەروونیی قووڵ بوو بۆ تاک و خێڵەکە. ئێمە هێشتا بەسەر هەندێک لە زیانەکاندا زاڵ دەبین... ئەمە تەنها لێدانە لە سکی خۆیان" (ل ٢٤).

سیاسەتەکەی تر کە "گواستنەوە و سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوە" بوو بۆ ڕاکێشانی هیندییەکان لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکانیانەوە بۆ کارکردن لە شارە گەورەکاندا. هەروەها هاندانیان بۆ جێهێشتنی خێزانەکانیان و سیستەمی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی لە مۆڵگەکانی پارێزگاریدا، بەرنامە فیدراڵییەکان کەمترین پشتگیرییان پێشکەش کرد لە دەرەوەی بلیتی یەکلایەنە و یارمەتی دارایی (کۆهێن، ٢٠٠٥). خزمەتگوزارییەکانی بەردەست بۆ گەلە هیندییەکان لە مۆڵگەکانی پارێزگاریدا بە تەواوی لە ناوچەکانی سەرلەنوێی نیشتەجێکردنی شارەکاندا نەبوون. بۆ زۆرێک گواستنەوە و سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوە بوو بە هەڵوەشانەوە. زۆرێکیان تووشی دابڕان و گۆشەگیری، تەنیایی، بەدمەستی، خەمۆکی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەراسانکردنی پۆلیس، ڕێژەی بەرزی بێکاری و تاوان بوون. بەڵام هیندییەکانی دانیشتووی شارەکان گەشەیان کرد. لە ساڵی ١٩٤٠دا تەنها ٨٪ ی هیندییە ئەمریکییەکان لە شارەکاندا دەژیان بە بەراورد بە ٥٦.٥%ی تێکڕای دانیشتووان ، کەچی لە ساڵی ١٩٧٠دا بوو ٤٥% و ئەمڕۆ نزیکەی ٨٨ % DHHS) ، ٢٠١٠).

هەر لە هەمان ئەم ماوەیەدا منداڵانی هیندییەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی لە خێزانەکانیان دوور دەخرانەوە. لە توێژینەوەیەکی ساڵی ١٩٦٩دا کە لەلایەن کۆمەڵەی کاروباری هیندییەکانی ئەمریکاوە ئەنجامدراوە و ڕاپۆرت کراوە بۆ دانیشتنێکی ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان (سەنات) لە ساڵی ١٩٧٤دا، مەزەندە کراوە کەوا ٢٥ - ٣٥% (نزیکەی ٢٩ هەزار)ی هەموو منداڵانی هیندییەکان لە خێزانەکانیان و کۆمەڵگە خێڵەکییەکان جیاکراونەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەخێوکەرانی غەیرە هیندی و ئەو خێزانە بەخێوکەرانەی لەخۆیانگرتوون دابنرێن (دانیشتنی گوێگرتنی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، ١٩٧٤). بیرۆی کاروباری هیندییەکان کە دەستی هەبوو لەم کێشەیەدا و بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی چاودێری منداڵانی ئەمریکا Child Welfare League of America (CWLA) بەرنامەی لەخۆگرتن و بەخێوکردنی هیندیی دامەزراند بە مەبەستی ڕاگواستنی منداڵەکان. بە پەیڕەویکردنی نموونەی CWLA، زۆرێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری منداڵانی ویلایەتەکان بەرنامەی هاوشێوەیان دروستکرد. کاتێ بە بەراورد لەگەڵ منداڵانی غەیرە هیندی، ڕێژەی دانان لە چاودێری بەخێوکردن یان لەخۆگرتن نزیکەی ١٦ هێندە زیاتر بوو لە تێکڕا هەموو گرووپەکانی تر پێکەوە (دانیشتنی گوێگرتنی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، ١٩٧٤).

هەر لەم ماوەیەدا، ساڵی ١٩٥٣، بە مەبەستی پاڵنانی هیندییەکان بۆ ناو ئەمریکای سەرەکی، کۆنگرێس یاسای گشتیی ٨٣ - ٢٨٠ی پەسەند کرد کە دەسەڵاتی تەشریعیی گواستەوە بۆ جێبەجێکردنی یاسا و یاسای مەدەنیی مەسەلەکان لە حکوومەتی فیدراڵییەوە بۆ حکوومەتی ویلایەتەکان (ئوڵریخ، ٢٠١٣). یاساکە ئیلزامی بوو لە کالیفۆرنیا، نیبراسکا، مینیسۆتا، ئۆریگۆن، ویسکۆنسن، و دواتریش لە ئالاسکا کاتێک کە بوو بە ویلایەت، ئەگەرچی چەند مۆڵگەیەکی پارێزگاریی کەم هەبوو کە لە یاساکە بەخشرابوون (کۆهێن، ٢٠٠٥). لە ماوەیەکی گونجاویشدا، نۆ ویلایەتی تر دەسەڵاتی دادوەریی تەواو یان بەشێکیان بەسەر زەوییەکانی هیندییەکاندا درێژکرایەوە لە ویلایەتەکانیاندا (کۆهین، ٢٠٠٥). ئەمەش پەیوەندیی تایبەتی حکوومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکوومەتی خێڵەکی خێڵەکاندا و بەربەستی گەورەی بۆ خێڵەکان دروستکرد لە یاسای گشتیی ٨٣ - ٢٨٠ی ویلایەتەکاندا بە هەوڵی پەرەپێدانی سیستەمی دادوەریی تاوانکاریی خێڵەکیی خۆیان (کۆهێن، ٢٠٠٥؛ ژووری پاکتاوکردنی دادگای خێڵەکی، ٢٠١٤).

هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی خەڵکی ڕەسەن "بەتەواوی یان بەشێکی" سەرومڕ بەردەوام بوو لە ماوە ستراتیجییەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆتاییهێنــان و ڕاگــوێزان و ســەرلەنوێ نیشــتەجێکردنەوەدا (تاوانەکــانی جینۆســایدی نەتەوە یەکگرتووەکــان، ١٩٤٨). بە درێژایی پرۆسەی کۆتاییهێنـان، هەوڵی بە مەبەست درا بـۆ دروستکردنی هەلومەرجێک کە ببێتە هـۆی لەنـاوبردنی گەلانـی ڕەسەن. هەرچەنـدە خێڵەکـان شـەڕیان دەکرد بـۆ وەسـتاندنی کۆتاییهێنـان و هەردوک هینـدی و داکۆکیکارانی غەیـرە هینـدی بەڵـگەی زۆریـان پێشـکەش کـرد و بە ڕوونـی نیشـانیان دا کە خێڵەکـان ژێرخـان، سـەرچاوە داراییەکـان، یـان پاشـخانی خوێندنیان بۆ ئەنجامدانی دەستپێشخەری و پرۆسەی کۆتـاییهێنـان هەر بـۆ پێشەوە گوژمی خۆی دەدا (ویلکینسن، ٢٠٠٥). بـۆ زۆرێک لە ئەندامانی خێڵ کۆتـاییهێنان هەم زیانێکی جەستەیی و هەم زیانێکی دەروونـی دروست دەکرد. خزمەتگوزارییەکـانی چاودێریی تەندروستی بەردەست نەبـوون و زۆربەیـان بە دەست پەتـا چارەسەرنەکراوەکانەوە دەیاننالاند. بـۆ ١٠٩ گەل یـان نەتەوەی خێڵەکی، کۆتاییهێنان لە قووڵایی دڵی خودشوناسیی و هەستکردن بە بەهای خۆ دەدا و لایەنـی سۆزداری و ڕۆحی لاواز دەکـات. جـارێکی تـر منـداڵانی ڕەسـەن لە خێزانەکانیـان و کـۆمەڵگە خێڵەکییەکانیـانەوە گواسترانەوە بـۆ نـاو خێـزانە غەیرە هیندییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا و ئەم "ڕێوشوێنە سەپێنراوانە نیاز و مەبەست لێیـان ڕێگریکـردن لەوەی کە لە نـاو گرووپەکەدا چیتر لەدایکبوون مەیسەر نەبێت" (تاوانەکانی جینۆسایدی نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٩٤٨).

قۆناخەکانی جینۆسایدی ستانتۆن (٢٠١٣) هێشتا هەر لە تەواوی گـوڕوتینی خۆیدا مـابووەوە. سـەرەتا حکوومەتی فیـدراڵی پرۆسـەکەی بە "کۆتـاییهێنــان" نـاوزەد نەدەکـرد، لەبـری ئەوە تەفـرەدان و زمـان شـیرینیی بەکاردەهێنـا (ئامادەکـاری) وەک "ئازادی" بۆ هیندییەکان، "ڕزگاری" بۆ خێڵەکان، "وازهێنان لە چاودێری"، "ئازادبوون" و .. تـاد، بۆ لێسـەندنەوەی سەروەریی گەلانی خێڵەکی و متمانەکردن بە ماف و زەوییەکانیان (چەوساندنەوە). بەهۆی کۆتـاییهێنانەوە، خێڵەکان نـاچار کـران بەرەو لێـواری کارەسـاتی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی بـڕۆن (لەمرۆڤـایەتی خستن) و وا لە خەڵکی ڕەسـەنی بکەن کە هەژاریـی تەواو تەنگیـان پێهەڵبچنێت و هـیچ دەرەتـانێکیـان نەمێنێت. ئەمـەش دەستپێشـخەرییەکی کـۆنگرێس بـوو (ڕێکخـراو). هەرچەنـدە بەڵـگەی ڕوون و ئاشـکرا لە چەنـدین ئـاژانس و دەزگـا بیزنێسـەوە دەدرا و پێشـبینیی وێرانبـوونی کـۆمەڵگە و گەلانـی خێڵەکییان دەکرد، بەڵام کۆنگرێس وای پێباش بوو کە چاوی لێ بخەوێنێت و مەسەلەکە فەرامۆش بکات. کـاتێ کە خێڵەکـان و خەڵکە ڕەسەنەکە کەوتنە ئەوەی زەوی و خاکیان لەدەست بچێت، وەک پێشبینی دەکرا، بـۆ ئەوەی تەواو گرفتـاری دەرد و ئازاری ڕوو لە زیادبوونی کێشە تەندروستییەکان و کەمیی دەستکەوتی ئەکادیمی ببنەوە، سەرکردەکانی کۆنگرێس لە بـایەخی ڕووداوەکانیان کەمکردەوە یان سەرکۆنەی خەڵکی ڕەسەن و حکوومەتە خێڵەکییەکانیـان دەکرد و بە بەرپرسیاریان دەزانـی لە شکست و دەرئەنجامەکان (نکووڵی کردن).



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بڕیاری چارەی خۆنووسین، ١٩٦٨ تا ئەمڕۆ

لە پەیامێکی تایبەتدا بۆ کۆنگریس لە ساڵی ١٩٦٨دا، سەرۆک لیندن ب. جۆنسن ڕەخنەی لە پەیوەندییە شکستخواردووەکانی حکوومەتی فیدراڵیی گرت لەگەڵ خێڵە هیندییەکاندا. بەتایبەتی داخ و خەفەت دەربڕین بۆ ئەو "دۆخە تراجیدی و نالەبارەی" ڕووبەڕووی کۆمەڵگە خێڵەکییەکان دەبنەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە: ئەوپەڕی هەژاری و خراپیی بارودۆخی نیشتەجێبوون و ٤٠%ی ڕێژەی بێکاری و ٥٠%ی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندنی ئامادەیی و ڕێژەی تەمەنی ٤٤ ساڵ و ئاماری تەندروستی کە ڕکابەری هەر وڵاتێکی گەشەسەندوو بوو. جۆنسن پێشنیازی وەستاندنی هەڕەشەکانی فیدراڵیی کرد بە کۆتاییهێنان بەو خێڵانەی کە جەختیان لەسەر داواکاریی چارەنووسی هیندییەکان و پێشخستنی هاوبەشیی فیدراڵ و خێڵەکان بۆ ئەوەی خێڵەکان باشتر بتوانن پێداویستیی کۆمەڵگەکانی خۆیان دابین بکەن. جۆنسن زیاتر پێشنیازی هەماهەنگیی خزمەتگوزارییەکانی دەزگای فیدراڵیی کرد بۆ پرۆژەکانی کۆمەڵگە هیندییەکانی دێهات بۆ ئەوەی سەرکردەکانی خێڵەکان بەشداریی زیاتر لە پەرەپێدان و بەڕێوەبردنیاندا بکەن (شامپاین، ٢٠٠٩). ئەمەش زەمینەی دارشت بۆ یاسای گشتیی ٩٣ - ٦٣٨، کە سەرۆک ڕیچارد نیکسن لە ساڵی ١٩٧٥ واژۆی کرد. یاسای بڕیار لەخۆدان و یارمەتیی پەروەردە و خویندن ڕێگەی بە خێڵەکان دا کە بە دڵنیاییەوە خۆیان بەڕێوەببەن و حکوومەتی فیدراڵی مافی خاوەنداریتی و سامانە سروشتییەکانیان بپارێزێت و (وەک هەر ویلایەتێکی تری ویلایەتە یەکگرتووەکان) یارمەتیان بدات لە پەروەردە و چاودێریی تەندروستی و دەرفەتی ئابووریدا. دوای نزیکەی دوو سەدە یاسا فیدراڵییە کارپێنەکراوەکان، ئەمە دابڕانێکی ڕوون بوو لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕابردووی فیدراڵیدا. نیاز و مەبەست بە گوێرەی نیکسن ئەوە بوو کە "هەستی ئۆتۆنۆمیی هیندییەکان بەهێز بکات بێئەوەی هەڕەشە بکرێت لە هەستی کۆمەڵایەتی ئەو" (١٩٧٠، ل ٢). ئێستا وا خێڵەکان دەسەڵاتیان هەیە کە ڕاستەوخۆ گرێبەست لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا بکەن بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەک و یارمەتییەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی خزمەتکردنی ئەندامانی خێڵەکانیان و کەسانی تری شایستە. یاساکە کۆنترۆڵی زیاتریان پێدەبەخشێت بەسەر خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگەکانی خۆیاندا و توانای بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی چاودێریی تەندروستی خۆیان، سەرچاوە سروشتییەکان، بەرنامەکانی ژینگەیی، دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا، و بەرنامەکانی پەروەردەیی و چاودێریی منداڵانیان بۆ دەرەخسێنێت.

بەڵام چی نەمابوو؟ هەرچەندە هیندییەکان لە ساڵی ١٩٢٤ەوە مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا، بەڵام تا ساڵی ١٩٦٨ ئەو مافەیان ئەزموون نەکرد و لەو ساڵەدا توانییان لە هەڵبژاردنەکانی ویلایەتەکانی نیو مەکسیکۆ و ئەریزۆنادا دەنگ بدەن. ئازادیی ئایینی، کە هەموو ئەمریکییەکان وایدادەنێن کە مافی هەموارکردنی یەکەمیان نەدراوە بە هیندییە ئەمریکییەکان تا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵی ١٩٧٨ و لە ساڵی ١٩٩٤دا هەموار کرایەوە بۆ ئەوەی بەکارهێنانی پەیۆت peyote لە کەنیسەی ئەمریکییە ڕەسەنەکاندا بڕەخسێت. لەدەستدانی منداڵانی هیندی لە خێزان و کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا ئەوەندە ترسناک بوو کەوا لە ساڵی ١٩٧٨دا کۆنگرێس یاسای چاودێریی منداڵانی هیندیی دەرکرد بۆ وەستاندنی 'خوێنبەربوونەکە'. بێجگە لەوەش لە ساڵی ١٩٩٠دا، لەسەر پێداگریی لە خێڵەکان، کۆنگرێس یاسای پاراستن و گەڕاندنەوەی گۆڕەکانی ئەمریکییە ڕەسەنەکانی دەرکرد Native American Graves Protection and Repatriation Act (NAGPRA)، کە داوا لە دەزگا فیدراڵییەکان و ئەو دامەزراوانەی کە پارەی فیدراڵی وەردەگرن کەوا ڕوفات و پاشماوەی هیندییەکان و شتومەکی کولتووری و پرسە و شتە پیرۆزەکان بۆ خێڵەکانی خۆیان. بۆ خێڵە ڕەسەنەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری وڵات، ئەو یاسایە هۆکار و ئامرازی مانەوەی کولتووری دابین کرد.

## تەندروستیی ڕەفتاریی هیندییە ئەمریکییەکان و خۆشگوزەرانی

بارودۆخی خەڵکی ڕەسەن بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بووە بە بەراورد بەو ئامارانەی کە لە وتارەکەی سەرۆک جۆنسن بۆ کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٦٨دا باسکراون. دادگاکان پشتگیرییان لە ڕاوکردنی خێڵەکی و مافی ماسیگرتن و بووژاندنەوەی کولتووری و زمان لە دڵی زۆربەی کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندایە. بەڵام تەندروستیی ڕەفتاری و خۆشگوزەرانیی خەڵکی ڕەسەن هەژارترینە لە وڵاتەکەدا، لەکاتێکدا ڕێژەی ئەو توندوتیژییانەی کە دژی گەلانی ڕەسەن ئەنجام دەدرێن بەردەوامە.

لە ماوەی سێ ساڵدا، لە ساڵی ١٩٧٣ تا ١٩٧٦، خزمەتگوزاریی تەندروستیی هیندییەکان Indian Health Service IHS)٣٤٠٦ ژنی ڕەسەنی کوتاوە بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان. بەپێی ڕوتێکی (٢٠١٠)، "بۆ هەر تاکێک، ئەم ژمارەیە دەبوو هاوتا بێت لەگەڵ کوتانی ٤٥٢ هەزار ژن کە ئەمریکیی ڕەسەن نین" (ل ٢). لەڕاستیدا پێدەچێت ئامارەکان زۆر خراپتر بن لەوەی کە ڕاپۆرتکراون. بۆ ئەلبوکێرک IHS ، ڕێکارەکانی کوتان درابووە دەزگا و دامەزراوەکانی غەیرە هیندی، بۆیە لە داتابەیسی IHS تۆمار نەکرابوون. لە ناڤاجۆلاند، لە ساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٧٨ لەبارچوونی منداڵ بە ڕێژەی ١٣٠% زیادی کردووە، لە ٣٤ بۆ ٧٧ لە هەر هەزار حاڵەتێکی لەدایکبوون. هەر لەم ماوەیەدا ڕێکارەکانی کوتان زیادیان کرد لە ١٥.١% بۆ ٣٠.٧% (Temkin-Greener, Kunitz, Broudy, & Haffner, ١٩٨١).

ڕێژەی توندوتیژیی جەستەیی دژ بە هیندییەکانی ئەمریکا و خەڵکی ڕەسەنی ئالاسکا ئابڕووچوونێکە بۆ خۆی. لە ساڵی ١٩٩٩دا، وەزارەتی دادی ئەمریکا توندوتیژیی دژی هیندییەکانی ئەمریکای ڕاگەیاند کە زیاتر بوو لە دوو هێندەی ڕێژەی هەموو وڵاتەکە: ١٢٤ - ١٠٠٠ بۆ نەیتیڤ یان ڕەسەنەکانی ئالاسکا بەراورد بە ٥٠ - ١٠٠٠ بۆ غەیرە هیندییەکان. بۆ ژنانی خەڵکی ڕەسەنی ئالاسکاش ئامارەکان زۆر خراپترن. لە ساڵی ٢٠٠٠دا، تێجادن و تۆنێس ڕاپۆرتیان داوە کە ٦١%ی ژنانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەسەن (یان ٣ لە کۆی ٥) لە ماوەی ژیانیاندا دەستدرێژییان کراوەتە سەر، بەراورد بە ٥٢% بۆ ئەمریکییە ئەفریقییەکان، ٥١% بۆ سپییپێستەکان و ٥٠% بۆ ژنانی ئەمریکیی ئاسیایی. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاندووە کە سێ یەکی ژنانی هیندیی ئەمریکی لە ژیانیاندا دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتە سەر؛ بە تێبینیی ئەوەی کە ٨٦%ی دەستدرێژییەکان پیاوانی غەیرە هیندیی ئەمریکی ئەنجامی دەدەن و زۆر کەمیان لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. لەڕاستیدا ترسناکیی ئامارەکان زۆر کەمترە لەوەی کە لە واقیعدا دەگوزەرێت.

بەربڵاویی هەژاری و بێکاری و بێ خانە و لانەیی و دوورخستنەوەی منداڵان لە خێزانەکانیان هێندە کارەساتبارە لە گێڕانەوە نایەت. بەپێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠١٠، ڕێژەی هەژاری بۆ خەڵکانی ڕەسەنی ئالاسکا ٢٨,٤%ە بەراورد بە ١٥.٣% بۆ هەموو ڕەگەزەکانی تر، لەکاتێکدا کە تێکڕا داهاتی تاک ٣٥.٠٦٢ دۆلارە بۆ خەڵکی ڕەسەن و ٥٠ هەزار دۆلارە بۆ هەموو ڕەگەزەکانی تر. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢دا، سەرژمێرییەکە ڕاپۆرتی ئەوەی داوە کە بۆ ئەو خێزانانە ڕەسەنانەی ئالاسکا کە منداڵیان کەمترە لە ١٨ ساڵ لە تەمەنی ٣٦.٥% لە هەژاریدا دەژین (٣٩% لە مۆڵگەکانی پارێزگاریدا) بە بەراورد لەگەڵ ٢٢.٢%ی تەواوی دانیشتووانی ئەمریکا. سەبارەت بە چاودێریی بەخێوکردن، هەرچەندە منداڵانی ڕەنگاوڕەنگ لەم بابەتەدا زیاد لە پێویست نوێنەرایەتی دەکرێن منداڵانی ڕەسەن - کە تەنها ١.٢%ی دانیشتووانی گشتیی منداڵانن - نوێنەرایەتی ٢.٦%ی ئەو منداڵانەی لە چاودێریی بەخێوکردندان (ئەنجومەنی نیشتمانیی دادوەرەکانی دادگای نەوجەوانان و خێزان، ٢٠١١). لە ویلایەتی مینیسۆتا ئامارەکان زۆر خراپترن و نزیکەی ١١.٦%ی منداڵانی خەڵکی ڕەسەن لە چاودێریی بەخێوکردندان بەراورد بە ١.٥%ی تەواوی دانیشتووانی منداڵان. لەکاتێکدا ڕێژەی بێ خانە و لانە بۆ هەموو کەسەکان ١ لە هەر ٤٤٥ کەس یان ٢٢,٠%ە و بۆ هیندییە ڕەسەنەکانی ئەمریکا ١ لە ٨٩ کەسە یان ١.١٣% (سەرژمێریی ئەمریکا، ٢٠١٠). بێجگە لەوەش، هەرچەندە لەوانەیە ئەم ئامارانە ترسناک بن، بەڵام ڕێژەی زیندانیکردن بۆ ئەو ویلایەتانەی کە دانیشتووانی ڕەسەنی زۆریان هەیە بە ڕێژەی ٣٨% زیاترە لە ڕێژەی نیشتمانی (بێڵ، ٢٠١٤. بۆ نموونە، لە ویلایەتی مۆنتانای، هیندییەکانی ئەمریکا ٦%ی دانیشتووانن، بەڵام زیاتر لە ٢٠%ی دانیشتووانی زیندانیکراو پێکدەهێنن؛ لە داکۆتای باشوور، کە ڕەسەنەکان تەنها ٨.٩%ی دانیشتووانن، گەنجانی ڕەسەن ٣٨%ی تاوانبارانی نەوجەوان پێکدێنن و 29%ی دانیشتووانی زیندانی گەورەساڵانن و ٣٥%ی دانیشتووانی زیندانیکراوی ژنان پێکدێنن (دێسجاردن و لاسەی- بۆردۆ، ٢٠١٢).

هەروەها هیندییەکان لە هێڵەکانی بێکاریدا زیاد لە ڕێژەی ئەوانیتریان تێپەڕاندووە. لە ساڵی ٢٠١٠دا، کاتێ کە ڕێژەی بێکاریی وڵات لە دەوری ٧.٧% بوو، بۆ ڕەسەنەکانی ئالاسکا ڕێژەی گشتیی ١٥.٢% بوو، هەرچەندە جیاوازی ناوچەیی هەبوو. لە ڕۆژئاوای ناوەڕاست ڕێژەی بێکاری بە تێکڕا ١٩,٣% بووە، بەڵام لە ئەلاسکاش ٢١.٣%، بوو و لە مۆڵگەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پارێزگاریی پاین ڕیج، خشت ٨٥% بووە (سەرژمێریی ئەمریکا، ٢٠١٠).

لێکۆڵینەوەی بایەخدار هەیە کە پەیوەندیی نێوان هەژاری و نەخۆشیی ئەقڵیی دەردەخات. جێی سەرسوڕمان نییە کۆمەڵگە و خێزانە ڕەسەنەکان تووشی کێشەی تەندروستی و دەروونیی گەورە بوون. ڕاپرسیی نیشتمانیی تەندروستیی دەروونی و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانی ساڵی ٢٠١٢ی DHHS دەریخستووە کەوا کاتێ بەراورد دەکرێت لەگەڵ هەموو گرووپە ئیتنیکییەکانی تر وێنەی تەندروستیی دەروونیی گشتی بۆ گەلانی ڕەسەن تەواو تەڵخ و تاریک بوو. بۆ نموونە، ڕێژەی سەدی کەسانی گەورەی ١٨ ساڵ یان سەرووتر کە بەدەست نەخۆشیی دەروونییەوە دەناڵێنن ٢٨.٣% بووە بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی ئالاسکا بەراورد بە ١٣.٩% بۆ ئەمریکییە ئاسیاییەکان، ١٦.٣% هیسپانییەکان، ١٨.٦% ڕەشپێستەکان و ٢٠,٧% سپی پێستەکان، بەدوای یەکدا. بەڵام ڕێژەی دانیشتووانی ڕەسەنی ئالاسکا کە بە کێشەی دەروونیی توند دەستنیشان کراوە 8.5% بووە بەراورد بە ٢.٠% ئەمریکییە ئاسیاییەکان، ٣.٤% ڕەشپێستەکان و ٤.٢% سپیپێستەکان. کاتێک کە ڕێژەی خەمۆکیی توند ١٠% بووە بۆ ڕەسەنەکانی ئالاسکا بەراورد بە ٣.٢% لە نێوان ئاسیاییەکان، ٦.٣% لە نێوان ڕەشپێستەکان، ٧,٠% بۆ هیسپانییەکان و ٧,١% بۆ سپیپێستەکان. ئەوەی جێگای سەرنجە، توێژینەوەیەک کە لەلایەن کۆستێلۆ، ئێرکانکی، کۆپلاند و ئەنگۆڵدەوە ئەنجامدراوە (٢٠١٠)، بۆیان دەرکەوتووە بۆ بچووکترین منداڵی گەلی چێرۆکی کە خێزانەکە تەواوکەری داهاتی ساڵانەیان وەرگرتبوو، بە شێوەیەکی بەرچاو تێکچوونە دەروونییەکان کەمتر بوون، لەوانەش مەی خواردنەوە و حەشیش یان وابەستەیی و پشتبەستن بە دەزگا و خەڵکی تر بۆ ژیان و گوزەران.

لەکۆتاییدا، هیچ کەسێک لە وڵاتی هیندییەکاندا نییە کاریگەریی مەی خواردنەوە یان خۆکوشتنی لەسەر نەبێت. لە توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠١٣دا کە بەراوردی بەکارهێنانی مەی دەکات لەلایەن خوێندکارانی هیندیی ئەمریکییەوە بە تێکڕای نیشتمانی، ١٨.٣ لە پۆلی هەشتەم بە بەراورد لەگەڵ ٧.١%، ڕایانگەیاندووە کە بەدمەست بوون. ئەمەش لە ڕادەبەدەر جێگەی نیگەرانییە بەو پێیەی کە ڕێژەی مردن بەهۆی نەخۆشیی بەمۆمبوونی جگەرەوە cirrhosis بە ڕێژەی ٣٦٨% زیاترە لە تێکڕای ئاستی نیشتمانی (دەزگای خزمەتگوزاریی تەندروستیی هیندییەکان IHS، ٢٠١٤). سەبارەت بە خۆکوشتنیش، بۆ گەنجانی پێگەیشتووی ڕەسەنەکانی ئالاسکا لە تەمەنی ١٥ بۆ ٣٤ ساڵدا، ڕێژەی خۆکوشتن ٢.٥ هێندە زیاترە لە ڕێژەی گشتیی ژمارەی دانیشتووان CDC) ، ٢٠١٣(؛ ٣١ / ١٠٠ هەزار گەنجانی پێگەیشتووی ئالاسکا بەراورد بە ١٢.٢/١٠٠ هەزار کە خۆکوشتنیان ئەنامداوە. گەنجانی ڕەسەنی تەمەن ١٥ - ٢٤ ساڵ زۆرترین مەترسییان لەسەرە بۆ خۆکوشتن، بە ڕێژەی ٣,٥ هێندە زیاترە لە تێکڕای نیشتمانی و خۆکوشتن دووەم هۆکاری سەرەکیی مردنە لە ناو گەنجانی ڕەسەندا CDC) ، ٢٠١٣ .(لەگەڵ ئەوەشدا کە یاسای خۆشگوزەرانیی منداڵانی هیندییەکان Indian Child Welfare Act بڕیارە ئەو منداڵانە بپارێزێت لە بەخێوکردن لەلایەن کەسانی غەیرە هیندییەوە، بەڵام تا ساڵی ٢٠١٢ش یاساکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەردەوام پێشێل دەکراDHHS) ، ٢٠١٢).

## ئەنجام

جینۆساید، لەناوبردنی گەلێکە. بە لەبەرچاوگرتنی نموونە هاوچەرخەکانی جینۆساید، ئاسانە باوەڕ بەوە بکەیت کە لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا ڕوودەدات. بەڵام بە پێی لێمکین (١٩٤٨)، "ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگری لە تاوانی جینۆساید و سزادان لەسەری "پلان دانەر و داهێنەری وشەی جینۆساید،"... مەرج نییە جینۆساید بە مانای لەناوچوونی دەستبەجێی نەتەوەیەک بێت .... بەڵکوو ئاماژەیە بە پلانێکی هەماهەنگی بە ئامانجی لەناوبردنی خودی ئەو گرووپانە" (ل ٧٩). بۆ ماوەی نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لە ژێر حوکمڕانیی فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، هەوڵێکی هاوبەش هەبوو بۆ سڕینەوەی گەلانی ڕەسەن لە سەر خاکی ئەمریکییەکاندا. کۆمیونیتی (کۆمەڵگە) خێڵەکییەکان بەرکەوتەی ئاستێکی نائاسایی توندوتیژی و هەمیشە ڕوو لە زیادی ئاستەکانی نامۆبوون و دوورخستنەوە و پەراوێزخستن بوون لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە.

بە پیی لێمکین (١٩٤٨) دوو قۆناخ بۆ جینۆساید هەیە، ئەوانیش تێکشکاندن و سەپاندنن. تێکشکاندن بریتییە لە لەناوبردنی گەلێک، کە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دامەزراوە ئابوورییەکان و کولتوور و زمان و ئایین و هەستکردنیان بە ئاسایشی تاکەکەسی و ئازادییەکان و تەندروستیی جەستەیی و سۆزداری و شکۆ و کەرامەت دەگرێتەوە. دووەمیان، واتە سەپاندن، بریتییە لە کرداری سەپاندنی بەها و بیروباوەڕی نەتەوەیی ستەمکار بەسەر ستەملێکراوەکاندا. ئەم دوانە هەردوکیان بوونەتە پەیڕەوکاری حکوومەتی فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و خێڵە هیندییەکاندا.

لێمکین (١٩٤٦) ڕایگەیاندووە کە "هەر کەس و لایەک بەشداری بکات لە پیلانگێڕییەکدا بۆ لەناوبردنی گرووپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی یان ئایینی و هێرش بکاتە سەر ژیان و ئازادی یان موڵک و ماڵی ئەندامانی ئەو جۆرە گرووپانە گوناهبارە بە تاوانی جینۆساید" (ل ٢٣٠). وا دیارە، بەگوێرەی پێدراوەکانی مێژووی ئەمریکا، کە جینۆساید بە وردی سیاسەتە فیدراڵییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ڕەنگڕێژ کردووە. لەوەش گرنگتر، جینۆسایدی هیندییە ئەمریکییەکان لەم وڵاتەدا هەر بەردەوامە. ستانتۆن (٢٠٠٨ ب) دەڵێت، "لەڕاستیدا نکووڵیکردن بەردەوامبوونی جینۆسایدە، چونکە هەوڵێکی بەردەوامە بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی گرووپی قوربانییەکە لەڕووی دەروونی و کولتوورییەوە..." (ل ٣). بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەزموونی گەلە هیندییەکانە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەنـدە مەحـاڵە بە وردی کاریگەرییەکـانی ئەو ڕووداوە تراومابەخشـانە بپێـوڕێن کە بەسـەر هینـدییەکانی ئەمریکـادا هاتوون لە ژێر سایە و حوکمڕانیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بەڵام ئاشکرا و ڕوونە کەوا کۆمەڵکوژی و نـزیکە لەنـاوبردنی گەلانـی ڕەسـەن دانیـان پێـدا نەنـراوە و هەمـوار کـردنەوەش جێبەجـێ نەبـووە. گەلانـی ڕەسـەن دەینوێـت کەوا دان بەو جینۆسایدەدا بنرێت کە لەدژیان ئەنجامدراوە و ئەمەیان چارەسەرێکی پێویستە.

## سەرچاوە و پەراوێز


**References**

Adams, D. W. (1995). Education for extinction: American Indians and the boarding school experience, 1875 1928. Lawrence, KS: University Press of Kansas.

Amnesty International. (2009). Maze of injustice: The failure to protect indigenous women fromsexual violence in the USA. New York, NY: Amnesty International Publications. Retrieved from https://www.amnesty.org/en/documents/amr51/059/2007/en/

Anderson, G. C. (2014). Ethnic cleansing and the Indian: The crime that should haunt American. Norman, OK: University of Oklahoma Press.

Bell, J. (2014). Mass incarceration: A destroyer of people of color and their communities. Huffington Post. Retrieved from http://www.huffingtonpost.com/jamaalbell/massincarceration-a-dest_b_578854.html

Brookings Institute. (1928). [AKA: the Meriam Report]. The Problem of Indian Administration: Report of a Survey made at the request of Honorable Hubert Work, Secretary of the Interior, and submitted to him, February 21, 1928. Baltimore, MD: The Johns Hopkins Press. Retrieved from https://archive.org/details/ERIC_ED087573

Brown, D. (2007). Bury my heart at Wounded Knee: An Indian history of the American West. New York, NY: Holt Paperbacks.

Brown, T. (2006). Did the U.S. Army distribute smallpox blankets to Indians? Fabrication and falsification in Ward Churchill's genocide rhetoric. Plagiary, 1. Retrieved from http://hdl.handle.net/2027/spo.5240451.0001.009

Burnett, J. (1890). John Burnett's story of the Trail of Tears. Cherokee Nation. Retrieved from http://www.cherokee.org/AboutThe-Nation/History/Trail-of-Tears

Center for Disease Control and Prevention. (2013, May 3). Suicide among adults 3564 years – United States 1999 - 2010. Morbidity and Mortality Weekly Report, 62, 321 325. Retrieved from http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/23636024

Center for Disease Control and Prevention (2008, February 8). Adverse health conditions and health risk behaviors associated with intimate partner violence – United States, 2005. Morbidity and Mortality Weekly Report (MMWR), 57, 113 - 117. Retrieved from https://www.cdc.gov/mmwr/preview/mmwrhtml/mm5705a1.htm




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**Champagne, D. (2009). From full citizenship to selfdetermination 1930-75. In C. E. Trafzer (Ed.), American Indians American Presidents: A history (pp. 144 183). Washington, DC: Smithsonian Institution.**
**Cohen. (2005). Cohen's handbook of federal Indian law. Albuquerque, NM: University of New Mexico Press.**
**Costello, E. J., Erkanki, A., Copeland, W., & Angold, A. (2010). Association of family income supplements in adolescence with development of psychiatric and substance use disorders in adulthood among an American Indian population. Journal of the American Medical Association, 303 (19), 1954 - 1960. DOI: 10.1001/jama.2010.621**
**Deloria, V. (2002). The Indian reorganization act: Congresses and bills. Norman, OK: University of Oklahoma Press.**
**Desjardins, L., & Lacey Bordeaux, E. (2012). Problems of liberty and justice on the Plains. Retrieved from http://www.cnn.com/2012/08/10/us/embed-america-tribal- justice/**
**FearSegal, J. (2007). White man's club: Schools, race, and the struggle of Indian Acculturation. Lincoln, NE: University of Nebraska Press.**
**Fox, R. A. (1993). Archeology, history and Custer's Last Battle. Norman, OK: University of Oklahoma Press.**
**Harkins, A. M. (1970). The formal education of Menominee Indian children: Recent educationbackground conditions. Retrieved from http://eric.ed.gov/?id=ED067177**
**Harjo, S. S. (2004). American Indian Religious Freedom Act after twentyfive years: An introduction. Wicazo Sa Review, 19, 129 136.**
**Hoxie, F. E. (2001). The final promise: The campaign to assimilate the Indians, 1880 1920. Lincoln, NE: University of Nebraska Press.**
**Indian Health Service. (2014). Indian health disparities. Retrieved from http://www.ihs.gov/newsroom/factsheets/disparities/**
**Jackson, H. H. (1993). A century of dishonor: A sketch of the United States government' dealings with some of the Indian tribes. New York, NY: Indian Head Books. (Original work published 1881).**
**Johansen, B. E. (2000). Education – The nightmare and the dream: A shared national tragedy, a shared national disgrace. Native Americans, 17, 10 19.**
**Johnson, L. B. (1968). Special Message to the Congress on the Problems of the American Indian: "The Forgotten American." Retrieved from http://www.presidency.ucsb.edu/ws/?pid=28709**
**JohnsonDodd, K. (2002). 1850: An Act for the Government and Protection of Indians, Early California laws and policies related to California Indians. Retrieved from http://www.library.ca.gov/crb/02/14/02014.pdf**
**Kades, E. (2001). History and interpretation of the great case of Johnson v. M'Intosh. William & Mary Law and History, 19, 67 116. Retrieved from http://www.jstor.org/discover/10.2307/744212?uid=3739256&uid=2129&uid=2&uid=70&uid=4&sid=21104274432973**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

Lemkin, R. (1944). Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation Analysis of Government - Proposals for Redress, Chapter IX, (p. 79 – 95). Washington, DC: Carnegie Endowment for International Peace.
Lemkin, R. (1948). Genocide a new term and new conception for destruction of nations. In Axis rule in occupied Europe: Laws of Occupation Analysis of Government - Proposals for Redress, (pp. 7995). Washington, DC: Carnegie Endowment for International Peace.
Madley, B. L. (2009). American genocide: The California Indian catastrophe, 1846 1873. (Doctoral Dissertation). Retrieved from ProQuest. (Accession No. 3361527).
Nabokov, P. (1991). Native American testimony: A chronicle of IndianWhite relations from prophecy to the present 1492 - 1992. New York, NY: Penguin Books. National Council of Juvenile & Family Court Judges. (2011). Disproportionality rates for children of color in foster care. Technical Assistance Bulletin. No.209MU-MU-K001 from the Office of Juvenile Justice and Delinquency Prevention, Office of Justice Program, U.S. Department of Justice. Retrieved from
http://www.ncjfcj.org/sites/default/files/Disproportionality%20TAB1_0.pdf
Nixon, R. M. (n.d.). Special Message to the Congress on Indian Affairs. Retrieved on
http://www.presidency.ucsb.edu/ws/?pid=2573
Oliff, H. (2011). Treaties made, treaties broken. Retrieved from
http://blog.nrcprograms.org/treatiesmade-treaties-broken/
Oyez Project. (2014). Lone Wolf v. Hitchcock. The Oyez Project at IIT Chicago Kent College of Law. Retrieved from www.oyez.org/cases/19011939/1902/1902_275
Pember, M.A. (2007). A painful remembrance. Diverse. Retrieved from
http://diverseeducation.com/article/10281/
Pevar, S. L. (2012). The rights of Indians and tribes. New York, NY: Oxford University Press.
Power, S. (2002). A problem from hell: America and the age of genocide. New York, NY: Perseus Books Group.
Rome Statute of the International Criminal Court. (1998). Part II Jurisdiction, admissibility and applicable law. Retrieved from http://legal.un.org/icc/statute/99_corr/2.htm
Rutecki, G. W. (2010). Forced sterilization of Native Americans: Late twentieth century physician cooperation with national eugenic policies. The Center for Bioethics & Human Dignity. Retrieved from http://cbhd.org/content/forcedsterilization-native-americanslate-twentieth-century-physician-cooperation-national-
Sands, P. (2013). Lectures great crimes and troubles. Clare Hall Tanner Lecture. Retrieved from www.sms.cam.ac.uk/media/1614636
Sequoyah Research Center. (n.d.). Family stories from the Trail of Tears (taken from the Indian Pioneer History Collection, Grant Foreman, Ed.). Retrieved from
http://www.ualr.edu/sequoyah/uploads/2011/11/Family%20Stories%20from%20the%20Trail%20of%20Tears.htm
Sides, H. (2007). Forward. In Dee Brown's, Bury my heart at Wounded Knee: An Indian history of the American west. New York, NY: Picador.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

Smith, L. (1995, Nov. 21). A child's place: The case of adopted Native American twins has raised issues of culture, law, and parenting. Los Angeles Times. Retrieved from http://search.proquest.com.libproxy.edmc.edu/pqcentral/printviewfile
Smits, D. D. (1994). The frontier army and the destruction of the buffalo: 18651883. TheWestern Historical Quarterly, 25, 312 338. Retrieved from http://history.msu.edu/hst321/files/2010/07/smits-on-bison.pdf
Stannard, D. E. (1992). The conquest of the New World: American holocaust. New York, NY: Oxford University Press.
Stanton, G. H. (2008A). The cost of denial. Retrieved from http://www.genocidewatch.org/aboutus/thecostofdenial.html
Stanton, G. H. (2008B). The eight stages of genocide: 24hours for Darfar. Retrieved from http://www.youtube.com/watch?v=B70d2Z9yago
Stanton, G. H. (2013). The ten stages of genocide. Retrieved from http://www.genocidewatch.org/genocide/tenstagesofgenocide.html. Genocide Watch.
Starita, J. (2009) The case of Standing Bear: Establishing personhood under the law. Court Review, 45, 1 11. Retrieved from http://aja.ncsc.dni.us/publications/courtrv/cr451- 2/CR45-1-2Starita.pdf
Steinberg, A. (2013). Encyclopedia of politics of the American west. In S. L Danver (Ed.), Encyclopedia of politics of the American west (pp. 217 218). Thousand Oaks, CA: Sage Publications.
TemkinGreener, S. J., Kunitz, S. J., Broudy, D., and Haffner, M. (1981). Surgical fertility regulation among women on the Navaho Indian reservation, 1972 - 1978. American Journal of Public Health, 71, 403 407. Retrieved from http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC1619672/
Tjaden, P., & Thoennes, N. (2000). Full report of the prevalence, incidence, and consequences of violence against women: Findings from the National Violence Against Women Survey. Washington, DC: U.S. Department of Justice, National Institute of Justice & the U.S. Department of Health and Human Service, Centers for Disease control and Prevention. Retrieved from www.ncjrs.gov/txtfilesl/mij/183781.txt.
Tribal Court Clearinghouse. (2014). Public Law 83 280. Retrieved from http://www.tribalinstitute. org/lists/pl280.htm
Ulrich, R. (2013). American Indian Nations from Termination to Restoration, 19532006. Lincoln, NE: University of Nebraska.
United Nations. (1948). Chapter IV – Human Rights – Convention on the prevention and punishment of the crime of genocide. Retrieved from http://legal.un.org/avl/ha/cppcg/cppcg.html
United States Census. (2010). American community survey. Retrieved from https://www.census.gov/acs/www/
United States Census (2012). Poverty status in the past 12 months by sex by age: American Indian and Alaska Native. http://1usa.gov/1pNq8F



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

United States Constitution (1787). Retrieved from http://www.archives.gov/exhibits/charters/constitution_transcript.html

United States Department of Health and Human Services – Indian Health Services. (2011). American Indian/Alaska Native behavioral health briefing book. Retrieved from https://www.ihs.gov/Behavioral/documents/AIANBHBriefingBook.pdf

United States Department of Health and Human Services – Office of Minority Health (2010). Retrieved from http://minorityhealth.hhs.gov/templates/browse.aspx?lvl=2&lvlID=52

United States Department of Health and Human Services. (2012). Racial/Ethnicity of public agency children adoption: October 1, 2011 to September 30, 2012. Retrieved from http://www.acf.hhs.gov/sites/default/files/cb/race2012.pdf

United States Department of Health and Human Services. (2012). Results from the 2012 national survey on drug use and health: Mental health findings. Retrieved from http://www.samhsa.gov/data/NSDUH/2k12MH_FindingsandDetTables/2K12MHF/NSDUHmhfr2012.htm#sec31

United States Department of Justice (1999). American Indians and crime. Retrieved from http://www.bjs.gov/content/pub/pdf/aic.pdf

United States Senate Hearing. (1974). Problems that American Indian families face in raising their children and how these problems are affected by federal action or inaction. Washington, DC: U.S. Senate Subcommittee on Indian Affairs of the Committee on Interior and Insular Affairs.

University of Oklahoma. (n.d.). Indian affairs: Laws and treaties. Indian Vol. II (Treaties). Compiled and edited by Charles J. Kappler. Washington DC: Government Printing Office (1904). Retrieved from http://digital.library.okstate.edu/kappler/vol2/toc.htm

Viola, H. J. (2008). Warriors in uniform: The legacy of American Indian heroism. Washington, DC: National Geographic.

Wilkinson, C. (2005). Blood struggle: The rise of modern Indian nations.' New York, NY: W.W. Norton & Company.

Wolfe, P. (2006). Settler colonialism and the elimination of the native. Journal of Genocide Research, 8(4), 387 409.

Zinn, H. (2005). As long as grass grows or water runs. In H. Zinn, A people's history of the United States: History is a weapon, (pp. 125 148). New York, NY: Harper Collins.

سەرچاوە: گۆڤاری سایکۆلۆجیی ئینتەرئەمەریکان

Revista Interamericana de Psicologia/Interamerican Journal of Psychology (IJP)
2018, Vol., 52, No. 1, pp. 25 - 44

ده قۆناخی جینۆسایدی هیندییەکانی ئەمریکا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێکۆڵینەوەی:

سوزان چاوێز کامیرۆن

سەرچاوەی تەندروستیی کۆمەڵگەی نەتەوە یەکەمەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان

لۆن تی. پلان

زانکۆی نیو هامپشایر

**TEN STAGES OF AMERICAN INDIAN GENOCIDE**

**Susan Chavez Cameron**
**First Nations Community Health Source, United States**
**Loan T. Phan**
**University of New Hampshire**

١٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کاروانی فرمێسک، تراجیدیای جینۆسایدی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا



**لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

### خێڵی چێرۆکی: دوو نیشتمان و یەک میللەت

ئێمە ئێستا لەگەشتێکداین لە نێو کۆمەڵگەیەکدا کە پێیدەوترێت لۆست سیتی Lost City لە هەرێمی چێرۆکیدا لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما. پیاوێکی چێرۆکی دەمبات بۆ جێگایەک کە پڕە لە یادگاریی گەنجێتیی خۆی و هێند هەست بە یادگارییەکان دەکات کەوا لەگوێیدا دەزرنگێتەوە و دەڵێ "گوێم لە خوڕە و گۆرانیی ئاوە، دەمەوێت لەسەر بەردێکی ئەو گوێ چەمە دانیشم و گوێ هەڵخەم بۆ بڵقی ئاوی ئەو جۆگەلەیە و بەردەوام گوێم لە گۆرانی ئاوەکەی بێت". تەواوی ئەم وڵاتە شوێنی چەم و ڕووباری بەخوڕە کەوا کانیاوەکان و دۆڵ و شیوەکانی ڕێگەی خۆیان لە ڕوومەتی بەردە گەچۆڕەکانی هەردە و هەڵەتەکانی ئۆکلاهۆمادا هەڵکۆڵیوە. ئەم شوێنە هێجگار پانوپۆڕە و بە دەشتاییە سەوزەکانیدا ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ بڵاوبوونەتەوە. قەدپاڵی گرد و تەپۆڵکەکانیش یەکپارچە دارستانی داربەڕوو، دارکەوت، سوورەچنار و گوێزن و لە هەموو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لایەکیشەوە هەروا خانووچکەی سادە و ساکاری ئەم کۆمەڵگەیەن.

ئەمەیە وڵاتی هیندییە سوورەکان، بەڵام نەک بەو واتایەی کە وەک پاوان و پارێزێک Reservation تەماشا بکرێت. ئەمە وڵاتی گەلی چێرۆکییە Cherokee Nation کە نیشتمانی سەربەخۆی دانپێدانراو بوو، بەپێی رێککەوتنامەیەک لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ ماوەیەکی زۆری سەدەی نۆزدە. پاشانیش، بەر لەوەی ئەم ناوچانە بکرێن بە ویلایەت ئۆکلاهۆما بوو بە پەناگەی زیاد لە شەست خێڵیان، لەمانە میللەت یان خێڵی بە ژمارە و بە قەبارە گەورەیان چێرۆکی بوو کە باڵادەستترین و زۆرترینی خەڵکی رەسەنی ئەمریکا بوون و تا ئێستاش هەر ژمارەیان لەوانیتر زۆرترە. ئێستا لەو چواردە ناوچەیەی باکووری رۆژهەڵاتی ئۆکلاهۆما ١٦٥ هەزار چێرۆکی خۆیان بە ئەندامی ئەو گەلە دەزانن کە هیچکام لە تیرە و خێڵە رەسەنەکانی ئەمریکا لە ئاستی ئەواندا نین بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆی خۆیان. ژمارەی دە هەزار و پێنجسەد کەسی تریان لە ئۆکلاهۆما نین، بەڵکوو لە چێرۆکییەکانی بەشی رۆژهەڵاتی ئەمریکان، لە پاوانێکی پەنجا و شەش هەزار هێکتاریدا لە ویلایەتی کارۆلایناى باکوور نیشتەجێن و پێکهاتەیەکی پتەوی خێڵەکییان دروستکردووە. ئەم پیاوەی لەگەڵمایە نەوەی پێنجەم و پتر لە سەد و پەنجا ساڵی دابرانە لە زێدی خۆی و ئێستا لە یادەوەریی خێزانیشدا ئەوە دەرناکەوێت کەوا کام لە باوباپیرانی هەوەڵ جاری گەیشتوونەتە ئەم هەردە و تەپۆڵکە سەوزانەی رۆژئاوای پان و بەرین لە دەمی راپەرینیاندا لە ناوچەکانی ئەپەلاشیای دووری دوورەوە و کەم دەربازبووی رۆح بەئازاریان بووە لە کاروانی فرمێسکدا. Trail of Tears هاستینگ شەیسی بەرەگەز چێرۆکی ئۆتۆمبێلەکەی وەرچەرخاندە لارێ و وتی "ئەمە شوێنی باپیرە گەورەمە و من لە چلەکانەوە لێرە گەورەبووم"، ئەوجا لە پشتی پەرژینێکی تەلدرکەوە کێڵگە و مێرگێک دەکەوتە بەرچاو و ریزێک دارستان بەرەو چەم و ئاوێکی بەخوڕ شۆڕدەبووەوە. یادەوەرییەکان بارێکی قورسن بەسەر چێرۆکی و زۆربەی خەڵکە رەسەنەکانی ئەمریکاوە کاتێ کە دەیانەوێت ناسنامەی فەرهەنگییان بسەلمێنن لە جیهانێکی تەکنەلۆجیا بەرزدا. چێرۆکی، بەپێچەوانەی تیرە و خێڵەکانی رۆژئاواوە وەک ناڤاجۆ Navajo و سیوکس Sioux لە نیشتمانی خۆیاندا لە رۆژهەڵات قالبوون لە پێناسەی رەچەڵەکیاندا کاتێ کە خۆ رادەهێنن لەسەر شێوازی ژیانی سپیپێستەکان. کەواتە بەپێی ئەو بارودۆخە، چێرۆکییە راگوێزراوەکان بۆ ئۆکلاهۆما لە نێو تەواوی کۆمەڵ و گرووپەکانی هیندییە سوورەکانی باکووری ئەمریکادا، پێدەچێت باشترین سەرکەوتنیان بەدەستهێنابێت لە بەیەکەوە گرێدانی ئەو دوو جیهانە جیاوازەدا، چاک بێت یان خراپ، لە ژیان و گوزەرانی سەدەی بیستەمی هیندییەکاندا. لەڕاستیدا ئەمڕۆ گەلی چێرۆکی وا دێتە بەرچاو کە دەتوانن بچنە هەر شوێنێک یان هەر شتێک بکەن چەشنی پەرەکەی هاستینگ شەیس.

رۆژگارێک بوو ئەوان لە دیدی خەڵکی ترەوە بە میری چیاکانی باشوور دەناسران، بەڵام لەناو خۆیاندا خۆیان بە خەڵکی دەمڕاست دەزانی. شوێنەوارناسان پاش لێکۆڵینەوە و کنە و پشکنین گەیشتوونەتە ئەوەی کە دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

باشووری ئەپەلاشیادا ژیاون. لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەمجار بەرەنگاری ئەوروپاییەکان بوونەوە، کە ساڵی ١٥٤٠ بوو لەگەڵ هێرناندۆ دی سۆتۆ چێرۆکی جێبێی خۆیان لە هەرێمێکدا چەسپاندبوو کەوا سێ جاران لە ویلایەتی ئەمڕۆی ڤێرجینیا گەورەتر بوو، کە لە ڕووباری ئۆهایۆ لە باکوورەوە درێژ دەبووەوە بۆ ڕووباری چاراهووچی لە جۆرجیای ئەمڕۆدا و لە دۆڵی تەنەسییەوە لە ڕۆژهەڵات بەسەر زنجیرە چیای سمۆکیی گەورەدا بۆ قەدپاڵەکانی هەردوو کارۆلاینا. لە سەردەمی دڕندەیی و شەڕوشۆڕدا چێرۆکی بەردەوام شەڕیان بە چۆکتاو و کریکی دراوسێیان دەفرۆشت و لە شەڕدا پشتگیریی ئینگلیزیان دەکرد دژ بە فەرەنسییەکانی جیهانی نوێ (لێرەدا مەبەست ئەمریکایە کە پاش دۆزینەوەی ئەم ناوەشی بەسەردا برابوو - وەرگێڕ) دژ بە ئەمریکییە پاڵتۆ شینەکان، بەڵام لە جەنگی ساڵی ١٨١٢دا دایانە پاڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان. شێرەکوڕانی چێرۆکی لە ژێر ئاڵای ئەندرو جاکسۆن لە شەڕی (هۆرسشوو بێند(Horseshoe Bend دا لە ئەلەباما بەشدارییان کرد و یەکێک لە سەرکردەکانیان جاکسۆنی دەربازکرد لە تۆماهۆکێکی کریکەکان (تۆماهۆک چەکێک بووە لە شێوەی پاچدا کە هیندییە سوورەکان بەکاریان هێناوە - وەرگێڕ). ئەندرو جاکسۆن کە خێڵەکان ناویان لێنابوو "کوتەکە کۆن" یان "چەقۆی تیژ"، بوو بە سەرۆکی حەوتەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان و زۆر سپڵە و بێئەمەک دەرچوو بەرانبەریان و یاسای ڕاگواستنی ساڵی ١٨٣٠ خێڵە هیندییەکانی ئیمزا کرد و بەم یاسایە چێرۆکی و خێڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕاگواست بۆ ئەودیو ڕووباری مسیسیپی.

هەرچەندە چێرۆکی بەپێی ڕاوێژی تۆماس جێفەرسن نوێنەری خۆیان هەبوو، هەرچەندەش حکوومەتی دەستووریی خۆیان پێکهێنابوو بە ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران و بە سەرۆکێکی هەڵبژێردراوەوە و بەم پێیە قوتابخانەی خۆیان هەبوو و زمانێکی نووسینیان هەبوو کە لە ئەلفبێی برگەیی خێڵەکانەوە دارێژرابوو، بە ناوی (سێکۆیاه(Sequoyah ، بەڵام لە دید و بۆچوونی جاکسۆنییەکانەوە، هیندییەکان دەبوو بڕۆن و ئەو وڵاتەی خۆیان بەجێبێڵن. ئاڵتوون لە جۆرجیا دۆزرایەوە و (نیو سەدە لەوەوپاشیش لە ناوچەی بلاک هیڵی سیوکسەکانیش دۆزرایەوە و داگیرکەرە سپیپێستەکان بەپەرۆش بوون بۆ زەویوزاری نوێ و ئاغا و خاوەن مڵکەکانی مەملەکەتی لۆکە چاویان بڕیبووە کێڵگەی گەنمەشامیی هیندییەکان و تەماحی ئەوەیان تێکردبوو بیکەنە مەزرای لۆکە چاندن.

بەم جۆرە 'هیندییە سوورەکان' ڕۆیشتن و یەکەمجار خێڵی چۆکتاو لە زستانێکی تۆف و کڕێوەدا بە پێی پەتی و کەمیی پۆشاک و خۆراک لە ناوچەی مسیسیپی دەرکران و دوای ئەوان خێڵی کریک لە ویلایەتی ئەلەباماوە و هەندێکیان بە کۆت و پێوەندەوە. کەشتییەکی هەڵم لە ڕێگایەکی ئاویی ئەو گەشتە زۆرەملێیەدا وەرگەڕا و سێسەد کەسیان لێ خنکا. پاشانیش خێڵی چیکاساو لە ناوچەکانی ئارکانسۆ و مسیسیپییەوە و خێڵی سێمینۆڵیش لە فلۆریداوە. دوای ئەمان سەردەمی ڕاگواستن و پەرەوازەبوونی چێرۆکی هاتەپێشەوە کەوا بوێرانە داکۆکییان لەخۆیان دەکرد لە دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا و کارێکیان کرد کە سەرۆکی دادگا جۆن مارشاڵ دان بنێت بە بارودۆخی سەربەخۆییان و مافی مانەوەیان لە جۆرجیادا، کەچی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێکیان زانی سەربازەکانی جاکسۆن ئابلۆوقەیان دان و لە کەمپی کۆکردنەوەی بەندیخانە ئاسادا دەسبەسەریان کردن و بە پیادەڕەوی ماوەی نۆسەد میلی پێچاوپێچیان پێبڕین بۆ ڕۆژهەڵاتی ئۆکلاهۆما و نزیکەی پانزە هەزار کەس لە چێرۆکی لە کاروانی فرمێسکدا بەرەو ڕۆژاوا ڕۆیشتن لە هەردوو ساڵی ١٨٣٨ و ١٨٣٩دا و بە تاقم تاقم و دەستە دەستەی گەورە و بچووک ڕووبەڕووی دەرد و مەینەتییەکی ئەوپەڕی سەخت و تاڵ بوونەوە و هەر لە دیزانترییەوە تا گرانەتا و هەر لە ئاولەوە تا کۆکەڕەشیان تووش بوو. ئەمە وایکرد کە زنجیرەیەک گۆڕ تاوەکوو ڕۆژئاوا درێژ ببێتەوە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە کەمپەکان و لە کاروانەکەدا مردن بە زیاد لە چوار هەزار دەخەمڵێنرێت، واتە چواریەکی ئەو خەڵکەی کە ڕاپێچ کرابوون.

لانیکەم هەزار کەسی تری چێرۆکی "بەخت" یاوەریان بوو و لە ڕاپێچکردنەکە دەربازبوون بە هۆی خۆدزینەوە یان بەخشینی تایبەتی و دایانە شاخی سمۆکیی مەزن Great Smoky و بوون بە بناغەی باندەکەی ڕۆژهەڵات و هێرشیان دەکردە سەر دەسەڵاتی سپیپێستەکان. ئێستا چێرۆکییەکانی کارۆلاینای باکوور، ١٦٥ ساڵ لە پاش ڕەوکردن ٧٥٠٠ کەسیان لێماوەتەوە، لە شوێنێکدان پەنجا میل لە شاری ئاشڤیلەوە دوورە و لە نزیک ناشناڵ پارکی سمۆکیی مەزنەوە. (بۆ ئاگاداریی خوێنەر گۆڤاری ناشناڵ جیۆگرافیک ئەم ڕیپۆرتاجەی لە ساڵی ١٩٩٥دا بڵاوکردووەتەوە - وەرگێڕ). ناوجەرگەی مۆڵگەی پارێزگاری reservation یان مەحمییەی چێرۆکی، کە بە (کوالا باوندری) Qualla Boundry دەناسرێت و بنکەی سەرەکیی باند یان تاقمەکەی ڕۆژهەڵاتە، شارەکەی چێرۆکییە کە بە زنجیرە شاخی قەشەنگ و دڵڕفێن دەوردراوە و شوێنێکی کەموێنەیە لە جوانیداو گەشت و گوزارێکی پڕبرەوی تێدایە.

ڕەنگە مایەی گاڵتەجاڕی بێت کە باس لە ڕوخساری بازرگانیی چێرۆکییەکانی کارۆلینای باکوور بکرێت، چونکە لە پاش یەک سەدەی تەواو ژیان و گوزەرانی هەژاری و برسێتیی چێرۆکییەکانی کوالا لە ساڵی ١٩٣٤دا دەرفەتێکی زێڕینیان بۆ ڕەخسا کاتێک کە مام سام (Uncle Sam مەبەست ئەمریکایە - و) پارکێکی نیشتمانیی نوێی لە چیاکانی سمۆکیدا دروستکرد (ناشناڵ پارک) بەتەنیشت مۆڵگەی پارێزگارییەکەیانەوە (محمية). لە ماوەی چەندین ساڵدا بەهۆی گەشت و گوزارەوە ژیانیان بەرقەرار بوو. خۆ ئەگەر هەندێ گەشتیاری بێئاگا بیانویستایە وێنەی فۆتۆگرافیی سەرۆکە جەنگاوەرەکان بگرن (بە پارە) و بەتەنیشت خێوەتە چەرمەکانیانەوە (ئەم خێوەتە چەرمانە شێوەیەکی قووچەکیان هەیە و پێیان دەوترێت تەپی Tepee بە زمانی خۆیان - و)، ئەوە خێڵی چێرۆکی ئەوەیان قبووڵ نەکرد و باش دەیانزانی بۆچی و لەبەرچی وا دەکەن. یاریی بینگۆ سەرچاوەیەکی باشی داهاتیان بوو و لە پاش هۆڵەکانی بینگۆ و تەپی و تۆماهۆک لە شاری چێرۆکیدا ویستم ئەو کۆڕ و کۆمەڵە بچووکەی هونەرمەندانی کوالا ببینم، کە لەسەر شێوازی کۆن کاریان دەکرد و شتی سادە و ساکاریان دروستدەکرد، وەک سەبەتەی لقە داربەڕووی چنراو، نەخش و نیگاری هەڵکۆڵراو لە سەر دار یان بەرد،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێجگە لە ئیکۆنەکانی تر کە مۆرک و کولتووری چێرۆکیی پێوەبێت. هەندێک لەم کەرەستانە لە گەلەری و مۆزەخانەی کەلەپووریی چێرۆکیدا نیشان دەدرێت و من لەوێ چاوم بە هونەرمەند رۆبەرت ئەممۆنس مەنی کەوت، کەوا کوڕێکی گەنجی شەرمن بوو پانتۆڵێکی جینزی شینی لەپێدابوو و پارچە بەردێکی سەوزی سابوونیی بچووکی هێنابوو و ڕوخساری باڵندەیەکی پەپووی زۆر بەڕوونی لەسەر هەڵکۆڵیبوو. شتێکی نادیار و تەمومژاوی لە دەموچاوی پەپووەکەدا دەخوێنرایەوە. مەنی پێیوتم: "من لە ناوچەی بیگ کەڤ دەژیم، کە نزیکەی دە میلێک لێرەوە دوورە و لە ناو ئەو شاخانەدا دەگەڕێم و بەدوای بەرددا وێڵم و بۆ خۆم تەنها گوێ دەگرم و من زۆربەی ئامۆژگارییەکانی باپیرم لەگوێ گرتووە."

کاتێ کە لێمپرسی چۆن دەتوانێ ئەو ئیشانە بەو وردییە و بەو جوانییە بکات لە وەڵامدا وتی "من چەقۆ بەکاردێنم و هیچ ئامێرێکی کارەبایی بەکارناهێنم، چونکە هیچ وردەکارییەکی پێناکرێت و هەڵەی زۆر دەکەیت. هەموو شتێک لە بەرد دروست دەکرێت و دەبێت گوێی لێبگریت بزانیت داوای چیت لێدەکات و کاتێ کە ئیش لەسەر بەرد دەکەم وا هەست دەکەم قسەم لەگەڵدا دەکات و یەکتر دەدوێنین و زیاتر ئەم هەستەم لە شەودا بۆ دێت. من لە کاتژمێر دوانزەی شەوەوە کار دەکەم تا ئیشەکە تەواو دەکەم، هەندێجار بە سەعاتێک دووان و گەلێجاریش تا دەمەوبەیانی.

## ناوچەی تاهلێکوا - ئۆکلاهۆما

### ژمارەی دانیشتوان: دە هەزار و چوارسەد کەس.

شوێن: ٦٦ میل لە باشووری ڕۆژهەڵاتی توسلاوە و لە ڕۆژئاوای کاروانی فرمێسک Trial of Tears نزیک بە زێب و سکراپەر و لۆست سیتی. ئێرە پایتەختی نیشتمانی چێرۆکییە و سەرەڕای گەلێ ڕوخساری ئیجابیی ئەم گەلە تا ئێستاش ڕووبەڕووی چەندین گرفتی بنەڕەتی بووەتەوە. زۆربەی کۆمیونیتی یان کۆمەڵگەی ئەمریکییە ڕەسەنەکان ڕێژەی بێکارییان زۆر بەرزە، شەکەتی و ئازاری جەستەیی منداڵ و گەنج لە خوێندن وەدەردەنێت و گەورەکان لە بەندینخانە توند دەکات. ئەو خزمەتگوزارییانەی دانراون بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەم کێشە و گرفتانە لە لایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە بودجەی ساڵانەی بۆ تەرخان دەکرێت کە حەفتا و هەشت ملیۆن دۆلارە و تەنها بەشی کێشەی نیوەی خێڵەکان دەکات (ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتا و ناوەڕاستی ١٩٩٠کان کە ئەم ڕاپۆرتەی تێدا بڵاوکراوەتەوە - و).

جاران کەسانی بەڕەگەز چێرۆکیی پوخت نکووڵییان لە باوباپیران و ڕەچەڵەکی خۆیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ کەسانی ناوداری وەکداران کەسانی بە بۆ ساڵانی سەرەتا و ناوەڕاستی ١٩٩٠کان - و) براوبوو - و بووچوونی هاوشێوەی هەیە. بە ئەرز و یەک بی بە عاسمان". وێس ستودی (ئەو ئەکتەرە چێرۆکییەی ڕۆڵی جێرۆنیمۆی لە هۆڵیوودا بینی) بانگەشەی ئەوە دەکەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

كە خوێنی هیندی بە جەستەیاندا دەگەڕێت و داوا دەکەن ببنە ئەندامی گەل یان نەتەوەی چێرۆکی. ئێستا چێرۆکییەکانی ڕۆژئاوا کار بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی میللەتی خۆیان دەکەن و لە هەرێمی ئادێر لە ویلایەتی ئەرکنساس کۆمپانیای پیشەسازیی گەلی چێرۆکی بنەمایەکی پتەوی دابین کردووە بۆ بەگەڕخستن و کارکردنی خەڵکی چێرۆکی.

کاتێ بەرەو ڕۆژهەڵات دەبیتەوە و لە ڕووباری ئیلینۆی دەپەڕیتەوە بەرەو هەرێمی ستیلوێل کە وڵاتێکی پان و بەرینە و بەشێکی گەورەی ئۆکلاهۆما پێکدێنێت. ئێرە ئەو وڵاتەیە کە یەکەم نیشتەجێبوانی بۆ هاتووە و یەکەمجار ژمارەیەکی کەمی چێرۆکی بوون و لەسەر ڕاسپاردەی حکوومەت بە خوایشتی خۆیان بیست ساڵ لە پێش "کاروانی فرمێسکدا" کۆچیان کردووە. پاشان ئەو خێڵانەش دوایانکەوتن کە بەپێی ڕێککەوتننامەی (نیو ئێکتۆن New Echton) لە ساڵی ١٨٣٥دا دەسبەرداری زەویوزاری ڕۆژهەڵاتیان بوون. ئەوانەش کە بەرهەڵستیی ڕێککەوتننامەکەیان کرد زۆربەی زۆری ئەو سێ تاقمە بوون کەوا بەر کاروانی فرمێسک کەوتن.

پاش ماوەیەک لە نیشتەجێبوونی ئەو تاقمە، کەوا هەمیشە ئاشتیانە نەبوو، بەرهەڵستکاران سێ کەسیان لە سەرکردەکانی ئەو تاقمە لەسێدارەدا کە ڕێککەوتننامەکەیان مۆرکردبوو. لێرە بەدواوە چێرۆکی هاتنە سەر ئەو ڕایەی کە نیشتمانێک بنیاتبنێن گرنگی بە ماڵ و حاڵ و کێڵگە و مەزرا و دادگا و قوتابخانە بدات. هەندێ لە جووتیارانی سەرکەوتوو لە نزیک تەهلێکوا نیشتەجێبوون لە شوێنێکدا کە پێیدەوترا پارک هیڵ و لێرە خانووی ڕێکوپێکیان دروستکرد و کەوتنە چاندنی لۆکە. وایلێهات تەنانەت زۆر لە دانیشتووانی پارک هیڵ کۆیلەی خۆیان هەبوو، وەک بەڵگەیەک کەوا بەچاکی هاتبوونە سەر ڕێی سپیپێستەکان. وردە وردە کۆمەڵگەکە بیری لەخۆی کردەوە وەک ڕەگەزی چێرۆکی. بەڵام چەرخی زێڕینی چێرۆکی زۆری نەخایاند لەبەر ئەوەی شەڕی ناوخۆ (١٨٦١ - ١٨٦٥) وڵاتە نوێیەکانی لەتوپەت کرد و خەڵکەکەی ناچار کرد ئەملا یا ئەولا هەڵبژێرن. لە دوای شەڕیش نەوەکانی سەرکردەکانی جەنگاوەرانی چیاکان کەوتنە ژێر فشاری نەبڕاوەی فیدراڵەکانەوە بۆ جێپێ لەقکردن و هەڵکەندیان لە سەر زەویوزاری خۆیان.

یاسای (داوەس Dawes) بۆ زەوتکردنی مافی مڵکایەتیی ساڵی ١٨٨٧ کە ناوی دانەرەکەی سیناتۆر هێنری داوەسی لەخۆگرت بەتەواوی پشتی شکاندن. ئەم یاسایە دەسەڵاتی ڕەخساند بۆ ڕووپێوکردنی تەواوی هەرێمەکانی هیندییە سوورەکان لە ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بەشبەش بکرێتەوە بۆ ٤٠ - ١٦٠ هێکتار بۆ هەر بەشێک و هەر بەشە و درا بە کەسێکی هیندی. لە پاش دابەشکردنی زەویوزارەکان بەم شێوەیە ئەوی کە مایەوە فرۆشرا بە سپیپێستەکان. پارەی فرۆشتنی ئەو زەوییانەش تەرخانکرا بۆ ماڵێکردن و دەستەمۆکردنی هیندییەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکەمجار چێرۆکی لە هەلومەرجی ئەم یاسایە بەخشران، بەو پێیەی کەوا خەریکە خۆیان ڕابێنن (لەگەڵ کۆمەڵگە سپیپێستەکاندا - و). بەڵام هێشتا مرەکەبی بڕیارەکەی داوەس وشک نەبووبووەوە کەچی حکوومەت ئەم بەخشینەی هەڵوەشاندەوە. دواجار مام سام ناچاری کردن زەویوزاری زیادیان بفرۆشن بە نزیکەی دۆلار و نیویک بۆ هەر هێکتارێک و بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەشت ملیۆن هێکتار کە لە وڵاتی چێرۆکییەوە درێژەی کێشابوو بۆ دەشتاییەکانی سەرەوە و مەودای زیاد لە ٢٠٠ میل بوو، ئەم زەوییە خرابووە لاوە بۆ ئەوەی خێڵەکە ڕاوەگامێشی تێدا بکەن، بەڵام هیچ گامێشێکی تێدا نەمابوو چونکە داگیرکەرە سپیپێستەکان هەموو ئەو ناوەیان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو، بێجگە لەوەش هەموو گامێشە کێوییەکانیان کوشتبوو.

## بەم جۆرە کەوتنە لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی وڵاتی چێرۆکی:

دابەشکردنی زەویوزار بێ ڕەزامەندیی خاوەنە ڕەسەنەکانی، ماندێتی فیدراڵیی دادگای خێڵەکە و حکوومەتەکەیان کۆتایی پێدێنێت، مامەڵەی جیاواز لەگەڵ داگیرکەرە سپیپێستەکاندا و ڕاییکردنی کاری داگیرکردنی زەویی هیندییەکان، قۆرخکردنی مافی کانزای خێڵەکە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە و دوا تێسرەواندنیش بە ویلایەتکردنی ئۆکلاهۆما بوو لە ساڵی ١٩٠٧دا.

پاش ئەمە چێرۆکی بوون بە هەژارترین و بێدەسەڵاتترین کەمایەتی لە سەر خاکی خۆیان.

پێش ئەوەی ئەو شوێنە جێبێڵم کەوا کرا بە نیشتمانی چێرۆکی دەبوو بچوومایەتە شوێنێکیتر کە نزیکەی چل میل لە خوار تەهلەکواوە بوو لە نێوان ڕووبارەکانی ئەرکانسۆ و سالیسا و کریکدا. شوێنەکە بە ناوی گەورەترین کەسایەتی و سیمبۆڵی ئایینیی چێرۆکی بووە کە فەرهەنگ و نەریتیانی بە زیندوویی هێشتووەتەوە لە ڕۆژگاری ڕەشی خێڵەکەدا، کە ئەویش ڕێد بێرد سمیس بوو. ئەم شوێنە ڕووبەرەکەی تەنها پێنج شەش هێکتارێکە لە ناو پەڵە دارستانێکی داربەڕوودا و جادەیەکی خۆڵی بۆ دەچێت و لە جێگەیەکی سەختدا هەڵکەوتووە، بەڵام خەڵکەکەی دەست بە سنگەوەن بۆ دیدەنیکەران.

لە بۆنەکانی ڕۆژانی شەممواندا چێرۆکی و سەردانیکەران لێرە کۆدەبنەوە بۆ ئاهەنگگێڕان و سازدانی ڕێوڕەسمی ئایینپەروەری لە ڕێبازە دێرینەکەی سمیث. لە ناوەڕاستی گۆڕەپانێکدا تەپۆڵکەیەک خۆڵەمێش هەڵدراوەتەوە کە پاشماوەی ژمارەیەکی زۆری ئاگری پیرۆزە و چوار کۆڵەکەداری گەورە خراونەتە سەر خۆڵەمێشەکە و هەریەکەیان ڕوویکردووەتە لایەک لە چوار لاکە و پاش ئەوەی کە شەو دادێت گڕیان تێبەردەدرێت. وا ئێستا زیاد لە سەد کەس لە بازنەیەکی گەورەدا لە دەوری ئاگرەکە کۆبوونەتەوە و هەندێکیان کورسیی قەمچکراو و پریاسکە و کوولەری خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(هەڵبەت مەیخواردنەوە لەم شوێنەدا ڕێی پێنادرێت). یەک دوو کاتژمێر دوای تاریک داهاتن و کاتێک کە ئەستێرەکان بە ئاسمانی ڕەش و تارەوە جریوەیان دێت و مانگی چواردەش ورشە و تریفەی خۆی بەو ناوەدا پەخش دەکات بڵێسەی ئاگر بەرز دەبێتەوە و دووکەڵێکی خەستی لێ بەرزدەبێتەوە بەئاسماندا. ئەوجا لەم کاتانەدا پیاوێک بە پانتۆڵێکی جینزی شین و شاپەڕێک بە سەریەوە لە ئاگرەکە نزیک دەبێتەوە و بە دەنگێکی ئازێتباری قووڵەوە، یۆ هۆ هی یا، ئامادەبووان بانگهێشت دەکات بۆ سەماکردن. ئەم پیاوە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدایە و ئەوپەڕی هێز و گوڕ و بەخۆوەبوونی لە نێوچەوانیدا دیارە و پیرۆزیی ئەم پەیامەی پشتاوپشت دەگوێزرێتەوە. ئەوجا کۆمەڵێک خەڵک دەچنە بەر ڕووناکیی ئاگرەکە و سەماکەران لە بازنەیەکی سفتدا بەدوای سمیثدا هەنگاویان هەڵدەهێنا کە بەپێچەوانەی میلی کاتژمێرەوەیە و بە دەوری ئاگرەکەدا دەسوورانەوە. هەندێکیان قاوغە کیسەڵیان لە قاچیان بەستبوو کە پڕیانکردبوو لە بەردی ڕەنگاوڕەنگ و لە کاتی هەڵبەز و دابەزیاندا خڕەیان لێوە دەهات.

من چاوم بڕیبووە پریشکی ئاگر و دووکەڵەکە کاتێ کە بەرز دەبووەوە و هەروەها چاویشم لە شڵپەی پێی سەماکەران کلا نەدەکرد کە بە درێژایی شەو هەر خڕەیان دەهات و بە ئاوازێکی خەولێخەرانە. ئەو شاپەڕی بازانەش کە پیاوان کردبوویان بە کڵاوەکانیانەوە، پەڕی (بۆ کوێ ئەچیت و چیدەکەیت) دەرمانی هەموو دەردانە و سەفەرت سەلامەت دەکات و هەرکەسێکیش بیکات بە کڵاوەکەیەوە بیری تیژ دەبێت و بە هەمان شێوە بیری خێڵەکەشی. ئێستا وا چێرۆکییە سەرسەختەکانی هەردوو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەشێوازی خۆیان کە سەما دەکەن و جارێکیتر کەلەپوور و هونەری ڕەسەنی خۆیان دەسەلمێنن.

## The Trail of Tears کاروانی فرمێسک

زۆر لە ئەمریکییە سپیپێستەکان پێ لەوە دەنێن کە چێرۆکی و چیکاسۆ و چۆکتاو و کریک و سێمینۆڵ بێجگە لە شارەزایی و کارامەییان لە کشتوکاڵدا لە وەرگرتن و خۆگونجانیشدا لەگەڵ فەرهەنگی ئەوروپییەکاندا پێنج خێڵی شارستانین لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام داگیرکەر و نیشتەجێبووە نوێکان کە پێویستیان بە کێڵگە و مەزرای زیاتر بوو ئەم پێڵێنان و سەرسامبوونەیان لا پەشم بوو و زۆر بەلایانەوە گرنگ نەبوو. ئەوان داواکارییان بەو پێیە بوو کە دەبێت هیندییەکان بڕۆن و نەمێنن. سەرۆکی ئەمریکا ئەندرو جاکسۆن Andrew Jackson بە دەنگیانەوە هات و یاسای ڕاگوێزانی ساڵی ١٨٣٠ ئیمزا کرد، کەوا چەرخێکی پڕ لە تراجیدیا و مەرگەساتی بەرپاکرد و لە کاروانی فرمێسکدا Trail of Tears ڕەویان پێکردن بەرەو ئەو هەرێمەی دواتر بە ئۆکلاهۆما ناسرا و لە ڕێگادا زۆربەیان فەوتان و تێداچوون. تاقمێکی کەمی خێڵی چێرۆکی ڕازیبوون بە کۆچکردن بۆ شوێنی دیاریکراو و پەیمانی ساڵی ١٨٣٥ی نیو ئێکۆتایان New Echota مۆرکرد،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام دەنگوباسی ئەو کارەساتە سامناکانەی کە لە بارودۆخی خێڵەکانیتر دەبیستر کە ناچار کرابوون بەرەو رۆژئاوا بڕۆن وای لە بەشێکی چێرۆکی کرد کە هەرچۆنێک بووە لە خاکی باوباپیرانیاندا بمێننەوە. هەرچەندە دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان رێگەی بە چیرۆکی دا بمێننەوە، بەڵام سەرباز زۆربەیانی ئابلووقە دا و دەستگیری کردن و راپێچی ئۆردووگای تایبەتی کران و دەستبەسەریان کردن. زیاتر لە هەزار کەسیان بەرەو چیاکانی سمۆکی هەڵاتن و بوون بە باوباپیرانی کۆمەڵگەی چێرۆکی رۆژهەڵاتی ئەمرۆ.

لە پاش بەرپابوونی کارەساتێکی زۆر لە کاتی گواستنەوەی چێرۆکیدا لە رێگەی رووبارەکانەوە، جۆن رۆسی سەرۆک و دەمڕاستیان کەوتە دانوستان کردن لەگەڵ جەنەراڵ وینفیلد سکۆت بۆ ئەوەی گواستنەوەی چێرۆکی لە وشکاییەوە ئەنجامبدەن. بەم پێیە لە ئابی ١٨٣٨دا کەوتنە گواستنەوەی خەڵکە دەستبەسەرەکە، کە ژمارەیان پانزە هەزار کەس بوو و کردنیان بە سیانزە تاقمەوە و بە پیادەڕۆیی ناچاری گەشتێکی دووروردرێژیان کردن و دوا تاقمی ئاوارەکان لە ساڵی ١٨٣٩دا گەیشتنە ئۆکلاهۆما و نزیکەی چوار هەزاریان لە رێگادا گیانیان لەدەستدا.

### بەکورتی مێژووی راگواستنەکە بەم جۆرە بوو:

#### * ٦ - ١٩ی حوزەیرانی ١٨٣٦

یەکەم تاقم بە پاسەوانیی سوپای ئەمریکی بە سەرکردایەتیی لیفتنانت ئێدوارد دۆگس لە رێگای ئاویی رووبارەوە تا قەڵای کۆفن بۆ ماوەی چواردە رۆژ. ئاستی نزمی ئاوی رووبارەکە بواری نەدا بەردەوامبن و لێرەوە کران بە دوو بەشەوە و بە سەر خاکی ئارکنساسدا سوپا دەوری گرتن و ناچاری گەشتیان کردن و لە رێگا زیاد لە دوو هەزار کەسیان لێ مردن کە زۆربەیان منداڵ و پیر بوون. تاقمێکی تری پیر و بەساڵداچوویان کە جۆن دروی چێرۆکی رابەریان بوو لە دیسەمبەری ئەو ساڵەدا رێگای ئاویان گرتەبەر.

#### *٢٦ی ئەیلوولی ١٨٣٨ - ١٧ی کانوونی دووەمی ١٨٣٩

جۆن بینگی چێرۆکی بوو بە رابەری تاقمێکی هەزار و دووسەد کەسی، کەوا لێکۆڵەرەوان نەیانتوانیوە دەستنیشانی رێگاکەیان بکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

*١١ی ئۆکتۆبەری ١٨٣٨ - ٧ی کانوونی دووەمی ١٨٣٩

جۆن بێڵ سەرکردەی گواستنەوەی ٦٦٠ کەس بوو لە لایەنگرانی پەیمانی نیوئێکۆتا بە ڕێگای وشکایی جۆراوجۆردا و ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە خۆبپارێزن لە شەڕوشۆڕ و پێکدادان لەگەڵ ئەو چێرۆکییانەدا کە ناڕازی بوون لەو ڕێککەوتنامەیە.

* ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٨٣٨ - ٢٤ی مارتی ١٨٣٩

تاقمێکی ١٧٦٦ کەسی بە ڕابەرایەتیی پێتەر هیڵدنراند مانگێک بەڕێوەبوون لە ڕووباردا و هەموو نەخۆش کەوتبوون و لە ڕێگا پەنجاوپێنج کەسیان لێمردن.

لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولدا دە تاقمی تری چێرۆکی بەهەمان ڕێگەدا بران.

سەرچاوە: گۆڤاری ناشناڵ جیۆگرافیک National Geographic

ژمارەی مایسی ١٩٩٥، نووسینی: جیۆفری نۆرمان

٢٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کاتێ ئەمریکییە ڕەسەنەکان بەناوی "شارستانییەتەوە" سەردەبڕان



پۆرتریەتی شەڕی روباری بێر – ئێدمۆند جەی فیتزجێراڵد

دۆناڵد ل. فیکسیکۆ*

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

بە کۆتایی هاتنی جەنگی هیندییەکان لە دوادوایی سەدەی نۆزدەدا، کەمتر لە ٢٣٨ هەزار لە دانیشتووانی ڕەسەن مابوونەوە لە کۆی نزیکەی پێنج ملیۆن، کە لە پێش هاتنی ئەوروپییەکان لە کیشوەری ئەمریکای باکووردا دەژیان.

لە ڕۆژێکی ساردی مانگی مایسی ١٧٥٨دا، کچێکی تەمەن دە ساڵی قژ سووری ڕوخسار شڵ چاودێریی منداڵەکانی دراوسێکەیانی دەکرد لە دێهاتی ڕۆژاوای ویلایەتی پەنسلڤانیا. لە چەند ساتێکی کەمدا، ژیانی ماری کامپێڵ بۆ هەتاهەتایە گۆڕا کاتێ کە هیندییەکانی دێلاوێر فڕاندیان و بۆ ماوەی شەش ساڵ شاردیانەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگەکەی خۆیانیان کرد. ماری یەکێک بوو لە نزیکەی دووسەد حاڵەتی پێزانراوی دیلە سپیپێستەکان، کەوا زۆرێکیان بوون بە داشی دامەی شەڕ و ململانێی بەردەوام لەسەر دەسەڵات و ئەمە هێزە ئەوروپییەکان و کۆڵۆنیالیستە ئەمریکییەکان و گەلانی ڕەسەنیشی گرتەوە کە لە هەوڵی نەپساوەدا بوون بۆ پارێزگاری کردن لە خەڵک و خاک و شێوازی ژیانی خۆیان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دواجار کاتێ کە ماری گەڕێنرایەوە بۆ ناو خێزانە سپیپێستەکەی و هەندێ بەڵگە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ئەم کچە ژیان و گوزەرانی خۆش بووە لە ناو ئەو خێڵە هیندییەدا کە گرتبوویانە خۆیان و چیرۆکگەلی لە جۆری بەسەرهاتی ئەم کچە وەک چیرۆکی هۆشداریی لێهات لە نێو نیشتەجێ سپیپێستەکاندا و بوو بە مایەی ترس و تۆقین لە هیندییە "دڕندە و کێوییەکان" و حاڵەتێکی شێتبوونی مەزنیی (پارانۆیا)ی دروستکرد کە بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو بۆ ڕقلێبوونی گشتگیر لە هیندییەکان.

لەو دەمەوە کە ئەوروپییەکان گەیشتنە کەناراوەکانی ئەمریکا، سنوور بوو بە ناوچەی جیاکەرەوەی نێوان شارستانییەتی پیاوی سپی و جیهانی سروشتیی تۆڕ و ڕامنەکراو بوو بە ڕووبەرێکی هاوبەشی جیاوازیی بەرفراوان و پێکدادراوی وا کە حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی پەلکێش کرد بۆ ڕێگەدان بە زیاد لە ١٥٠٠ جەنگ و هێرشکردن و پەلامارداني هیندییەکان، کە زیاترینی هەر دەوڵەتێکی تری جیهانە دژ بە خەڵکە ڕەسەنەکەی خۆی ئەنجامدرابێت. بە نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی "جەنگی هیندییەکان" لە دوادوایی سەدەی نۆزدەدا، کەمتر لە ٢٣٨ هەزار کەس لە گەلانی ڕەسەن دەرباز بوون و مانەوە، کە ئەمەش دابەزینێکی توند بوو لە خەمڵاندنی پێنج تا پانزە ملیۆن کەسیان کە لە ئەمریکای باکووردا دەژیان کاتێ کۆڵۆمبس لەساڵی ١٤٩٢دا گەیشتە ئەوێ.

تەنانەت لەوەش بنەڕەتیتر ئەوەیە کەوا دانیشتووانی ڕەسەن بەتەواوی جیاواز بوون: پێستیان تارێک بوو، زمانەکانیان بیانی بوون و دنیابینی و باوەڕە ڕۆحییەکانیان لە دەرەوەی تێگەیشتنی زۆربەی پیاوانی سپیپێستەوە بوو. بۆ نیشتەجێ داگیرکەرەکان کە دەترسان یەکێک لە ئازیزانیان ماری کامپێڵی دوای ئەو بێت، هەموو ئەمانە دەبوونە هۆکاری وروژاندنی ڕقلێبوونی ڕەگەزپەرستی و پارانۆیا و وایکردبوو کە بە ئاسانی گەلانی ڕەسەن وەک کێوی و دڕندە و بتپەرست وێنا بکەن و بە ناوی شارستانییەت و مەسیحییەتەوە کوشتنیان بە پێویست بزانرێت.

**لە خوارەوە هەندێ لە دژەکردارترین جینۆساید دەخەینەڕوو کە دەرهەق بە ئەمریکییە ڕەسەنەکان ئەنجامدراون:**

## کوشتاری گنادێنهوتن

لە ساڵی ١٧٨٢دا، تاقمێک پیاوانی میلیشیا لە پەنسلڤانیا ٩٦ کەسیان لە هیندییەکانی دێلاوێر کوشت لەوانی کە بووبوونە مەسیحی و ئەمەش ڕقێکی ئەستوور و هەڵکشاو دەگەیەنێت لە خەڵکی ڕەسەن. کاپتن دێڤید ویلیەمسۆن فەرمانی بەو خەڵکە بە مەسیحیبووەی دێلاوێر کردبوو، کە بەوە سەرکۆنە کرابوون گوایە هێرشیان کردووەتە سەر نیشتەجێکانی سپیپێستەکان،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەوا هەر جارە و دوو کەسیان بڕۆن بۆ دووکانی مس فرۆشتن و لەوێ پیاوانی میلیشیاکان بە چەکوش و پاچی دارین لێیاندابوون و تا مردن وازیان لێنەهێنابوون.

ئەوەی کە سەیر و سەمەرەیە دیلاوێرییەکان یەکەمینی ئەو ئەمریکییە ڕەسەنانە بوون کە یەکەم نیشتەجێبوویەکی سپیپێستیان بە دیل گرتبوو و یەکەم کەسانێکیش بوون کە چوار ساڵ لەوەوپێش ئیمزایان لەسەر پەیماننامەیەکی ئەمریکی - هیندی کردبوو، ئەو پەیماننامەیەی کە بوو بە پێشەنگی ٣٧٤ پەیماننامەی تر لە ماوەی سەد ساڵی دواتردا. لە گەڵێ حاڵەتدا و لە سایەی بەکارهێنانی دەستەواژە بەناوبانگەکەی "ئاشتی و دۆستایەتی"، ٢٢٩ دانە لەم ڕێککەوتننامانە بوون بە هۆی دەسبەردار بوون و وازهێنان لە زەوی و زاری خێڵەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە بەخێرایی پەلی دەکوتا و فراوان دەبوو. زۆرێک لە پەیماننامەکان دانوستانیان لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکا و هیندییەکان دەکرد، بە دامەزراندنی سیستەمێکی بازرگانی بۆ دەرپەڕاندنی بەریتانییەکان و کاڵاکانیان، بە تایبەتی ئەو چەک و چۆڵانەی کە خستبوویانە دستی هیندییەکان.

## شەڕی تیپیکانۆی

لە سەرەتای ساڵانی ١٨٠٠کاندا، دەرکەوتنی تێکۆمسێی سەرکردەی کاریزمیی جەنگی شاونی، لەگەڵ براکەیدا کە بە پێغەمبەر ناسرابوو، خێڵە جۆراوجۆرە هیندییەکانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە بەرژەوەندییان وا دەخوازێت شەڕی ناوخۆی خێڵەکییان بوەستێنن و هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان. بڕیاری حاکمی هەرێمی ئیندیانا (کە دواتر بوو بە سەرۆک)، ویلیەم هێنری هاریسۆن، لە ساڵی ١٨١١دا بە پەلاماردان و سووتاندنی پرۆفێتستاونی پایتەختی هیندییەکان لەسەر ڕووباری تیپێکانۆی، لە کاتێکدا کە تێکۆمسێ لە هێرشدا بۆ سەر چۆکتاوەکان دوور ڕۆیشتبوو بۆ دەستکەوتنی جەنگاوەران، بوو بە هۆی دنەدانی سەرکردەی شاونی تاوەکوو جارێکی تر هێرش بکاتەوە. بۆ ئەمجارەیان بەریتانییەکانی قەناعەت پێکرد کە شانبەشانی جەنگاوەرانی ئەم دژ بە ئەمریکییەکان بجەنگن. مردنی تێکومسێ و شکستخواردنی لە شەڕی تایمز Thames لە ساڵی ١٨١٣دا وایکرد کە سنووری ئۆهایۆ "ئارام بێت" بۆ نیشتەجێ سپیپێستەکان (مستەوتینەکان) - لای کەمەکەی بۆ ماوەیەکیش بێت.

## جەنگی کریک

لە باشوور جەنگی ساڵی ١٨١٢ وەرگەڕا بۆ جەنگی مقسکۆک کریکی ساڵانی ١٨١٣ - ١٨١٤، کە بە جەنگی کوتەکە سووریش



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەناسرا. ئەوجا بە هۆی ناکۆکی و ململانێی نێوان دەستە و تاقمەکانی هیندییە کریکەکان خۆیان، میلیشیا ئەمریکییەکانیش لە شەڕەکەدا بەشدار بوون شانبەشانی بەریتانی و ئیسپانییەکان، کە پشتیوانیی هیندییەکانیان دەکرد بۆ یارمەتیدانیان لەوەی کە نەهێڵن ئەمریکییەکان دەستدرێژیی بکەنە سەر بەرژەوەندییەکانیان.

سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی کریک بوو بە پاڵنەری ئەوەی کەوا جەنەراڵ ئەندرو جاکسۆن بە دوو هەزار و پێنجسەد جەنگاوەرەوە، کە زۆربەیان میلیشیای تەنەسی بوون، لە سەرەتای نۆڤەمبەری ١٨١٤دا تۆڵە بکاتەوە، واتە تۆڵەی ئەو کوشتارە بکاتەوە کە لە فۆرت میمس کریکەکان بەرپایان کرد. جاکسۆن و پیاوەکانی ١٨٦ کریکیان لە ناوچەی تالوشاتچی سەربڕی و وەک دەیڤی کرۆکێت دەیگوت "وەک سەگ تۆپاندمانن."!

لە حاڵەتێکی ئەوپەڕی نائومێدیدا، ئافرەتەکانی مۆسکۆک کریک منداڵەکانی خۆیان کوشت بۆ ئەوەی سەربازەکان بە بەرچاوی دایکەکانەوە سەریان نەبڕن. هەر کە ژنێک پڕی کرد بە منداڵە کۆرپەکەیدا بیکوژێت جەنگاوەرێکی بەناوبانگی هیندی منداڵەکەی لە دەست دایکەکە هەڵپڕووکاند و دواتر دای بە ژنەکەی خۆی بۆ ئەوەی وەک منداڵی خۆیان بەخێوی بکەن.

جاکسۆن بەردەوام بوو لە سەرکەوتن لە جەنگی کوتەکە سووردا و لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا لە هۆرسشوو بێند (واتە ناڵە ئەسپی چەماوە). پەیماننامەی دواتر کریکی ناچار کرد کە دەسبەرداری زیاد لە ٢١ ملیۆن ئەیکەر زەوی ببن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

## ڕاگواستنی زۆرەملێ

یەکێک لەو پرسە سەخت و تاڵانەی کە مشتومڕێکی زۆری نایەوە لە کۆنگرێسدا پرۆژەیاسای ڕاگواستنی هیندییەکان بوو لە ساڵی ١٨٣٠دا، کە سەرۆکی دواتر ئەندرو جاکسۆن فشاری زۆری کرد بۆ پەسەند کردنی. هەرچەندە زۆرێک لە یاسا دانەران ناڕەزاییان دەربڕی و بەرهەڵستییان کرد بەو پێیەی کە بێمۆرالییە، بەڵام دواجار پرۆژەیاساکە لە ئەنجومەنی پیران (سەنات) تێپەڕی بە ٢٩ دەنگ لە بەرانبەر ١٧ دەنگدا و بە پەراوێزێکی تەنانەت کەمتریش لە ئەنجومەنی نوێنەراندا. بە گوێرەی بیرکردنەوەی جاکسۆن زیاتر لە ٣٠ خێڵی هیندیی ڕۆژهەڵات بەربەست بوون لە بەردەم ئەوەی بە مافی خاوەندیی نیشتەجێ نوێکانی (واتە مستەوتینە ئەوروپییەکان - و) دەزانی بۆ پاککردنەوەی ئەو دەشت و دەرە کێوییانە و بنیاتنانی خانووبەرە و چاندنی لۆکە و بەروبوومەکانی تر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵی ١٨٣٣، لە وتاردانی ساڵانەی لە بەردەمی کۆنگرێسدا، جاکسۆن سەرکۆنەی هیندییەکانی کرد و وتی "ئەوان نە خاوەنی زانیاری و زیرەکین، نە پیشەسازی، نە ئاکار و ڕەفتاری مۆراڵی و نە حەز و ئارەزووی پەرەسەندن، کە ئەمانە پێویستن بۆ هەر گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە حاڵەتی ئەواندا. ئەمانە لە ناوجەرگەی توخم و ڕەگەزێکی تری بالادەستدا هەڵکەوتوون .... بۆیە پێویستە بەزەرووڕەت خۆیان ڕادەستی هێزی دەوروبەر بکەن پێش ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ون ببن."

لە ماوەی ساڵانی ١٨٣٠ تا ١٨٤٠، سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان ٦٠ هەزار هیندیی ڕاگواست - کە چۆکتاو، کریک، چێرۆکی و ئەوانیتر بوون - لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ئاڵوگۆڕ بۆ هەرێمێکی نوێ لە ڕۆژئاوای میسیسیپی. بە درێژایی ئەو ڕێگایەی گواستنەوەیان کە بە "کاروانی فرمێسک Trail of Tears ناسراوە هەزارانیان لێ مردن. لەگەڵ پێشڕەویی سپیپێستەکانیشدا بەرەو ڕۆژاوا، ئەو زەوی و زار و ناوچانەی بۆ هیندییەکان تەرخانکرابوون بەردەوام لێیان کەمدەبووەوە.

## لەسێدارەدانەکانی مانکاتۆ

ڕادەست کردنی مووچەی ساڵانە و ئەو دەرماڵانەی کە بەپێی پەیماننامە حکوومییەکان دەبوو بدرێتە هیندییەکان بە سستی دەدرا و بوو بە هۆی ئەوەی خەڵکە ڕەسەنەکەی سیوکسی داکۆتا، کە لە مۆڵگەکانی پارێزگاریی سنووری مینیسۆتادا حەشار درابوون، تووشی برسێتی و نائومێدیی ببن. پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر کێڵگەکانی سپیپێستەکانی دەوروبەری خۆیان لە پێناوی دەستکەوتنی خۆراکدا سەری کێشایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی کوشندە، داکۆتاییەکان هەر کۆڵیان نەدا و بەردەوام هێرشیان دەکرد و بوو بە هۆی بەرپابوونی جەنگی لیتڵ کراوی ساڵی ١٨٦٢ (واتە قەلەڕەشی بچووک - وەرگێڕ)، کە تێیدا ٤٩٠ نیشتەجێی سپیپێست (مستوطن) کوژران و زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. ئەوجا سەرۆک لینکۆڵن سەربازی ناردنە سەر و شکستیان بە داکۆتاییەکان هێنا و لە پاش زنجیرەیەک دادگایی بەکۆمەڵ، زیاد لە ٣٠٠ کەس لە پیاوانی هیندیی داکۆتا سزای لەسێدارەیان بەسەردا سەپاندن.

لە کاتێکدا کەوا لینکۆڵن زۆربەی سزاکانی سووک کردبوو، ڕۆژێک لە دوای جەژنی لەدایکبوون (کریسماس) بەرپرسانی سەربازی لە مانکاتۆ بە یەک وەجبە ٣٨ داکۆتاییان هەڵواسی، کە ئەمە گەورەترین لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ بوو لە مێژووی ئەمریکادا. زیاد لە چوار هەزار کەس هاتبوونە سەر شەقامەکان بۆ بینینی ئەم دیمەنە و گەلێکیشیان سەبەتەی پێداویستیی گەشت و سەیرانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. پاشان هەر سی و هەشتەکەیان لە گۆڕی کەم هەڵکەندراودا ناشتن بە قەراخ ڕووباری مینیسۆتادا، بەڵام پزیشکەکان زۆربەیان هەڵدایەوە و تەمەکانیان دەرهێنا بۆ مەبەستی پزیشکی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کوشتاری ساند کریک

ئەو هیندییانەی کە شەڕیان دەکرد بۆ بەرگری کردن لە میللەتەکەیان و پاراستنی نیشتمانەکەیان پاساوی تەواویان دا بە دەست هێزەکانی ئەمریکاوە بۆ کوشتنی هەموو هیندییەکی سەر سنوور تەنانەت ئەگەر شەڕکەریش نەبوایەن. لە ۲۹ی نۆڤەمبەری ١٨٦٤دا، قەشەیەکی پێشتری میتۆدی (کە ڕیبازێکی مەسیحیی ئیجیلییە - و)، بە ناوی جۆن چیڤینگتۆن، سەرکردایەتیی هێرشێکی لەناکاوی کردە سەر هیندییەکانی شاین و ئەرەپاهۆ لە مۆڵگەکەیاندا (محمیة ) لە ساند کریک، کە دەکەوتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆلۆرادۆوە. هێزەکەی ئەم کۆنە قەشەیە لە حەوتسەد پیاو پێکهاتبوو، کە زۆربەیان جەنگاوەری خۆبەخش بوون لە فەوجەکانی یەک و سێی کۆلۆرادۆ و شەوی پێشتر هێندەیان مەی خواردبووەوە کە تەواو سەرخۆش و مەستی کردبوون بە ڕادەیەک کەوا چیڤینگتۆن و پیاوەکانی خۆیان هەڵدەکێشا کە بۆ کوشتنی هیندییەکان دەچن. ئەم پیاوە کە جارێکیان مسیۆنێر (مژدەدەر) دەبێت لە ناو هیندییەکانی ویاندۆتدا، ڕایدەگەیەنێت کەوا "نەفرەت لەو کەسەی هاوسۆزە لەگەڵ هیندییەکاندا! ... من بۆ کوشتنی هیندییەکان هاتووم و پێموایە ئەوە ڕاست و دروست و شکۆدارییە کە لە ژێر ئاسمانی خودادا هەموو هۆکار و ئامرازێک بۆ کوشتنی هیندییەکان بەکاربێت."

ئەو بەیانییە سارد و شوومە، چیڤینگتۆن سەرکردایەتیی پیاوەکانی خۆی کرد و هەڵیانکوتایە سەر دووسەد کەسی شاین و ئەرەپاهۆ. بلاک کیتڵ (واتە کتریبە ڕەش)ی سەرۆکی شاینەکان ئاڵایەکی ئەمریکای بەستە کۆڵەکەیەکەوە و بەپێی ڕاسپاردەکان دایگرت وەک ئاماژەیەک کەوا گوندەکەی ئارامە و داوای ئاشتی دەکات. کاتێ چیڤینگتۆن فەرمانی هێرشی دا بلاک کیتڵ ئاڵایەکی سپیی بەستە ژێر ئاڵاکەی ئەمریکاوە و بانگەوازی بۆ خەڵکەکەی خۆی کرد کە سەربازەکان نایانکوژن، بەڵام ئەم سەربازانە ١٦٠ کەسیان قەتلوعام کرد، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون.

## لەشکرکێشییەکانی کەستەر

لەم سەروبەندەدا قارەمانێکی شەڕی ناوخۆ لە ڕۆژئاواوە دەرکەوت. جۆرج ئارمیسترۆنگ کەستەر بە سواری ئەسپەکەیەوە کەوتە پێش هێزی سوارەی حەوتەم کە زۆربەیان ئیرلەندی بوون و لە سەر ئاوازی مەی خواردنەوەی ئیرلەندیی "گاری ئۆین Gary Owen" کەوتنە ڕێ. کەستەر دەیویست ناوبانگ پەیدا بکات و کوشتنی هیندییەکان باشترین دەرفەت بوو بۆ ئەم خولیا و مەراقەی - بەتایبەتی ئەوانەیان کە بێچەک و ئاشتیخواز بوون و بە تەما نەبوون کەس پەلاماریان بدات.

ئەوجا لە سەر فەرمانی جەنەراڵ فیلیپ شێریدان، کەستەر و هێزی سوارەی حەوتەمی، لە ۲۹ی نۆڤەمبەری ١٨٦٨دا،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هێرشیان کردە سەر شاینەکان و ئەرەپاهۆکانی هاوپەیمانیان لە سنووری ڕۆژئاوای هەرێمی هیندییەکان و لە نزیک ڕووباری واشیتاوە. لە پاش سەربڕینی ١٠٣ جەنگاوەری هیندی، بێجگە لە ژن و منداڵ، کەستەر پەیامی نارد بۆ شێریدان کە "سەرکەوتنێکی مەزن بەدەستهاتووە" و پاشان کەوتە وەسف و سەنای کارەکەی و نووسیبووی "یەک، هیندییەکان لە شیرینیی خەودا بوون. دوو، ژن و منداڵ کەمترین بەرگرییان کرد. سێ، هیندییەکان تووشی سەرسوڕمان بووبوون و سەریان لێشێوابوو بە هۆی گۆڕانکاریی لە سیاسەتی ئێمەدا."

دواتر کەستەر هێزی سوارەی حەوتەمی ئاڕاستەی پێدەشتەکانی باکوور کرد دژ بە لاکۆتا و ئەرەپاهۆکان و شاینەکانی باکوور و خۆی فش دەکردەوە و دەیگوت "حەوتەم دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەر شتێکدا بکات کە دێتەڕێی و هیندییەکانی هەموو جیهان ئەوە نین کە بتوانن هێزی سوارەی حەوتەم ببەزێنن."

دواجار بە خەیاڵی سەرکەوتنێکی لەناکاوی مەزنی تر، لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٨٧٦دا، کەستەر هێرشی کردە سەر گەورەترین کۆمەڵی جەنگاوەرانی هیندی لە پێدەشتە بەرزەکاندا - لە نزیک ڕووباری لیتڵ بیگ هۆرنی مۆنتاناوە. بەڵام بە کوشتنی کەستەر لەسەر دەستی هیندییەکان، دوا هەڵوێستی سوارەی حەوتەم تەنها چڕکردنەوە واتەوات و پڕۆپاگەندە بوو بۆ تۆڵەکردنەوەیەکی سەربازی لە پێناوی دابینکردنی "ئاشتیدا" لەسەر سنوور.

### کوشتاری وۆندد نی (ئەژنۆی بریندار)

تووڕەیی دژ بە هیندییەکان ڕوو لە هەڵکشان بوو لە کۆتایی ساڵانی ١٨٨٠کاندا، لە کاتی پەیدابوونی بزووتنەوەی ڕۆحیی "سەمای تارماییەکان"Ghost Dance دا کە لە ناو بیست خێڵدا تەشەنەی کرد لە شانزە ویلایەتدا و بوو بە مایەی هەڕەشە و مەترسیی لەسەر ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە خرابوونەگەڕ بۆ ئاسیمیلەکردن و تواندنەوەی کولتووریی گەلە خێڵەکییەکان. سەمای تارماییەکان یان ڕۆحەکان، کە پەیامی ئەوەی بڵاو دەکردەوە گوایە هیندییەکان لەبەر ئەوە شکستیان هێناوە و لە مۆڵگەکاندا (محمیات، reservations حەشاردراون چونکە خواوەندەکانیان تووڕە کردووە بەوەی کە وازیان لە داب و نەریتی خۆیان هێناوە و بانگەشەی ڕەتکردنەوەی ڕێگە و ڕێبازی سپیپێستەکانی دەکرد. لە دیسەمبەری ١٨٩٠دا و چەندین هەفتە لە دوای کوشتنی سیتینگ بوڵ Sitting Bull واتە گای دانیشتوو - و)ی سەرۆک و ڕابەری بەناوبانگی سیوکس، لە کاتی گرتنیدا، هێزی سوارەی حەوتەمی سەر بە سوپای ئەمریکی لە نێوان ١٥٠ بۆ ٢٠٠ سەماکەری ڕۆحیی کوشت لە ناوچەی "وۆندد نی"wounded knee ی داکۆتای باشووردا. بۆ کۆمەڵکوژییەکەی لاکۆتای لە چەک داماڵراو، سەرۆک بنیامین هاریسۆن نزیکەی بیست سەربازی بە مێداڵی شەرەف خەڵاتکرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## نەرمی نواندن و بەرگەگرتن

لە پاش سێ ساڵ لە ڕووداوەکەی "وۆندد نی - ئەژنۆی بریندار"، پرۆفیسۆر فەرێدریک جاکسۆن تویرنەر لە کۆڕ و کۆمەڵێکی بچووکی مێژوونووساندا لە شیکاگۆ ڕایگەیاند کەوا "چیتر سنوور داخراوە" و بە تێزە بەناوبانگەکەی مشتومڕی لەسەر هەڵاواردنی (ئیستیسنائیی) ئەمریکا دەکرد. پەیکەرە ناوادارەکەی ئیرڵ فرەیزەر "کۆتایی ڕێگا" کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٥ لە پێشانگای پەنەما - پاسیفیکی نێودەوڵەتیدا دەرکەوت لە سان فرانسیسکۆ و ئایدیای توخم و ڕەگەزی شکستخواردووی لەناوچووی بەرجەستە کردبوو. بۆ گاڵتەجاڕیی دەوران، تەنها لە پاش کەمێک زیاتر لە سەد ساڵ، دانیشتووانی هیندییە ئەمریکییە بەرگەگرەکان توانییان تا سەدەی بیست و یەک بمێننەوە و بۆ زیاد لە پێنج ملیۆن کەس گەشە بکەن.

* دۆناڵد ل. فیکسیکۆ، پرۆفیسۆری مێژووە لە زانکۆی ئەریزۆنا - ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دانەر و نووسەری پانزە کتێبە لەسەر هیندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژاوا.

٦ی جانیۆیری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هۆلۆکۆستی 'هیندییه سوورەکان' لەساڵی ١٤٩٣ تا ئێستا



ئەژماری فەوتان‌و لەناوچوونی "هیندییه سوورەکان": خەملاندنی لەدەستدانی ژیان لەهۆلۆکۆستی گەلە ڕەسەنەکاندا، لەساڵی ١٤٩٢ تا ئێستا

دەیڤید مایکڵ سمیس
زانکۆی هیوستن- تەکساس (ئەمریکا)

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، توێژەران شتێکی زۆریان دەربارەی سروشت و پانتایی ئەو شتە فێربوون کە ڕەسڵ تۆرنتن ناوی لێنابوو دارمانی دیمۆگرافیی دانیشتووانی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوای زەوی لە دوای ساڵی ١٤٩٢وە(١) وەک دەیڤید ستانارد باسی دەکات، نزیکەی ژمارەیەکی بەدەر لە خەیاڵی ئەو کوشتن و مردنانەی بەهۆی داگیرکردنی ئەم خاک و وڵاتانە لەلایەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوروپییەکان و نەوەکانیانەوە "خراپترین هۆلۆکۆستی مرۆیی پێکدەهێنێت کە جیهان تا ئێستا شایەتحاڵی بووە"(٢). لە سەدەی بیستەمدا و لە دەیەکانی ڕابردوودا، لێکۆڵەران کۆمەڵێک خەمڵاندنیان بۆ دانیشتووانی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا پێش ساڵی ١٤٩٢ پەرەپێداوە. هەروەها توێژەران زانیارییەکی بەرچاویان سەبارەت بە ڕۆڵی نەخۆشییەکان، جەنگەکان، توندوتیژیی جینۆسایدئامێز، کۆیلەکردن، گواستنەوەی زۆرەملێ، لەناوبردنی سەرچاوە خۆراکییەکان، کۆکردنەوە، وێرانکاریی ڕێگاکانی ژیان، دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون و هۆکارەکانی تری هۆلۆکۆستی گەلە ڕەسەنەکان.(٣) ئەم توێژینەوەیە سوود لە کارەکانی ڕەسڵ تۆرنتن و دەیڤید ستانارد و زانایانی تر وەردەگرێت لە هەوڵدان بۆ ژماردنی خەڵکە ڕەسەنە فەوتاوەکان یان مردووەکان- واتە لە گەڵاڵەکردن و پەرەپێدانی زانیاریدا و خەمڵاندنێکی گونجاو، ئەگەر زۆر زەق بێت، بۆ کۆی لەدەستدانی ژیانی گەلە ڕەسەنەکان کە بەهۆی کۆلۆنیالیزمەوە لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا، کە لە ئێستادا خاکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هەرچەندە ئەم شیکارییە بە ناچاری تاریک و دڵتەزێنە، بەڵام زۆر شت هەیە بەدەستبهێنرێت بە تێگەیشتن لە بەردەوامترین لەدەستدانی ژیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا - چ بۆ ئەو کەسانەی ئەمڕۆ دەژین و چ بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لە وەرچەرخانی سەدەی بیستەمدا، کۆی ژمارەی دانیشتووانی ڕەسەن کە لە تەواوی نیوەگۆی ڕۆژئاوادا دەژیان بۆ ٤ - ٤,٥ ملیۆن کەس دابەزیبوو.(٤) لە ساڵی ١٨٠٠دا، تەنها نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس مابووەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.(٥) لە ساڵی ١٩٠٠دا، ژمارەی دانیشتووانی خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتە گەیشتە نزمترین خاڵ کە نزیکەی ٢٣٧ هەزار کەس بوو.(٦) پاشان قەبارەی دانیشتووانی ڕەسەن لە نیوەگۆی زەویدا و ئەم وڵاتە دیسانەوە کەوتە گەشەکردن و لە سەدەی ڕابوردوودا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیادیکرد. ئەمڕۆ نزیکەی ٧٠ ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا دەژین.(٧) ئێستا نزیکەی ٧,٢٥ ملیۆن هیندیی ئەمریکی، ڕەسەنی ئالاسکا و ڕەسەنی هاوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادان.(٨) بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بێوێنەییەی مێژوویی و ڕاگواستنی لە باسکردن نەهاتوو تراجیدی و کارەساتبار کە لە دوای ساڵی ١٤٩٢وە ڕوویدا، مانەوەی خەڵکی ڕەسەن بەڕاستی نائاساییە. بەهەرحاڵ، تا ئەمڕۆش میراتی داگیرکاری و زەوتکردن و کۆلۆنیالیزم لە بەرپابوونی زیانێکی ترسناک و مرۆیی بەردەوامە.

لێکۆڵینەوە زانستییە جیددییەکان سەبارەت بە قەبارەی دانیشتووانی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا پاش ساڵی ١٤٩٢ لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکرد. لە ساڵی ١٩٢٤دا پۆڵ ڕیڤێت مەزەندەی کرد کە لە نێوان ٤٠ بۆ ٥٠ ملیۆن کەس لە نیوەگۆی زەویدا ژیاون لە پێش دەسپێکردنی هۆلۆکۆستی خەڵکە ڕەسەنەکاندا.(٩)

دیسان هەر لەو ساڵەدا، کارڵ ساپەر ژمارەی دانیشتووانی ڕەسەنی لە نیوەگۆی زەویدا لە نێوان ٤٠ بۆ ٥٠ ملیۆن کەس



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەمڵاند.(١٠) دواتر هەردوک ڕیڤێت و ساپەر پێداچوونەوەیان بە خەمڵ و مەزەندەکانیاندا کرد و بۆ نزیکەی ١٥.٥ ملیۆن و ٣١ ملیۆن بەدوای یەکدا دابەزین. (١١) لە ساڵی ١٩٣٩دا، ئەڵفرێد کرۆبەر گەیشتە مەزەندەیەکی زۆر کەمتر کە تەنها ٨.٤ ملیۆن بوو بۆ تەواوی نیوەگۆی باکوور.(١٢) لە ساڵی ١٩٦٤دا، وودرۆ بۆرا خەمڵاندنێکی زۆر گەورەتری بۆ "سەرووی ١٠٠ ملیۆن" دانیشتووانی ڕەسەن لە نیوەگۆی باکوور ڕاگەیاند.(١٣) دوو ساڵ دواتر، هێنری دۆبینس دانیشتووانی ڕەسەنی نیوەگۆی لە نێوان ٩٠ ملیۆن و ١١٢.٥ ملیۆندا مەزەندە کرد.(١٤) لە ساڵی ١٩٧٦دا، ویلیەم دینێڤان ژمارەی دانیشتووانی ڕەسەنی لە نێوان ٤٣ بۆ ٧٢ ملیۆن کەس خەمڵاند، کە ناوەڕاستی زیاتر لە ٥٧ ملیۆن کەسە.(١٥) ساڵی ١٩٨٧، ثۆرنتن مەزەندەی نزیکەی ٧٥ ملیۆنی کرد.(١٦) بۆ ساڵی دواتر، دۆبینز بە شێوەیەکی بەرچاو پێداچوونەوەی بە خەمڵاندنەکەیدا کرد و گەیاندیە ١٤٥ ملیۆن.(١٧) لە ساڵی ١٩٩٢دا، ستانارد ژمارەی دانیشتووانی ڕەسەن یان سەرەتایی نیوەگۆی بە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس خەمڵاند.(١٨)

هەروەها توێژەران خەمڵاندنی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە بۆ ژمارەی دانیشتووانی ڕەسەنی پێش ساڵی ١٤٩٢ی ئەو زەوییانە پەرەپێدراوە کە ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکدەهێنن. لە ساڵی ١٩١٠ جەیمس موونی ئەم ژمارەیەی بە نزیکەی ٨٤٦ هەزار کەس خەمڵاند. دواتر پێداچوونەوەی بە خەمڵاندنەکەیدا کرد بۆ زیاتر لە ٨٧٩ هەزاری دانا.(١٩) لە ساڵی ١٩٣٩دا، کرۆبەر وایبۆچوو کە ئەم ژمارەیە تەنها نزیکەی ٧٢٠ هەزار کەس بووە پێش هاتنی ئەوروپییەکان.(٢٠) لە ساڵی ١٩٧٦دا، دۆگلاس ئوبیلەیکەر دانیشتووانی ڕەسەنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بە زیاتر لە ٨٥, ١ ملیۆن مەزەندە کرد.(٢١) لە ساڵی ١٩٨١، تۆرنتن و هاوکارەکەی جوان مارش- تۆرنتن خەمڵاندنێکی ١.٨٤٥ ملیۆن کەسیان گەڵاڵە کرد، کە زۆر نزیک بوو لە خەمڵاندنەکەی ئوبێلاکەر.(٢٢) وەک دواتر تۆرنتن شیدەکاتەوە، کەوا ئەم مەزەندەیە پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە شێوازی ڕاگواستنی نێوان ساڵانی ١٤٩٢ و ١٨٠٠ بووە کە هێڵکارییە، واتە "لە هێڵێکی ڕاستدا". بەڵام لێکۆڵینەوەی زیاتر قەناعەتی پێکرد کە دارمانی دیمۆگرافیی دانیشتووانی ڕەسەن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئێستادا "کێرڤێکی توندترە بەرەو خوارەوە." تۆرنتن پێداچوونەوەی بە بۆچوونەکەی پێشوویدا کرد و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم خەڵکە ڕەسەنە لە ساڵی ١٤٩٢دا ژمارەیان زیاتر لە ٥ ملیۆن بووە.(٢٣) هەروەها مەزەندەی ئەوەشی کردووە کە بێجگە لەوە دوو ملیۆنی تری خەڵکی ڕەسەن کاتی خۆی لەو خاک و هەرێمانەدا ژیاون کە ئەمڕۆ کەنەدا و ئالاسکا و گرینلاندن.(٢٤) لە ساڵی ١٩٩٢دا، ستانارد مەزەندەی ئەوەی کردووە کە لە نێوان ٨ - ١٢ ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لە ئەمریکای باکووری سەرووی مەکسیکی ئەمڕۆدا ژیاون.(٢٥) لە ساڵی ٢٠١٤دا، ڕۆکسان دونبار - ئۆرتیز خەمڵاندنی ئەوەی کردووە کە نزیکەی ١٥ ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لەو شوێنەدا ژیاون کە ئێستا بووە بەو کیشوەرەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لەسەرە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جیاوازییەکانی توێژینەوە سەبارەت بە قەبارەی دانیشتووانی ڕەسەن لەم نیوەگۆیە و ئەم وڵاتەدا تا ئەمڕۆش بەردەوامە و ناتوانرێت بگوترێ کەوا کۆدەنگیی لەسەرە. وەک تۆرنتن ڕوونی کردووەتەوە، "ئێمە بە تەواوی نازانین چەند هیندیی ئەمریکی لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا بوون، یان تەنانەت بەشێکیشی، کاتێک کە کۆڵۆمبس هاتووە".(٢٦) سەرەڕای ئەوەش، تۆرنتن جەختی لەوە کردووەتەوە کە "بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە بگەینە ئاستی خەمڵاندنێکی گونجاو بۆ دانیشتووانی هیندیی ئەمریکی لەو کاتەدا".(٢٧) چۆن دەتوانرێت ئەمە بکرێت؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خەمڵاندنە جیاوازانەی کە لەلایەن پسپۆڕانی جۆراوجۆری ئەو بوارەوە گەڵاڵە کراون، چۆن توێژەرانی تر و کەسانی پەیوەندیدار دەتوانن بزانن کام ژمارە زۆرترین گونجاوی و زۆرترین ئەگەری وردیی تێدایە؟

تەنانەت ئاگادارترین و گونجاوترین خەمڵاندن بۆ دانیشتووانێک کە زیاتر لە پێنجسەد ساڵیان نێوانە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هاوچەرخدا، بە ناچاری لە باشترین حاڵەتدا نزیکبوونەوەیەکی زۆر گشتییە. لێکۆڵینەوە دیمۆگرافییە بەئازار و پەرەسەندووەکانی تۆرنتن خۆی لە ماوەی سێ دەیە و نیوەکەی ڕابردوودا، بەبێ گومان باشترین نموونەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە و وردەکارییە دەخاتە ڕوو. تۆرنتن تەحەدای خەمڵاندنە زۆر نزمەکەی موودیی کردووە کە دانیشتووانی ڕەسەن لە ناوچەکانی ئەمڕۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کیشوەریدا چونکە گریمانەیان کردووە کە هیچ بەرکەوتنێکی بەرچاوی سەرەتایی ڕەسەن - ئەوروپی یان لەدەستدانی کارەساتبارێکی سەرەتایی دانیشتووانی ڕەسەن بەهۆی نەخۆشییە ئەوروپییەکان و/ یان ئەفریقییەکانەوە نەبووبێت. لە بەرامبەردا، تۆرنتن ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەمدا پەتایەکی کارەساتبار و لەدەستدانی دانیشتووان هەبووە "لە ئەنجامی بەرکەوتنی ڕووداوەوە، یان تەنانەت بەبێ بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ، چونکە نەخۆشی لە خێڵێکی هیندیی ئەمریکییەوە بۆ خێڵێکی تر بڵاوبووەتەوە".(٢٨) هەروەها تۆرنتن تەحەدای خەمڵاندنی زۆر بەرزتری دانیشتووانی ڕەسەنی دۆبینزی کردووە، کە لەسەر بنەمای گریمانە ماڵتۆسییەکانە کە "دانیشتووان مەیلیان بۆ زیادبوون هەیە بەدەر لە سنووری ئەو خۆراکانەی کە لەبەردەستیاندایە لەهەر ئاستێکی تایبەتی تەکنەلۆجیادا"(٢٩) وەک تۆرنتن ڕوونیکردووەتەوە کەوا "مەرج نییە دانیشتووانی مرۆڤ فراوانتر بن و ژمارەیان ئەو سنوورانە تێپەڕێنێت کە تەکنەلۆجیا و سەرچاوە سروشتییەکان ڕێگەیان پێدەدەن"(٣٠) هەروەها تۆرنتن ئاماژەی بە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی کردووە کە "ئاماژە بە نەبوونی پەیوەندی لە نێوان قەبارەی دانیشتووان و توانای هەڵگرتنی ژینگەکانیان دەکات" بۆ دانیشتووانی ڕەسەن لە ناوچەکەدا کە ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.(٣١)

خەمڵاندنی تۆرنتن کە نزیکەی ٧٥ ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا ژیاون لە ساڵی ١٤٩٢دا و خەمڵاندنی ئەو کە زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس لە ناوچەیەکدا ژیاون کە دواتر بووە کیشوەری ئەمریکا، بە بێگومان لە ڕووی میتۆدۆلۆجییەوە وریاترین و متمانەپێکراوترین هەڵسەنگاندنی ئێستان بۆ توێژەرانی ئەم بوارە. وەک جەیمس ویڵسن بۆیدەچێت، خەمڵاندنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تۆرنتن بۆ کۆی گشتیی زیاتر لە ٧ ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لە باکووری مەکسیک ڕەنگە "نزیکترین بێت لە ژمارەیەکی گشتیی پەسەندکراو" و "ژمارەیەک بۆ نیوەگۆی ڕۆژئاوا بەگشتی ٧٥ بۆ ١٠٠ ملیۆن کەس" زۆر نائاسایی نەبێت.(٣٢) ڕەنگە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو دانیشتووانێکی ڕەسەنی گەورەتر ئاشکرا بکەن، بەڵام خەمڵاندنەکانی تۆرنتن کە بە وردی لەبەرچاو گیراوە و مەودای ناوەڕاست خاڵی دەستپێکی گرنگ بۆ گەلاڵەکردنی خەمڵاندنی بەئاگا و بەجێ بۆ کۆی لەدەستدانی ژیان لە هۆڵۆکۆستی ڕەسەنەکاندا دابین دەکەن.

هەروەها کارەکانی تۆرنتن و ستانارد و توێژەرانی تر زۆر گرنگ بوون لە گەلاڵەکردنی تێگەیشتنێکی زیاتر لە هۆکارە تایبەتە جیاوازەکانی پەیوەست بە یەکتری ئەم دارمانە دیمۆگرافییە بوون. ئەم لێکۆڵینەوەیە پووچەڵکردنەوەی بەهێزی هەوڵەکانی گانتەر لۆوی و مایکڵ مێدڤێد و شرۆڤەکارانی تر دەدات بۆ کەمکردنەوەی بەرپرسیارێتیی داگیرکەرانی ئەوروپی و نەوەکانیان بەرامبەر بە هۆڵۆکۆستی خەڵکە ڕەسەنەکە. ئەم جۆرە هەوڵانە بەزۆری بریتی بوون لە چڕکردنەوەی سەرنجی تەسک لەسەر گرنگیی ئەو نەخۆشیانەی کە ئەوروپییەکان و کۆیلە ئەفریقییەکانیان لە فەوتاندنی خەڵکی ڕەسەندا هێناویانە و نکووڵی لە نیاز مەبەستی جینۆسایدی داگیرکەران دەکەن.(٣٣) لە بەرامبەردا، ستانارد نووسیویەتی:

"ڕاستە، بە مانایەکی ئاشکرای چەندایەتیی ژماردنی تەن، کە ئەو شاڵاوی نەخۆشییەی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە گوێزراوەتەوە و لە نێو دانیشتووانی بەناو "خاکی پاکیزە یان چۆڵ و کەس تێدا نەبوو"virgin land ی ئەمریکادا بڵاوبووەتەوە و لە هەر هێزێکی تری وێرانکەر زیاتر بووە بە هۆی مردن و قڕکردن. بەهەرحاڵ، بە چاوخستنە سەر نزیکەی تەواوی نەخۆشی و جێگرتنەوەی بەرپرسیارێتیی کوشتنی بەکۆمەڵ لەسەر سوپایەکی میکرۆبی داگیرکەر، نووسەرانی هاوچەرخ تادێت ئەو بڕوایەیان لە لا دروستبووە کە بنبڕکردنی ئەو دەیان ملیۆن خەڵکە بەبێ ئاگاداری بووە و ئەمەش مەسەلەیەکی خەمناک بووە، بەڵام هەم حەتمی و هەم "دەرئەنجامی نەخوازراو"ی کۆچی مرۆڤەکان و پێشکەوتن بووە... بەڵام لەڕاستیدا، لەناوچوونی نزیکەی تەواوی خەڵکی ڕەسەنی نیوەگۆی ڕۆژئاوا نە بەبێ ئاگاداری بووە و نە حەتمی بووە.(٣٤)

ستانارد پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە "پەتای میکرۆبی" و "جینۆسایدی ئامانجدار" لە هەندێک کاتدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دوای ساڵی ١٤٩٢ کاریان کردووە بەڵام زۆرتر "نەخۆشی و جینۆساید هێزی وابەستە بوون بە یەکەوە کە بە شێوەیەکی داینامیکی کاریان کردووە" و کاریگەریی پەیوەندیدار و لێکگرێدراویان بووەتە هۆکاری مردنی ئەو ژمارە هێجگار زۆرەی خەڵکی ڕەسەن.(٣٥)



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تۆرنتن وەک ستانارد دانی بەوەدا ناوە کە نەخۆشییە ئەوروپییەکان و ئەفریقییەکان گرنگترین هۆکاری "دارمانی دیمۆگرافیی" کارەساتبار بوون بۆ دانیشتووانی ڕەسەن لە ناوچەکەدا، کە ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ڕەنگە ئاوڵە، تیفۆس و سورێژە کوشندەترین نەخۆشی بووبێتن بۆ خەڵکی ڕەسەن و تۆرنتن ئاماژەی بە خەمڵاندنی دۆبینز کردووە کە "نەخۆشییەکی درمیی توند کە دەبێتە هۆی مردنی بەرچاو لە ماوەی چوار ساڵ جارێکدا، لە ناو گەلانی ڕەسەنی ئەمریکیدا تەشەنەی کردبێت، تێکڕا لە ساڵی ١٥٢٠وە تا ساڵی ١٩٠٠".٣٦ بەڵام تۆرنتن بە هەمان شێوە جەختی لەسەر کاریگەریی هۆکارە گرنگەکانی تریش کردووەتەوە.(٣٧) هەروەها بە بۆچوونی ئەو:

"پێدەچێت دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمریکی نەک تەنها بەهۆی کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی نەخۆشی بەڵکوو بەهۆی کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی شەڕ و جینۆساید و کۆیلەکردن و دوورخستنەوە و گواستنەوەی زۆرەملێ و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا و کولتوور و شێوازەکانی ژیانی هیندییەکانی ئەمریکا کە هاوڕێی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپییە کەم بووبێتنەوە".(٣٨)

بەدوای کلارک سپێنسەر لارسندا، تۆرنتن ئاماژەی بەوە کردووە کە گواستنەوەی دانیشتووان، کاری زۆرەملێ، گۆڕینی ژەمە خۆراک و زیانەکانی تر کە بەسەر خەڵکی ڕەسەندا هاتوون "بە شێوەیەکی ئاڵۆز لەخۆیاندا وێرانکەر بوون و زۆرجار لەگەڵ نەخۆشیدا کاری خۆیان کردووە بۆ کەمکردنەوەی دانیشتووانی هیندیی ئەمریکی".(٣٩) هەروەها تۆرنتن ئاماژەی بە ئەنجامەکەی کاری مایستەر کردووە کە "دواتر کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان لێکەوتووەتەوە کە لە ئەنجامی نەخۆشییەوە بووە، بووەتە شتێکی ڕێتێچوو، چونکە هیندییەکان لە زێد و زەوی و زاریان دوورخراونەتەوە و سەرچاوەکانی تری ژیان و گوزەرانیان لێ زەوتکراوە".(٤٠)

تۆرنتن و ستانارد و شرۆڤەکارانی تر جەختیان لەسەر گرنگیی شەڕ و جینۆساید کردووەتەوە لە هۆلۆکۆستی خەڵکی ڕەسەندا. تۆرنتن ئاماژەی بە خەمڵاندنی سەرەتایی ئیسپانیایی کە بووە قەشە بارتۆلۆم دی لاس کاساس هێناوەتەوە کە لەبنەڕەتدا لە نێوان سێ بۆ چوار ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لەو کۆمەڵە دوورگەیەدا ژیاون کە بە هیسپانیۆلا ناسراوە.(٤١) ئەوان لە ماوەی چەند دەیەیەکی داگیرکاریی ئەوروپییەکان و لە ئەنجامی جەنگ و شەڕەکان، جینۆساید، کۆیلەکردن، نەخۆشی و هۆکارەکانی تری پەیوەندیدارردا زۆربەیان مردوون.(٤٢) جەنگەکان و جینۆساید بە گرێدان لەگەڵ "زریان و شالاوی نەخۆشی" و هۆکاری پەیوەندیدارەوە سەری کێشاوەتەوە بۆ ئەگەری ٤٠ ملیۆن مردن لەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ مەکسیک، ناوەندی ئەمریکا، پیرۆ و شیلین لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٥٦٠کاندا.(٤٣) لەو سەدانەی بەدوای هەردوک دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیائیی ئیسپانی و دەوڵەتە سەربەخۆ نوێکانی سەرانسەری هەردوو ئەمریکادا هاتن شەڕ لەدژی گەلانی ڕەسەن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

توندوتیژیی جینۆسایدئامێز بەردەوام بوون. هەندێک لە شەڕ و ململانێ گەورەکانی ئەمریکای باشوور بریتی بوون لە جەنگی ئاراوکۆ لە شیلیی ئەمرۆ، شەڕی گوارانی لە بەرازیل و پاراگوای و ئەرجەنتین، یاخیبوون و ڕاپەڕینی توپاک ئامارو لە پیرۆ، "هێورکردنەوەی" ئاراوکانیا لە شیلی و داگیرکردنی بیابان لە ئەرجەنتین.(٤٤) تۆرنتن ئاماژەی بەوە کردووە کە سەدان هەزار خەڵکی ڕەسەن لە کاتی شەڕەکاندا لەگەڵ ئەوروپییەکان و نەوەکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئەمڕۆدا لەناوچوون و فەوتان.(٤٥) هەروەها ئیشارەتی بەوەش کردووە کە کاتێک خەڵکە ڕەسەنەکان ژیانیان لەدەستداوە "جینۆسایدی ئاشکرا" لە کالیفۆرنیا، تەکساس و ناوچەکانی تر زیاد دەکرێت بۆ ژمارەی قوربانیانی شەڕە فەرمییەکان، بەدڵنیاییەوە کۆی ژمارەی کوژراوانی توندوتیژی زۆر زیاتر دەبێت.(٤٦)

بێجگە لە کاریگەرییە کوشندەکانی نەخۆشی و شەڕ و جینۆساید، تۆرنتن جەختی لەوەش کردووەتەوە کە زۆرێک لە نەتەوە ڕەسەنەکان لەو شوێنەی کە ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانە "دوورخراونەتەوە، گواستراونەتەوە، بڵاوەیان پێکراوە، کۆکراونەتەوە، یان ناچارکراون کۆچ بکەن، بەلایەکەمەوە جارێک دوای بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەوروپییەکان یان ئەمریکییەکان".(٤٧) هەروەها تێبینیی ئەوەشی کردووە کە گواستنەوەی زۆرەملێی زیاتر لە ١٠٠ هەزار خەڵکی ڕەسەن بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری میسیسیپی لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕاستەوخۆ بووە هۆی وێرانکردنی شێوازەکانی ژیان و ئەنجامیش بووە بەهۆی زیاتر لەدەستدانی ژیان و لەناوچوون.(٤٩) هێرشە وێرانکەرەکانی تر بۆ سەر ئەم شێوازانەی ژیان بریتی بوون لە:

"نێردە و لەشکرکێشییەکانی ئیسپانیا لە کالیفۆرنیا و فلۆریدا و تەکساس، هەوڵەکانی حکوومەتی ئەمریکا بۆ ئەوەی هیندییەکانی پێدەشتەکان بکەنە ئاژەڵدار و هیندییەکانی باشوور بکەنە جووتیاری ئەمریکی... هەوڵەکانی کەنیسە و حکوومەتەکان بۆ هەڵتەکاندنی سیستەمەکانی ئایینی و حکوومی و خزمایەتیی هیندییەکان... لەناوبردنی زۆرجار بە ئەنقەستی گیا و گیاندارەکان (فاونا و فلۆرا) کە هیندییەکانی ئەمریکا بۆ خۆراک و مەبەستی تر بەکاریان دەهێنان ... نزیکبوونەوەی لەناوچوونی گامێش...".(٥٠)

هەروەها برسێتی و بەدخۆراکیی بەربڵاو، کاریگەرییە زیانبەخشەکانی کاری زۆرەملێ، خووگرتن بە مەیخواردنەوەوە، بێهێزی و نائومێدی، دابەزینی توانای منداڵبوون و هۆکارەکانی دیکەش بەشداربوون لە هۆڵۆکۆستی خەڵکە ڕەسەنەکە.(٥١)

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دارمانی دیمۆگرافیای دانیشتووانی گەلانی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا و لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆتایی هات، بەڵام تێچووی کەڵەکەبووی مرۆیی لە داگیرکردن و زەوتکردن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆلۆنیالیزم لەلایەن ئەوروپییەکان و نەوەکانیانەوە بەردەوام بووە لە گەشەکردن. حکوومەتەکانی مەکسیک، گواتیمالا، بەرازیل، پیرۆ و وڵاتانی تری ئەمریکای لاتین بەردەوام بوون لە کوشتنی چالاکوانانی گەلانی ڕەسەن و خەڵکی ڕەسەنی تر(٥٢). بە بەراورد، ئاستی توندوتیژی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەمتر بووە، بەڵام حکوومەتی فیدراڵی و یاسا بەدەستان و چاودێران بە شێوەی بچڕبچڕ خەڵکی ڕەسەنیان کوشتووە.(٥٣) خەڵکی ڕەسەن کە تا ئێستا لە ئەمریکا دەژین و ماونەتەوە لە شەڕەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا گیانیان لەدەستداوە و بەردەوامن لە کوشتنیان لەلایەن پۆلیسەوە بە ڕێژەیەکی زیاتر لە هەر گرووپێکی دیمۆگرافیی تر.(٥٤) زیاد لەوەش، ڕێژەی بەرزی ئەوپەڕی هەژاری، خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێی خراپ، نەخۆشی، خراپیی چاودێریی تەندروستی، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و خۆکوشتن بەردەوام بوون لە ئازاردان و کارەسات نانەوە بۆ دانیشتووانی ڕەسەن لە سەرانسەری نیوەگۆی ڕۆژئاوادا، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشەوە.(٥٥) جێی سەرسوڕمان نییە کە لێکۆڵینەوەکان لە سێ دەیەی ڕابردوودا ژمارەیەکی بەرچاوی مردنی زیادەیان لە خەڵکە ڕەسەنەکەی دانیشتووانی ئەمریکا سەلماندووە.(٥٦)

چەند کەس لە خەڵکە ڕەسەنەکە لە هۆڵۆکۆستدا لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٤٩٢وە تا ئێستا مردوون؟ ژمارەی وردی خەڵکی ڕەسەن کە بەهۆی داگیرکاری و دەستبەسەری و کۆلۆنیالیزمەوە لە ماوەی پێنج سەدە و چارەکی ڕابردوودا مردوون، هەرگیز نازانرێت و پەیی پێنابرێت. بەڵام ئەمڕۆ دەتوانرێت لانیکەم بە نزیکەیی مردووەکان بژمێردرێت، واتە دیسانەوە، خەمڵاندنی ئاگادار و بەجێ، بۆ کۆی لەدەستدانی ژیانی ڕەسەنەکان لەم نیوەگۆیە و ئەم وڵاتەدا گەلاڵە بکرێت. ئێمە خەمڵاندنی وردی تۆرنتنمان هەیە بۆ قەبارەی دانیشتووانی ڕەسەن پێش هاتنی ئەوروپییەکان و زانیارییەکی بەرچاومان هەیە لەسەر هۆکارە تایبەتەکانی پەیوەست بە یەکتری بۆ داڕمانی دیمۆگرافی. بێجگە لەوەش خەمڵاندنێکی جێی متمانەمان هەیە بۆ قەبارەی دانیشتووانی ڕەسەن لە خراپترین دۆخی سەرەتای سەدەی بیستەمدا. بێگومان لەگەڵ ئەم زانیاریانەدا، دەتوانین تێڕوانینێکی دیمۆگرافیی گرنگ بەکاربهێنین کە لەلایەن تۆرنتنەوە ئاماژەی پێکراوە، لەکاتێکدا کە ئێمە لە ڕێگەی ئەم حیساباتە حەتمییە تاریک و خەمناکانەوە کار دەکەین.

ستانارد مەزەندەی کردووە کە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا بەهۆی ئەوروپییەکان و نەوەکانیانەوە لە ماوەی پێنج سەدەی ڕابردوودا کوژراون یان پێشوەختە گیانیان لەدەستداوە. ستانارد گەیشتووەتە ئەم ئەنجامە بە خەمڵاندنی ئەوەی کە ژمارەی خەڵکە ڕەسەنەکە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن بووە و تا سەرەتای سەدەی بیستەم بە ڕێژەی نزیکەی ٩٥% دابەزیوە.(٥٧) وارد چەرچڵ مەزەندەی ئەوە دەکات کە کۆی لەناوچوون و مردنی خەڵکە ڕەسەنەکە تا ڕادەیەک لە ١٠٠ ملیۆن زیاترە.(٥٨)



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەندە ئەم ژمارانە سەرسوڕهێنەرن، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی تۆرنتن هۆکارێکی زۆر گرنگ دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بڵێین کە زیانی مرۆیی هۆڵۆکۆستی خەڵکی ڕەسەن زۆر زیاتر بووە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، تۆرنتن خەمڵاندنێکی کەمتری بۆ نزیکەی ٧٥ ملیۆن دانیشتووانی ڕەسەنی نیوەگۆی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٤٩٢ گەڵاڵە کردووە و ئەم ژمارەیە تا ساڵی ١٩٠٠ بۆ کەمتر لە ٥ ملیۆن کەس لە نیوەگۆی زەوی دابەزیوە. پێدەچێت ئەم ژمارانە ئاماژەبن بۆ ئەوەی کە لەدەستدانی ژیان لە دەوری ٧٠ ملیۆندا بێت لەم نیوەگۆیەدا. هەروەها، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، تۆرنتن مەزەندەی کردووە کە دانیشتووانی ڕەسەنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمڕۆ لە ساڵی ١٤٩٢دا زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس بووە و لە ساڵی ١٩٠٠دا تەنها نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەسیان ماوەتەوە. پێدەچێت ئەم ژمارانە ئاماژە بەوە بکەن کە لەدەستدانی ژیان لێرە نزیکەی ٥ ملیۆن کەس بووە. بەڵام لەم خاڵەدا لە حیسابکردنی مردنی ڕەسەنەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئێستادا تۆرنتن پرسێکی گرنگی وروژاندووە و ڕوونیشی کردووەتەوە کەوا:

"ئەم چەشنە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان نەک هەر ئەوە دەگەیەنێت کە دەوری ٥ ملیۆن هیندیی ئەمریکی لە ماوەی ٤٠٠ ساڵدا مردوون بەڵکوو لەڕاستیدا چەند هێندە ژمارەی ئەو نزیکەی ٥ ملیۆن کەسە فەوتاون و مردوون، چونکە وەچە و نەوەی نوێ، بەڵام هەمیشە لە ڕووی ژمارەوە بچووک، لە هیندییەکانی ئەمریکا لەدایک بوون و ژیاون و مردوون".(٥٩)

ئەم تێگەیشتنە دیمۆگرافییە گرنگە پێویستە بۆ پەرەپێدانی هەڵسەنگاندنێکی چەندایەتیی گشتگیرتر و متمانەپێکراوتر بۆ ئەو کەسانەی کە لە هۆڵۆکۆستی گەلانی ڕەسەندا لەناوچوون. بەهەرحاڵ، کتێب و بابەتەکانی تۆرنتن کۆی ژمارەی مردنی ڕەسەنەکانیان لەم وڵاتە یان لە نیوەگۆی زەویدا نەخەمڵاندووە. توێژەری ئەم باسە لە ساڵی ٢٠١٥دا پەیوەندیی بە تۆرنتنەوە کرد بۆ ئەوەی پرسیار لەبارەی ئەم پرسە دیمۆگرافییانە بکات. لە ئاڵوگۆڕی ئیمەیڵەکانی دواتردا، تۆرنتن ئاماژەی بەوەدا کە خەمڵاندنی وردی خۆی ئەوەیە کە نزیکەی ١٢ ملیۆن خەڵکی ڕەسەن لە سنووری ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٤٩٢ و ١٩٠٠دا مردوون.(٦٠) ئەم ژمارە مردنە لە ٢.٥ هێندەی دابەزینی خەمڵێنراو نزیک دەبێتەوە لە ژمارەی دانیشتووانە ڕەسەنەکە لەم ماوەیەدا. هەرچۆنێک بێت، خەمڵاندنێک بۆ کۆی ژمارەی ئەو خەڵکە ڕەسەنەی کە لە تەواوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئێستادا مردوون، دەبێت ژیان لەدەستدانی هاوایی و ئالاسکا و پۆرتۆریکۆش لەخۆبگرێت.

کارەکانی دەیڤید ئە. سوانسۆن ئیشارەت بەوە دەکات کە دانیشتووانە ڕەسەن یان نەیتیڤەکەی هاوای لە ٦٨٣ هەزار کەسی ڕەسەنەوە پاش گەیشتنی جەیمس کووکی گەڕیدە و دۆزەرەوەی بەریتانی، لە ساڵی ١٧٧٨دا بۆ ئێرە تا ساڵی ١٩٢٠ دابەزیوە بۆ ٢٤ هەزار کەس، واتە لەدەستدانی ژیانی ٦٥٩ هەزار کەس بووە.(٦١) سوانسۆن باوەڕی وایە کە ناتوانرێت کۆی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژمارەی ئەو کەسانەی لەوێ فەوتاون لە ساڵی ١٧٧٨ەوە حیسابی بۆ بکرێت، بۆیە دەبێت ژمارەی ٦٥٩ هەزار بەس بێت بۆ هەژمارەکانمان.(٦٢) ڕەنگە خەمڵاندنی موونی بۆ نزیکەی ٧٢٦٠٠ خەڵکی ڕەسەن کە لە ساڵی ١٤٩٢ لە ئالاسکا ژیاون، ژمارەیەکی زۆر کەم بێت، بەڵام خەمڵ و مەزەندەی ئەو بۆ تەنها نزیکەی ٢٨٣٠٠ کەس کە لەوێ ماونەتەوە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠دا تا ڕادەیەک وردە. ئەگەر چەند هێندەیەکی ٢.٥ بۆ ئەم دابەزینە کە نزیکەی ٤٤٣٠٠ کەسە بەکاربهێنرێت، ئەوا کۆی ژمارەی مردنی ڕەسەنەکان لە ئالاسکا کە بەهۆی کۆڵۆنیالیزمەوە لە ساڵی ١٤٩٢ەوە فەوتاون وا دیارە نزیکەی ١١٠٧٥٠ کەس بووە.(٦٣) لە پۆرتۆریکۆی ئەمڕۆدا، ژمارەی دانیشتووانی گەلی تاینۆ (ئاراواک) لانیکەم ٢٠ هەزار کەس بووە لە ساڵی ١٤٩٢ بەڵام لە ماوەی نزیکەی چەند دەیەیەکدا لەناوبرێتن، بۆیە پێویست ناکات کۆلکەی چەند جاران بۆ ئەم بوارە بەکاربهێنرێت.(٦٤) بەکورتی دەتوانرێت ئەوە بخەمڵێندرێت کە نزیکەی ٧٩٠ هەزار مردن و لەناوچوونی گەلانی ڕەسەن بەهۆی کۆڵۆنیالیزمەوە ڕوویاندابێت لە هاوای و ئالاسکا و پۆرتۆریکۆدا.

هەروەها دەبێت مردنی خەڵکی ڕەسەن کە لە ساڵی ١٩٠٠ەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی میراتی کۆڵۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستیی دامەزراوەیی هاوچەرخەوە ڕوویداوە، بژمێردرێت. کۆی ژمارەی مردنی ڕەسەنەکان کە لە ئەنجامی شەڕ و سەرکوتکردن و توندوتیژیی ڕەگەزپەرستییەوە لە ساڵی ١٩٠٠ەوە ڕوویانداوە ڕەنگە ٢٥٠ هەزار زیاتر بێت. (٦٥) ژمارەیەکی زۆر گەورەتری مردن بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابووری و تەندروستییە سەختانەوە بووە کە زۆرێک لە خەڵکی ڕەسەن تووشی هاتوون. کەمی و دەگمەنیی زانیاریی ئامار لەسەر لەدایکبوون و مردن و لەناوچوونی گەلانی ڕەسەن بۆ زۆربەی سەدەی بیستەم، وا دەکات کە مەحاڵ بێت کۆی ژمارەی مردنە زیادەکان بە وردی بخەمڵێندرێت. بەڵام خەمڵاندنێک بۆ نزیکەی ٢٠٠ هەزاری کۆی گشتیی مردنی خەڵکی ڕەسەن کە دەگەڕێتەوە بۆ میراتی کۆڵۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستیی دامەزراوەیی لە ساڵی ١٩٠٠ەوە ڕەنگە موحافزکارانە بێت.(٦٦)

بەکورتی، بۆ تەواوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئێستا لە ساڵی ١٤٩٢ەوە تا ئێستا، کۆی ژمارەی مردنی گەلە ڕەسەنەکان ئەو ١٢ ملیۆن کەسە دەگرێتەوە کە تۆرنتن مەزەندەی کردووە، بێجگە لە نزیکەی ٧٩٠ هەزار مردنی تر کە لە هاوای، ئالاسکا، پۆرتۆریکۆ ڕوویداوە و نزیکەی ٢٠٠ هەزار مردنی زیادە لە ساڵی ١٩٠٠ەوە. بەم شێوەیە، پێدەچێت هۆڵۆکۆستی گەلانی ڕەسەن لەم وڵاتەدا نزیکەی ١٣ ملیۆن کەسی کوشتبێت. لە ڕووی ئامارژەوە، ئەم ژمارە ترسناکە لە مردن تەنها بەشێکی زۆر کەم بوو لە هۆڵۆکۆستی سڕکردنی مێشک لە سەرانسەری نیوەگۆی ڕۆژئاوادا. کاتێک کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی نیوەگۆی مەزەندەکراوی تۆرنتن کە ٧٠ ملیۆن کەسە، بە ٢,٥ جاران دەکرێت، لەوانەیە کۆی ژمارەی مردنی گەلانی ڕەسەن لە سەرانسەری نیوەگۆی ڕۆژئاوادا لە نێوان ساڵانی ١٤٩٢ بۆ ١٩٠٠ نزیکەی ١٧٥ ملیۆن کەس بێت.(٦٧) هەڵبەت ژمارەی مردنی گەلانی ڕەسەن لە نیوەگۆی زەویدا بەهۆی شەڕ، ستەم و سەرکوتکردن، ڕەگەزپەرستی و بارودۆخی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەختی ژیان لە ساڵی ١٩٠٠ەوە بە دڵنیاییەوە دەگاتە ملیۆنان کەس. (٦٨)

بە هەر پێودانگێک بێت، هۆڵۆکۆستی گەلانی ڕەسەن لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا، وەک ستاندارد ئاماژەی پێکردووە، "خراپترین هۆڵۆکۆستی مرۆڤایەتی بووە کە جیهان تا ئێستا بەخۆیەوە بینیبێتی". هیچ وشە و ژمارەیەک ناتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو قەبارەی ئەو ترسناکی و کارەساتە بگەیەنێت کە لە گەورەترین لەدەستدانی بەردەوامی ژیانی مرۆڤدا بەشدار بووە لە مێژوودا. هێشتا بۆ ئەم توێژەرە وا دیارە تێگەیشتن لە مەودا و ڕەهەندەکانی هۆڵۆکۆستی گەلانی ڕەسەن هەنگاوێکی یەکەمی گرنگ بێت بەرەو کردەوەی سیاسیی بەکۆمەڵ کە باس لە پێداویستی و بەرژەوەندی و خولیا و ئاواتەکانی خەڵکی ڕەسەنی ئەمڕۆ دەکات و دڵنیایی دەدات لەوەی کە هۆڵۆکۆستێکی لەو شێوەیە هەرگیز دووبارە ڕوونادات.

--------------

## پەراوێز

1 Russell Thornton, American Indian Holocaust and Survival: A Population History since 1492, (Norman: University of Oklahoma Press, 1987). Other scholars have used this expression, as well.

2 David E. Stannard, American Holocaust: The Conquest of the New World, (New York: Oxford University Press, 1992), p. 146 and pp. ix - x.

3 Although Stannard called this historically unprecedented tragedy the American Holocaust, I prefer to call it the Indigenous Holocaust because it was Indigenous people who were almost wiped out, and they did not call themselves Americans. 4 Thornton, p. 42.

5 Ibid., pp. 43, 90.

6 U.S. Bureau of the Census, Indian Population of the United States and Alaska, 1910, (Washington, D.C.: U.S. Government Printing Office, 1915), p. 10, cited in Russell Thornton, “Population of Native North Americans,” in A Population History of North America, ed. Michael R. Haines and Richard H. Steckel, (Cambridge: Cambridge University Press, 2000), p. 32.

7 A well-documented estimate of 69 million is found in “Indigenous Peoples of the Americas,” Wikipedia, https://en.wikipedia.org/wiki/Indigenous_peoples_of_the_Americas. An estimate of about 40 million Indigenous people in the Western Hemisphere today is found in Roger Noriega, “Indigenous Advancement in the Americas, U.S. Department of State Archive, (October 7, 2004), https://2001 - 2009.state.gov/p/ wha/rls/rm/37116.htm. However, this is a significant undercount.

8 The Census Bureau reports about 6.7 American Indians and Alaska Natives, of whom 2.7 indicate they have multiracial ancestry. See U.S. Census Bureau, “Facts for Features: American Indian and Alaska Heritage Month: November 2017,” (October 6, 2017), https://www.census.gov/newsroom/facts-for-features/2017/aian - month. html. As Thornton has remarked regarding recent censuses, part of the increase in the number of people identifying as American Indians and Alaska Natives derives from the Census Bureau’s reliance on self-identification since 1960,



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

and part of the increase derives from “changing racial definitions from one census to another.” See Thornton, “Population of Native North Americans,” pp. 31-32. In addition, today there are about 560,000 Native Hawaiians, of whom 62% indicate they have multiracial ancestry. See Sara Kehaulani Goo, “After 200 Years, Native Hawaiians Make a Comeback,” Pew Research Center, Fact Tank, (April 6, 2015), http://www.pewresearch.org/fact - tank/2015/04/ 06/native - hawaiian-population/.

9 Paul Rivet, “Langues Américaines,” in Les Langues du Monde, Vol. 16, ed. Antonie Meillet and Marcel Cohen, (Paris: Société de Linguistique de Paris, 1924), pp. 597 - 712, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 23.

10 Karl Sapper, “Die Zahl und die Volksdichte der Indianischen Bevölkerung in Amerika vor de Conquista und in der Gegenwart,” in Proceedings of the Twentyfirst International Congress of Americanists, First Part, The Hague, (Leiden: E. J. Brill, 1924), pp. 95-104, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 23.

11 Paul Rivet, G. Stresser Péan, and Č. Loukotka, “Langues de l’Amerique,” in Les Langues du Mondei, ed. Antoine Millet and Marcel Cohen, (Paris: Centre National de la Recherche Scientifique), pp. 941 - 1160; and Karl Sapper, “Beitraege zur Frage der Volkszal und Volksdichte de Vorkolumbischen Indianerbevoelkerung,” in Reséna y Trabajos Cienticos del XXVI Congreso Internacional de Americanistas, Sevila, (Madrid: S. Aquirre, 1948), both cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 23.

12 Alfred L. Kroeber, “Cultural and Natural Areas of Native North America, “University of California Publications in American Archaeology and Ethnology, 38, (1939), pp. 1 - 242, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 23.

13 Woodrow Borah, “America as Model: The Demographic Impact of European Expansion Upon the Non-European World,” in Acts y Memorias , Vol. 3 of XXXV Congreso Internacional de Americanistas, México, (México, D. F.: Editorial Libros de México, 1964), pp. 79 - 87, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 23.

14 Henry F. Dobyns, “Estimating Aboriginal American Population: An Appraisal of Techniques with a New Hemisphere Estimate,” Current Anthropology, 7, (1966), pp. 395 - 416, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, pp. 22 - 23.

15 William Denevan, The Native Population of the Americas in 1492, (Madison: University of Wisconsin Press, 1976), pp. 289 - 292, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 23.

16 Thornton, American Indian Holocaust and Survival, pp. 25, 42.

17 Henry F. Dobyns, “Reassessing New World Populations at the Time of Contact,” Paper Presented at Institute for Early Contact Studies, University of Florida, Gainesville, (April 1988), cited in Stannard, p. 342, Note 23.

18 Stannard, pp. 11, 151, 268.

19 James Mooney, “Population,” in Handbook of American Indians North of Mexico, Vol. 2, ed. Frederick W. Hodge, Smithsonian Institution, Bureau of American Ethnology Bulletin No. 30, (Washington, D.C.: 1910), pp. 286 - 287 and “The Aboriginal Population of America North of Mexico,” in Smithsonian Miscellaneous Collections, Vol. 80, (1928), pp. 1 - 40, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 26.

20 Kroeber (1939), cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 26.

21 Douglas Ubelaker, “Prehistoric New World Population Size: Historical Review and Current Appraisal of North American Estimates,” American Journal of Physical Anthropology, 45, pp. 661 - 666, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 29.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

22 Russell Thornton and Joan Marsh-Thornton, “Estimating Prehistoric American Indian Population Size for United States Area: Implications of the Nineteenth Century Population Decline and Nadir,” American Journal of Physical Anthropology, 55, (1981), pp. 47 - 53, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival, pp. 26 - 29.
23 Thornton, American Indian Holocaust and Survival, pp. 29 - 32, 43.
24 Ibid., pp. 32, 42.
25 Stannard, p. 11.
26 Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 15.
27 Ibid.
28 Ibid., p. 28.
29 Ibid., p. 30.
30 Ibid., pp. 30 - 31.
31 Ibid., p. 31.
32 James Wilson, The Earth Shall Weep: A History of Native America, (New York: Grove Press, 1998), p. 20.
33 See, for example, Gunter Lowy, “Were American Indians the Victims of Genocide?” Commentary, (September 1, 2004), at https://www.commentarymagazine.com/articles/were-american-indians-the-victims-of-genocide/; and Michael Medved, The 10 Big Lies about America: Combatting Destructive Distortions about Our Nation, (New York: Three Rivers Press, 2008), pp. 11 - 45.
34 Stannard, p. xii.
35 Ibid.
36 Henry F. Dobyns, Their Number Become Thinned: Native American Population Dynamics in Eastern North America, (Knoxville: University of Tennessee Press, 1983), p.24, cited in Thornton, American Indian Holocaust and Survival pp. 44 - 45.
37 Thornton, American Indian Holocaust and Survival, Chapters 3 - 5, and “Population of Native North Americans,” pp. 14 - 30.
38 Thornton, “Population of Native North Americans,” p. 22.
39 Clark Spencer Larsen, “In the Wake of Columbus: Native Population Biology in the Post - Contact Americas, Yearbook of Physical Anthropology, 37, (1994), p. 110, cited in Thornton, “Population of Native North Americans,” p. 22.
40 Cary Meister, “Demographic Consequences of Euro-American Contact on Selected American Indian Populations and Their Relationship to the Demographic Transition,” Ethnohistory, 23, (1976), p. 165, cited in Thornton, “Population of Native North Americans,” p. 22.
41 Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p.16.
42 Stannard, p. x. Stannard estimates the population of Hispaniola at about eight million, but even if Las Casas’ lower estimate was correct, the scale of the tragedy is staggering.
43 This was the estimate of Las Casas. William Denevan, “The Pristine Myth: The Landscape of the Americas in 1492,” Canadian Environmental History: Essential Readings, ed. David Freeland Duke, (Toronto: Canadian Scholars Press, 2006), p. 94. See also Stannard, pp. 81 - 87.
44 See, for example, Charles Walker, The Tupac Amaru Rebellion, (Cambridge, MA: Harvard University Press, 2014).



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

45 Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 49.
46 Ibid.
47 Ibid., pp. 50 - 51. See also pp. 51, 113 - 122.
48 Ibid.
49 Ibid., pp. 51 - 54, 123 - 131.
50 Ibid., p. 51.
51 Ibid., pp. 53 - 54, 124; and Larsen, p. 110, cited in Thornton, "Population of Native North Americans," p. 22.
Counting the Dead 16
52 Stannard, pp. xiii-xiv; Vanessa Barbara, "The Genocide of Brazil's Indians," New York Times, (May 29, 2017), https://www.nytimes.com/2017/05/29/opinion/the-genocide-of-brazils- indians.html; Rogelio Saentz, "A New Book Targets Racism—in Mexico," San Antonio Express News, (November 19, 2016), http:www.mysanantonio.com/opinion/commentary/article/A-new-book-targets-deadly-racism-in-Mexico-10624239.php; and Duncan Green and Sue Branford, Faces of Latin America, Fourth Edition, (New York: Monthly Review, 2013), p. 164.
53 See, for example, David Grann, Killers of the Flower Moon: The Osage Murders and the Birth of the F.B.I., (New York: Random House, 2017); and Michael Parenti, Democracy for the Few, Ninth Edition, (Boston: Wadsworth, 2011), p. 127.
54 A. J. Vicens, "Native Americans Get Shot by Cops at an Astonishing Rate," Mother Jones, (July 15, 2015), http://www.motherjones.com/politics/2015/07/native-americans-getting-shot-police; Stephanie Woodard, "The Police Killings No One is Talking About," In These Times, (October 17, 2016), http://inthesetimes.com/features/native_american_ police_killings_native_lives_matter.html; and Elise Hansen, "The Forgotten Minority in Police Shootings," CNN, (November 13, 2017), http://www.cnn.com/2017/11/10/us/native-lives-matter/index.html.
55 United Nations Secretariat of the Permanent Forum on Indigenous Issues, State of the World's Indigenous Peoples, (New York, 2009), pp. 22, 25 - 28, 164, 168, 170, and 227, http://www.un.org/esa/socdev/unpfii/documents/SOWIP/en/SOWIP_web.pdf,); and Vanessa Ho, "Native American Death Rates Soar as Most People Are Living Longer," Seattle Post-Intelligencer, (March 11, 2009), http://www.seattlepi.com/local/article/Native-American-death-rates-soar-as-most-people-1302192.php.
56 The concept of excess deaths was popularized by the U.S. Health and Human Services Department, Report of the Secretary's Task Force on Black and Minority Health, Vol. 1, (Washington, D.C.: Government Printing Office, 1985), pp. 62 - 85, https://www.cms.gov/About-CMS/Agency-Information/OMH/OMH-HecklerReport.html. The Report defined excess deaths as "the difference between the number of deaths actually observed in a minority group and the number of deaths that would have occurred in that group if it experienced the same death rates for each age and sex as the white population." p. 63. The Report found that 25% of the annual Native American and Alaska Native deaths before the age of 70 in the U.S. were excess deaths in 1979 - 1981. This equated to 1653 excess Indigenous deaths during each of those years. pp. 79 - 80. This rate of excess deaths was likely much lower than before the 1950s and 1960s, when some improvement in Indigenous people's health began. However, some of this improvement has been reversed in recent decades, and in 1999 - 2009 almost 50% of Indigenous deaths were excess deaths. See "American Indian and Alaska Native Death Rates Nearly 50% Greater Than Those of Non-Hispanic Whites," Centers for Disease Control and Prevention, (April 22, 2014), http://www.cdc.gov/media/releases/2014/p0422-natamerican-deathrate. html.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

57 Stannard, p. 151.
58 Ward Churchill, A Little Matter of Genocide: Holocaust and Denial in the Americas, 1492 to the Present, (San Francisco: City Lights Books, 1997), p. 1.
59 Thornton, American Indian Holocaust and Survival, p. 43.
60 Russell Thornton, Personal Communication with the Author, (December 4, 2015).
61 David A. Swanson, "A New Estimate of the Hawaiian Population for 1778, the Year of First European Contact," paper presented at University of Hawaii, February 2015, cited in Goo.
62 David A. Swanson, Personal Communication with the Author, (March 27, 2016).
63 Thornton has confirmed that a 2.5 multiplier can be used for calculating the total number of Indigenous deaths attributable to colonialism. Thornton, Personal Communication with the Author, (December 6, 2015).
64 Maria DaSilva - Gordon, Puerto Rico: Past and Present, (New York: Rosen Publishing Group, 2011), p. 16.
65 Relatively few Indigenous people died in combat against U.S. forces since 1900, but Indigenous deaths in U.S. wars abroad exceed 1300. See Thomas A. Britten, "Native American Soldiers in World War I," in The Routledge Handbook of American Military and Diplomatic History: From 1865 to the Present, Edited by Antonio S. Thompson and Christos G. Frentzos, (New York: Routledge, 2013), p. 88; Alison R. Bernstein, American Indians and World War II: Toward a New Era in Indian Affairs, (Norman: University of Oklahoma Press, 1991), p. 61; and Nese F. DeBruyne, Congressional Research Service, American War and Military Operations Casualties: Lists and Statistics, (April 26, 2017), pp. 5 and 12, https://fas.org/sgp/crs/natsec/RL32492.pdf. Scores more died in the murders of the Osage people in Oklahoma in the 1920s and the political repression of the 1970s. See Grann; and Parenti, p. 127. Hansen notes that about 22 Indigenous people were killed by police in 2016. A conservative "ballpark" estimate of ten Indigenous deaths at the hands of police each year since 1900 suggests about 1200 deaths. The total number of Indigenous deaths from war, racist violence, and repression appears to be more than 2500.
66 The limited statistical information on Indigenous births, deaths, and mortality for much of the twentieth century is discussed in Nancy Shoemaker, America Indian Population Recovery in the Twentieth Century, (Albuquerque: University of New Mexico Press, 1999), p. 8. However, even a conservative "ballpark" estimate of approximately 1600 annual excess deaths, a smaller number than reported in 1979 - 1981, would indicate a loss of approximately 189,000 lives since 1900. In addition, the U.S. Census Bureau reported a decline of about 21,000 in the Indigenous population between 1910 and 1920, likely in part the result of the 1918 - 1919 influenza pandemic. See Shoemaker, p. 4. If half of this 21,000 population decline and the more than 2500 violent deaths noted above are added to the estimate of excess deaths, a rough total estimate of Indigenous deaths attributable to the legacy of colonialism and institutionalized racism since 1900 exceeds 200,000.
67 Thornton has confirmed that a 2.5 multiplier is appropriate for estimating the total loss of Indigenous life in the Western Hemisphere between 1492 and 1900. Personal Communication with the Author, (December 6, 2015).
68 At least several hundred thousand Indigenous people have suffered violent deaths in countries south of the U.S. since 1900. See Stannard, pp. xiii-xiv; Barbara; Saenz; and Green and Branford, p. 164. In addition, the number of excess Indigenous deaths in Central America and South America since 1900 is likely significantly larger than in the U.S.

سەرچاوە: ئینتەرنێت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

Counting the Dead: Estimating the Loss of Life in
The Indigenous Holocaust, 1492 - Present
David Michael Smith
University of Houston - Downtown

٦ی جانێوێری ٢٠٢٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٣ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٤ی زایینی

---





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com